دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە




**پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری»**
**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،**
**بە بۆنەی جێژنی «خاوەنکار»**

جێژنی خاوەنکار پیرۆز بێت.
بە بۆنەی جێژنی خاوەنکارەوە پیرۆزبایی لە خوشک و براکانمان لە پەیڕەوانی ئایینی یاری دەکەین و هیواداریین ڕۆژانی ئەو جێژنە و هەموو ڕۆژانی ژیانیان بە خۆشی و شادی تێپەڕ بێت.
هەموو ڕۆژتان جێژن و جێژنتان پیرۆز.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لێپرسراوی گشتی
مستەفا هیجری
٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی


ژمارە ٨١١، یەکشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢١
www.kurdistanmedia.com



دیمانەی تیشک تیڤی ٤



دوکتور شەرەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ ٦



دەستبەسەر کردنی بەکۆمەڵی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# وشکاڕۆیی ژیان و هەرەسی خاک



کاتێک وەکوو هەمیشە، گۆپاڵ بەدەستانی چەواشەکار ویستیان دروشم بدەن و وادەری بخەن کە کۆبوونەوەکە بۆ ناڕەزایەتی بە وشکەساڵی بووە و لەوێدا بە پێداهەڵگوتن بە وەلیی فەقیهـ، بڵێن هەموو ئەم خەڵکە وێڕای دژواریی ژیان، هەر گوێڕایەڵی ویلایەتی فەقیهن، بەڵام خەڵکی ئامادەی کۆڕەکە بە فیتوو لێدان و هەراکردن، دەنگی چەواشەکارییان بڕی و ڕووی وەلیی فەقیهیان ڕەشتر کرد.

ڕۆژی هەینی، ٢٨ی خەزەڵوەر هەزاران کەس لە خەڵکی شاری ئیسفەهان هاتبوونە نێو کۆبوونەوەی جووتیارە ناڕازییەکان و پشتیوانییان لەو ناڕەزاییەی وەرزێر و جووتیارەکانی ئیسفەهان دەربڕی. لەوێدا چەندین دروشمیان بۆ هاواری ناڕەزاییان و زۆر دروشمیان بە دژی سیستمی ویلایەتی فەقیهی بەرز کردەوە.

ناڕەزایی جووتیار و وەرزێرەکانی ئیسفەهان بەنیسبەت وشکبوونی چۆمی زایەندەڕوود بوو کە لەگەڵ وشکبوونی چۆمەکە، سەرچاوەکانی ژیانی خەڵکیش وشک بووە و دار و باخ و زەوی و زاریان لە نێو چووە و ئاژەڵدارییەکەیان بەتەواوی وێران بووە. ژیانی چەندین میلیۆن کەس لە نێوەڕاستی ئێران لەسەر چۆمی زایندەرووده و ئەم چۆمە بە تێپەڕینی لە شاری ئیسفەهاندا ببووە هۆی گەشانەوەی لەرادەبەدەری ئیسفەهان و چەندین کارگا و شوێنی پیشەیی گەورەشیان لە سەر ڕێی چۆمەکە دامەزراندبوو و ساڵانێکی زۆرە میلیۆنان دۆلار داهاتی بۆ نێوەڕاستی ئێران و بە میلیاردیش گەندەڵیی بۆ ڕێبەری ڕێژیم و سپای پاسداران و باندە جۆربەجۆرەکانی ڕێژیم هەبووە.

لە پێناوی گەیاندنی ئاو بە پرۆژەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمدا، ئاوی چەندین شوێن لە کوردستان و لوڕستانیان گێڕایەوە و چەندین ناوچەی ئەحوازیان وشک کرد تاکوو بەشکوو ئاو لە زانیدەڕوود بەردەوام بێ، بەڵام پرۆژە گەندەڵکارانەکانی باندە هەمەڕەنگەکانی ڕێژیم بە ڕادەیەک فراوان و بەڕادەیەک نەزانانە بوون کە بە گوتەی خودی بەرپرسانی ڕێژیم، مودیریەتی هەڵەی ئاو وێرانیی لێ کەوتۆتەوە و ئیدی نەک ئاوەکان وشک دەبن و چۆمەکان دەبنە کەویر، بەڵکوو ناوچەکانی نێوەڕاستی ئێران بەتەواوی تووشی داتەپینی خاک دەبن و هەرەسهێنانی جوغرافیایی دوورەدیمەنی داهاتووی نێوەڕاستی ئێرانە.

گرفتی سەرەکی لە ئیسفەهان ئەوە نییە کە بە هۆی وشکەساڵییەوە ئاوی چۆمەکە کەمی کردبێ. هەروەک ڕۆژنامەکانی ڕێژیم وەکوو ڕۆژنامەی جمهوری ئیسلامی وای ئیدیعا کردووە کە جووتیارەکانی ئیسفەهان بۆیە ناڕەزایی دەردەبڕن تاکوو لەم وشکەساڵییەدا دەوڵەت قەرەبوویان بکاتەوە! لە کاتێکدا ئەمە ڕێک بە لاڕێدا بردنی بابەتەکەیە و گرفتی سەرەکی وشکەساڵی نییە. چوونکە لە وشکەساڵیدا بە هۆی کەم بارانییەوە ساڵێک ئاوی چۆمێک کەم دەکا و لە بەهاری ساڵی داهاتوودا دووبارە کانیاو و چۆمەکان دەژیێنەوە، بەڵکوو گرفتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە سەرچاوەی ژیان لە ئێراندا وشک کراوە.

ڕاپۆرتی ناوەندەکانی نێو ئێران دەری دەخەن کە بە هۆی سیاسەتی پڕ لە هەڵە و نەزانانەی ڕێژیمەوە نەک تەنیا وشکبوونی چۆمەکان بەڵکوو وشکبوونی ئاوی ژێرزەوینی لە ئێران بەتەواوی پەرەی سەندووە و ئێستە ئیدی ئێران لە سەر خاکێکی لە ژێرەوە بۆش ڕاوەستاوە کە بەرەبەرە بە وشکبوونی خاکەکە دادەتەپێ و هەرەس دێنێ و جوغرافیای ئێرانی ژێر دەستی کۆلۆنیالیزمی ویلایەتی فەقیهی، جوغرافیایەکی کەلاوە دەبێ.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە ئێران بڵاو دەبنەوە، لە چەند ساڵی داهاتوودا نێوەڕاستی ئێران بۆ ژیان نابێ و ئیمکانی مانەوە و دەرەتانی ژیانی لێ دەبڕدرێ و بە میلیۆنان کەس بەرەو زاگرۆس و پشتەوەی ئەلبۆرز کۆچ دەکەن!

قەیرانی بەردەوامی ئاو کە لە قەیرانیش تێپەڕیوە و بۆتە نەهامەتیی گەورەی بێئاوی لە ئێراندا، بە هۆی سیاسەتە نادروستەکانی ڕێژیمەوە دروست بووە کە لە باتی شێوازی زانستی و دروستی کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکانی ئاو، بەردەوام دەربەند و بەنداوی گەورەی دروست کردووە تاکوو بەرپرسەکان لە ژێر ناوی بەنداوسازیدا میلیاردها سامانی ئەم وڵاتە بە گەندەڵی و دزی بە تاڵان ببەن و لە لایەکی دیکەوە بە دەسکاریکردنی ڕێڕەوی چۆمەکان ناوچەکەی وشک کردووە.

سەدان هەزای هێکتار زەوی لە کوردستان و ئەحواز و لوڕستان و ... وێران کراون تەنیا لەبەر ئەوەی ڕێژیم ویستوویە ڕێگوزەری چۆمەکان بگۆڕی و ئاو ببا بۆ ناوچە فارسنشینەکان. ئەم سیاسەتە هەڵەیەش دوای چەند دەیە ئاکامەکەی نیشان دا و هەم چۆمەکان وشک بوون و هەم سەدان هەزار هێکتار خاک لە نێو چوون و هەم ئاوی ژێرزەوی بە بێ سنوور بۆ کشتوکاڵ دەرهێنرا و بەفیڕۆ درا و هەم خاکی ناوچە فارسنشینەکان بوو بە دەشتێکی جێگرتوو لەسەر بۆشایی و ئێستە ئیدی بەرەبەرە دادەتەپێ و هەرەس دێنێ.

خۆپیشانەدانی چەند مانگ پێشی خەڵکی ناوچەکانی ئەحواز هەرچەند بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین بە نیسبەت بێ ئاوی دەستیان پێ کرد، بەڵام بوون بە خۆپیشاندان دژی ڕێژیم. کۆبوونەوەی ناڕەزایی ئیسفەهانیش بەمەبەستی ناڕەزایی بەنیسبەت دۆخی ئاو دەستی پێ کرد و لە ١٧ی خەزەڵوەرەوە جووتیاران لە پەنا پردی بەناوبانگی ئیسفەهان و لەسەر زەویی وشکی زایندەڕوود کۆبوونەوە و چەندین ڕۆژە درێژەی هەیە، ئەم کۆبوونەوەش دەبێتە کۆبوونەوەی دژی ڕێژیم.

دیوی ڕاستەقینەی هەموو ڕووداوەکان لە ئێراندا ئەوەیە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکان دەردەخەنەوە.

بەپێچەوانەی ڕۆژنامەکانی ڕێژیم کە وایان نیشان داوە کە وشکەساڵی هۆکاری وشکبوونی چۆمەکە بێ، نە تەنیا وەها نییە بەڵکوو خەڵک دەزانن کە تەنانەت وشکەساڵیش بەهۆی ڕێژیمەوە ئازاری زۆرترە لەسەریان. کۆرۆنا و نەخۆشی و پەتای جۆربەجۆر کەم نەبوون، وشک بوونی سەرچاوەی ژیان و داتەپینی خاک و هەرەسهێنانی هیوا بە داهاتووشی هاتە سەر و هەر هەموویان لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕێژیم وسەرەرۆییەکانی خامنەیی و سوپای پاسداران بووە. تەنانەت هەندێ جار گەر ڕاستەوخۆ ئەوان هۆکاری ڕوودانی ئەو گرفتانە نەبن، سیاسەتە چەوتەکانیان گرفتەکانی کردووە بە قەیران و لە ئێستەدا نەهامەتیی زۆرتری لێ کەوتۆتەوە.

بە واتایکی تر کاتێک لە کۆڕی ناڕەزاییەکانی ئیسفەهاندا خەڵک هەرا دەکەن و بە فیتوو مۆرەکەی ڕێژیم ڕیسوا دەکەن، لەوێداو بەو کارە، وا دەڵێن کە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی ئێران ناتوانێ چیدی خۆڵی خاکی وشکبووی سینگی زایندەڕوود لە چاوی خەڵک بکا! خامنەیی و ڕێژیمەکەی هۆکاری هەموو نەهامتییەکانی خەڵکن.

پەیڤ

## شینی بۆش

**کەریم پەرویزی**

ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان لە کاتی بەتاڵبوونەوەی سێحری بیری دژەمرۆیی و دواکەوتووانەکەیاندا پەنا بۆ زۆر کردەوەی سەیر و سەمەرە دەبەن کە تەنیا و تەنیا دەبێتە هۆی سووکبوونی زیاتری خۆیان و گاڵتەجاڕی بە بیرۆکە و ئیدئۆلۆژییەکەیان.

ڕێژیمی خومەینی لە سەر ئەساسی چەواشەکردنی مێژوو و بە فۆرمی هەیئەتەکانی عەزاداری و نەوحەخوێنی بیچمی گرتووە و تەواوی پێکهاتەکەی لە شکڵی هەیئەتێکی شینگێڕیدا چەند پاتە دەبێتەوە.

لەم نمایشی شینگێڕیی سەرتاسەرییەدا، وەلیی فەقیە وەکوو ئاخوندی کارگەردانی هەموو نمایشەکە لە سەرەوی مەجلیسەکە دادەنیشێ و میدیا و تیڤیش دەبێتە مێنبەری پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی دەنگوڕەنگی نەوحەخوێنی و شینگێڕی و لەو لاشەوە گۆپاڵبەدەستێکی مێشکپووچەڵ کە سپای پاسداران ڕۆڵەکەی دەگێڕێ، جارجار دەنگێکی نەساز هاوار دەکا تاکوو سەرەڕای فەزای شین و ناڕەحەتی، بەشدارانی نمایشەکە و چاولێکەرانیش بترسێنێ کە نەکا گورزێك لەو خەڵکە بوەشێنێ!

لەم جۆرە نمایشی هەیئەتی شینگێڕییە، هەزاران جاریان دووپات کردووەتەوە و سەرەتا خەڵکی زۆریان پێ وە گریان دەخست، بەڵام دوای دەرکەوتنی درۆکانیان و بەتاڵبوونەوەی سێحری نەوحەکانیان، ئیدی خەڵك نەك گریانی بەو شینگێڕییە نایە بەڵکوو گاڵتەی بە نمایشەکەیان دێ و گریانی بە حاڵی خۆی دێ کە چ کەسانێك حاکمی سامان و وڵاتن و بڕیار لەسەر ژیانیان دەدەن!

هەر کات کۆماری ئیسلامی لە گۆشەیەکەوە تووشی لاوازی و کەموکورتییەك هاتبێ، بەپەلە ئێسك و پرووسکێکی نەدیاری کۆکردوەتەوە و لە تابووتی خستووە و بە نێو شەقام و بازاڕدا گێڕاویە کە گوایە ئەمە پاشماوەی فڵان کەسێکە وا لە بەرەی شەڕ یان لە ڕووداوێکدا کوژراوە و دووبارە پەنای بردۆتەوە بەر نەوحەخوێنی و شینگێڕی تاکوو هەستی خەڵك بجووڵێنێ و بەلاڕێیاندا ببا و بەم شێوازە کەموکورتی و نەهامەتییە دەسکردەکانی خۆی بشارێتەوە.

لەم جۆرە نمایشانە کە پێشتر لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی سەرەخۆشیی «مستەفا هیجری» بۆ کۆچی دوایی «عوسمان ئۆجەلان»



مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا بۆ کۆچی دوایی «عوسمان ئۆجەلان»، سەرەخۆشیی لە بنەماڵەی ناوبراو و هاوسەنگەرانی کرد.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

هەواڵی کۆچی دوایی تێکۆشەر «عوسمان ئۆجەلان» لە ڕۆژی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی، بەرابەر لەگەڵ ١٥ی نوامبری ٢٠٢١ی زایینی لە شاری هەولێر، جێگای داخ و پەژارەمانە.

بەڕێز «عوسمان ئۆجەلان» خەباتکارێکی ڕێگای ئازادیی گەل و نیشتمان بوو و ساڵانێکی زۆر لەو پێناوەدا تێکۆشانی هەبوو، هەر ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی بە ناچاری زێدەکەی بەجێ بهێڵێت و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بێت.

ئێمە وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەمان، سەرەخۆشیی خۆمان بە بنەماڵەی بەڕێز «عوسمان ئۆجەلان» و هاوسەنگەرانی ڕادەگەیەنین و لەو ڕووداوە ماتەمینەدا خۆمان بە بەشدار دەزانین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٦ی نوامبری ٢٠٢١ی زایینی**

# دەورەی ٢٥٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێ هات



پۆلێکی دیکە لە لاوانی پڕهەست و تێکۆشەری کوردستان، پاش تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون.

ڕۆژی شەممە ٢٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی، دەورەی ٢٥٣ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی بەشێک لە کادر، پێشمەرگە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی حیزب لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر بەشداربووانی دەورە بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لە ماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو.

پاشان ‹‹تاهیر مەحموودی›› ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد.

ناوبراو باسی لەوە کرد کە بەڕێوەچوونی ئەم دەورەیە پەیامێکە بۆ ڕێژیمی ئێران کە هەوڵی زۆری دا هێزی پێشمەرگە لەنێو ببات، بەڵام بەدڵنیاییەوە نە سەرکوتوو بوو نە سەرکەتووش دەبێت.

هەروەها ناوبراو لە قسەکانیدا باسێکی لەسەر دۆخی سیاسی و ئابووریی ئێران لە ئاستی نێوخۆ، ناوچەیی و نێونەتەوەیی کرد کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ڕێژیمی ئێران لاواتر دەبێت و ئەمەی بە قازانجی بزووتنەوەی کورد زانی. پاشان لەلایەن ەشداربووانی دەورەوە بە سرودێک ڕێورەسمەکە ڕازێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن ‹‹ئەیووب فەتحوڵلایی›› مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا. لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا پەخشانێک لەلایەن ‹‹ئێحسان ڕەستگار›› پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی دەورەی ٢٥٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لەلایەن ‹‹سروە پوور حوسێنی›› بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا کەسانی سەرکەوتوو لە بەشی سیاسی و نیزامیدا کە پلەی یەکەم هەتا سێهەمیان بەدەست هێنابوو لەلایەن ‹‹ناسر فەتحی›› بەرپرسی بەشی سیاسیی هێزی ١٢٢ خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

ئەو کەسانە بریتی بوون لە «عەلیڕەزا حەنیفی، بەهارە وەیسی و نێعمەت ئەحمەدزادە››. هەروەها «عەلی بایەزیدزادە، کەمەند ئیبراهیمی و سەمیع عەلایی» لە بەشی نەزم و دیسیپلین کەسانی یەکەم هەتا سێهەم بوون و لەلایەن «ئەیووب فەتحوڵلایی» خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا. ڕێوڕەسمەکە بە گۆرانییەک لەلایەن دوو بەشداربووی دەورە بە ناوەکانی ‹‹نێعمەت و سەمیع›› کۆتایی پێهات.

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی شەپۆلێکی نوێ لە دەسبەسەرکردنی خەڵکی کوردستان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دەسبەسەرکردن و گیرانی خەڵکی کوردستان لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە. دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!

ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ!

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

لە پەلامارێکی سەرکوتکەرانەی دامودەزگا ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە کوردستان، بە دەیان کەس دەسبەسەر و ڕاپێچی ناوەندە ئەمنییەتییەکان کران. لە ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوییەوە تا ئێستا ٢٨ کەس لە چالاکانی مەدەنی کە زۆربەیان چالاکی فەرهەنگی و ژینگەپارێزن لە شارەکانی بانە، مەریوان و سەقز لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی پارێزگای سنەوە دەسبەسەر و ڕاپێچی ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانی ڕێژیم لە شاری سنە کراون.

ئەم شەپۆلە نوێیە لە ڕەشبگیریی چالاکانی مەدەنی لە کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە ناوەندە ئەمنییەتییەکان و بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە دوای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی ڕەئیسی، دەرخەر و سەلمێنەری دوژمنایەتیی لەبڕاننەهاتووی ئەم نیزامە لەگەڵ خاک و خەڵکی کوردستانە. دەوڵەتی تازە خۆسەپێن کە لە ئێستادا بە دەیان قەیرانی چارەسەرنەکراوی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێوەندیدار بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی وڵاتی لە ئەستۆیە و لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەکەدا لە هەمیشە گۆشەگیرترە و لەگەڵ ڕق و بێزاریی پەنگخواردووی خەڵکی وڵات بەرەوڕووە، بەم پەلامارەی بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە کوردستان، خەریکە هێزی خۆی بەرانبەر بە خەڵک تاقی دەکاتەوە. غافڵ لەوەیکە دەوڵەتانی پێش ئەو و ئەم ڕێژیمە لە تەواوییەتی خۆیدا زیاتر لە چل ساڵە هێزی سەرکوت و دوژمنایەتیی خۆیان لەسەر خەڵکی کوردستان تاقی دەکەنەوە و جیا لە پەرەسەندنی ڕق و بێزاریی خەڵک و لەسەر پێمانەوەی ئەم نەتەوە مافخوازە بەرهەمێکیان نەچنیوەتەوە.

پەلاماری هێزە سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نیوەی دووەمی خەزەڵوەری ئەمساڵدا لە کاتێکدایە کە دادگایەکی نێونەتەوەیی لە وڵاتی بریتانیا وێڕای ئامادەبوونی سەدان شاهیت و قوربانیی دەستی چاڵە ڕەشەکانی ئەم ڕێژیمە، لێکۆڵینەوە لە جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خۆپیشاندەرانی نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی دەکات. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی ئەم شەپۆلە ڕەشبگیریی چالاکانی مەدەنیی کوردستان، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ و هەروەها کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، بەرانبەر بەم سەرکوتکارییانەی ڕێژیم و چارەنووسی چالاکانی دەسبەسەرکراوی کورد بێ‌هەڵوێست نەبن. هەروەها لەم دەرفەتەدا وێڕای هیواخواستن بۆ بەرەوپێشچوونی کارەکانی دادگای نێونەتەوەیی لەندەن کە بە دادگای ئابان ناسراوە و دەرچوونی بڕیارێکی ئازایانە و دادپەروەرانە، ئاواتەخوازین لە وەها دادگایەکدا ڕاشکاوانە بڕیاردەرانی سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کوردستان دادگایی و بە سزای جینایەتەکانیان بگەن و لە بەرانبەر ئەم جینایەتانەی ڕێژیم بێ هەڵوێست نەبن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٠**
**١٤ی نوامبری ٢٠٢١**

# شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی «حیزبی شیوعیی کوردستان»یان کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی بە سەرپەرەستیی ‹‹مستەفا هیجری›› لێپرسراوی گشتیی حیزب سەردانی «حیزبی شیوعی کوردستان»یان کرد و لەلایەن وەفدێکی حیزبی شیوعی بە سەرپەرەستیی دوکتور «کاوە مەحموود» سکرتێری کۆمیتەی ناوەندییەوە پێشوازییان لێ کرا.

سەرەتای دیدارەکە بەڕێز «هیجری» پیرۆزبایی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی حەوتەمین کۆنگرەی حیزبی شیوعی و دووبارە هەڵبژێردرانەوەی بەڕێز دوکتور کاوە بە سکرتێری حیزبی شیوعی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ بە ئاوات خواستن.


پاشان دوکتور «کاوە مەحموود» وێڕای سپاس لە شاندی حیزبی دێموکرات پەیوەندیی دۆستانەی هەر دوو لایەنی بەرز نرخاند و ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی بە پرەنسیپ ڕۆڵی کاریگەری لە پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستاندا هەبووە و هەیە.

لە دانیشتنەکەدا هەر دوو لایەن دوایین ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ناوچەکە و بە تایبەت لە هەر دوو بەشی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتیان تاوتوێ کرد و پێویستیی یەکگوتاری و یەکڕیزی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیان بە ئەرکێکی هەنووکەیی زانی.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن جەختیان لەسەر پتەوترکردن و بەهێزترکردنەوەی پەیوەندیی دۆستانەی نێوانیان کردەوە.

# دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە





دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە ئەندامێکی حیزبی دێموکرات بە ناوی «داوود ڕەحیمی» دوای دەسبەسەرکردن و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر لە زیندانی ڕێژیمدا وێڕای هاونیشتمانییەک بە ناوی «ئەسعەد ڕامین››، شەهید کراون.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانییانی بەڕێز!

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرەیان ئەستاندووە و دزێوترین شێوەی تێرۆر و تۆقاندن و ڕەشەکوژی لەلایەن دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان لە خۆرهەڵاتی کوردستان درێژەی هەیە.

دامودەزگا دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی ماوەیەک لەمەوبەر ڕایانگەیاندبوو کە کۆمەڵە کەسێکیان بە تۆمەتی پیلانگێڕی دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی نەغەدە دەسبەسەر کردووە. ئاگادار بووین کە لەنێو ئەو کۆمەڵە هاونیشتمانییەدا ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «داوود ڕەحیمی» کە پێشتر پێشمەرگەی حیزب بووە و کوڕی پێشمەرگەی شەهید «ئەبووبەکر ڕەحیمید»ـیە دەسبەسەر و بە ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆرەوە ڕەوانەی زیندانەکانی ڕێژیم کراوە. پاش ماوەی زیاتر لە مانگێک، کاربەدەستانی ڕێژیم لە نەغەدە، بنەماڵەی «شەهید داوود» و هاونیشتمانییەکی تر بە ناوی» ئەسعەد ڕامین»ـیان ئاگادار کردووەتەوە کە کەسەکانتان لە گرتووخانە گیانیان لەدەست داوە. هاوکات پێیان ڕاگەیاندوون کە ڕێگە نادەن پرسە و سەرەخۆشییان بۆ دابنرێت. ڕاگەیاندنی هەواڵی ئەو جینایەتە لەلایەن ڕێژیمەوە لە حاڵێکدایە کە شەپۆلێکی نوێی دەسبەسەرکردنی لاوان و چالاکانی مەدەنی لە سەرتاسەری کوردستان دەستی پێ کردووە. شەهید داوود ڕەحیمی کوڕی شەهید ئەبووبەکر ڕەحیمی، خەڵکی ئاوایی «چەقەڵ مستەفا»ی سەر بە شاری نەغەدە، ١٣٦٥/٠٧/١٤ی هەتاوی لەدایک بووە. ماوەی ٢ ساڵ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و پاشان وەک ئەندامی ڕێکخستنی نێوخۆ لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تێکۆشاوە. هەروەها شەهید ئەسعەد ڕامین کوڕی شەهیدی سەربەرزی ڕێگای ئازادی، کەریم ڕامینە و کە جیا لەوەی ئەندامێکی هەڵسووڕاوی حیزبی دێموکرات بوو هەمیش بۆ ماوەی ساڵێک لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا خزمەتی بە گەل و نیشتمانەکەی کرد. بنەماڵەی شەهید داوود وەک هەموو هاونیشتمانییەکی نەتەوەپەروەر بە بەردەوامی لەژێر گوشاری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمدا بوون کە بنەماڵەی «ئەسعەد ڕامین»ـیش یەکێک لەو بنەماڵانە بوون.

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی «شەهید داوود ڕەحیمی» و دڵسۆزی گەل و نیشتمان «ئەسعەد ڕامین»، دڵنیایی دەداتە خەڵکی کوردستان کە خەبات و تێکۆشان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی شەهید داوود و سەرجەم شەهیدانی کوردستان بەردەوامە و سەربەستی و ئازادی خەڵاتی خەڵکی کوردستانە.

**نەمان و سەرشۆڕی بۆ ڕێژیمی جینایەتکار و دژەگەلی کۆماری ئیسلامیی ئێران**
**سەرکەوێ بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی**
**١٦ی نوامبری ٢٠٢١ی زائینی**

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بۆ کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نامەی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان کرد و لەو پەیامەدا، هەلومەرجی کوردستان و قەیرانەکانی ئێرانی شی کردووەتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی خەزەڵوەر، ٤١مین کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان لە شاری «گوتنبێرگ» دەستی پێ کرد.

پێشتر «ستێفان لوێڤن» سەرۆکوەزیرانی سوئید و ڕێبەری سوسیال دێموکراتەکان ڕایگەیاند کە هەم وەک بەرپرسی سوسیال دێموکراتەکان و هەم وەک سەرۆکوەزیران دەست لەکار دەکێشێتەوە. ناوبراو دواتر وەک جێگری «ماگدالێنا ئاندرسۆن» کە وەزیری ئابووری لە کابینەی «لوێڤن» بوو، دەستنیشان کرا. ڕێکەوتی١٣ی خەزەڵوەر لەو کۆنگرەیەدا «ماگدالێنا ئاندرسۆن» وەک بەرپرسی سوسیال دێموکراتەکان هەڵبژێردرا و لەوە دەچێ تا هەڵبژاردنی داهاتووی سوئید ببێتە یەکەم سەرۆکوەزیری ژن لەو وڵاتەدا. لەم وڵاتەدا دەستاودەستکردنی دەسەڵات زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت و بە بێ کێشە و گرفت سەر دەگرێت، بەپێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. «ستێفان لوێڤن» دوای ١٠ ساڵ لە دەسەڵات جێگای خۆی بە «ماگدالێنا» دا و لەو کۆنگرەیەدا و بە گەرمی پیرۆزبایی گەرمی خۆی ئاراستەی ناوبراو کرد.

ئەمساڵ سوسیال دێموکراتەکان بە بێدەنگی کۆنگرەی خۆیان بەڕێوە برد. بەبێ ئەوەیکە هیچ حیزب و ڕێکخراو و دەوڵەتێک بۆ کۆنگرەکەیان بانگهێشت بکەن. ئەم کۆنگرەیە لە ١٢هەتا ١٦ی خەزەڵوەر درێژەی دەبێت. هۆکاری بانگهێشتنەکردنی وڵاتان و حیزبەکان بۆ ئەو کۆنگرەیە یەکەم کێشەی کۆڤید ١٩ و دووەمیش قەیرانی سوسیال دێموکراتەکان بووە. هاوکات کێشەی دیکە وەک: «مافیابازی و تاقم و ئیسلامی سیاسی» بۆیان بووەتە گرفت کە خەڵکی سوئید لە دەسەڵاتدارییان وەڕەز بوونە و هەر بۆیە لە بواری ئاسایشەوە سوئید بەرەو ئاڵۆزی دەچێت. ئەو دۆخە وای کردووە کە حیزبی «ڕاسیستی دێموکراتەکان»ـی سوئید خەریکە دەنگی زۆرینە دەهێننەوە و ڕەنگە لە داهاتوودا دەسەڵات بەدەست بگرن. سێ شاری گەورەی سوئید وەک «ستۆکهۆڵم، ماڵمۆ و گوتنبێرگ» ڕۆژ و شەو نییە کوشتنی تێدا ئەنجام نەدرێت. هەر بۆیە دەسەڵاتی «لوێڤن» لەو ١٠ ساڵەی دواییدا زۆر لەسەر مافیابازی کاریگەری و کۆنترۆڵی لەدەست دا تا بووە هۆی ئەوەی «لوێڤن» لە دەسەڵات دەست بکێشێتەوە.

لەو نێوانەدا حیزبی دێموکرات نامەی پیرۆزبایی ئاراستەی کۆنگرەی سوسیال دێموکراتەکان کردووە و لەو پەیامەدا هەلومەرجی کوردستان و قەیرانەکانی ئێرانیان شی کردووەتەوە.

سەرۆکی گشتیی سوسیال دێموکراتەکان لە سوئید ناوی «ئێڤا ماگدالێنا ئاندرسۆن» (Eva Magdalena Andersson) و لەدایکبووی شاری «ئۆپسالا»یە.

ناوبراو لە زانکۆی بازرگانی شاری «ستۆکهۆڵم» کارناسیی باڵای لە بواری ئابووری وەرگرتووە و ساڵێکیش لە زانکۆی «هارڤارد»ی ئامریکا ئابووریی خوێندووە.

لە ساڵی ٢٠١٤ هەتا ١٣ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی وەزیری ئابووری بووە و لە ١٣ی خەزەڵوەر وەک سەرۆکی نوێی سوسیال دێموکراتەکان هەڵبژێردرا.

# پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی گرتنی دوازدەهەمین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پیرۆزبایی دوازدەهەمین کۆنگرەی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریەی (الپارتی) کرد و لەسەر پەیوەندیی دۆستانە و نیشتمانیی ئەو پارتە جەختی کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

بەڕێزان ئەندامانی سەرکردایەتی!

بەڕێزان ئەندامانی تێکۆشەری کۆنگرە!

بە ناوی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لێپرسراوی گشتیی حیزب کاک «مستەفا هیجری»یەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گرتنی دوازدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان لێ دەکەین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە ئەم پیرۆزباییە پێشکەش بە جەماوەری حیزبەکەتان لە ڕۆژاوای کوردستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

هەڤاڵانی هێژا! ئێوە لە هەلومەرجێکدا دوازدەهەمین کۆنگرەی پارتەکەتان دەگرن کە ڕۆژاوای کوردستان بە دۆخێکی سیاسیی هەستیاردا تێدەپەڕێت و پرسی کورد و خەبات و بەرخۆدانی ڕۆڵەکانی کورد لەو بەشەی کوردستان بە فیداکاری و خوێن و خەباتی کوڕان و کچان و نیشتمانپەروەرانی کورد مێژوویەکی پڕ لە حەماسە و سەروەریی بۆ گەلی کورد تۆمار کردووە و بە پێشکەشکردنی گیانی پاکی هەزاران شەڕڤانی ئەو نیشتمانە چ لە بەرگری لە خاکی کوردستان و پاراستنی دەستکەوتەکانی و چ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی داگیرکار و تێرۆریستی داعش و تاقمەکانی دیکە توانا و لێهاتوویی خۆتان بۆ ڕای گشتی سەلماندووە.

هەر ئەو بەرگرییە مێژووییە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە بایەخەوە وەرگیراوە و بووەتە بناغەیەک بۆ پشتیوانیی نێودەوڵەتی لە پرسی ڕەوای کورد لە کوردستانی سووریە. ئەم دۆخە هەستیارە هەموو تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان ئەرکدار دەکات کە هەست بە بەرپرسیارەتیی زیاتر بکەن بۆ پاراستنی دەستکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکان و بە یەکیەتی و یەکریزی لەگەڵ هەموو پارتە سیاسییەکانی ڕۆژاوای کوردستان، مافە ڕەواکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا دەستەبەر بکەن.

حیزبی دێموکرات بە چاوی هیواوە پرسی کورد بە گشتی و هاونیشتمانییانمان لە ڕۆژاوای کوردستان دەبینێت و پشتیوانیی سیاسیی خۆی لە خەباتە ڕەواکەی ڕادەگەیەنێتەوە و لەسەر پەیوەندیی دۆستانە و نیشتمانیش لەگەڵتان جەخت دەکاتەوە.

**پیرۆز بێت دوازدەهەمین کۆنگرەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان**

# ناوەندی هاوکاری: سیستمی پەروەردە و فێرکردن دەبێ لەژێر ڕکێفی کولتووری شۆڤێنیستی و کۆنەپەرستی و توتالیتاریزمی دەسەڵاتدار لە ئێران دەربهێنرێت

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی نارەزایەتییەکانی مامۆستایان لە ئێران و کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سیستمی پەروەردە و فێرکردن دەبێ لەژێر ڕکێفی کولتووری شۆڤێنیستی و کۆنەپەرستی و توتالیتاریزمی دەسەڵاتدار لە ئێران دەربهێنرێت و ببێتە بناغەی گەشەی تواناکان و پەرەپێدانی کولتوور و شوناسی نەتەوەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانییانی بەڕێز!

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!

بەپێی هەواڵی گەیشتوو، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، مامۆستایان لە ٥٠ شاری کوردستان و ئێران لەهەمبەر پەسەندنەکرانی پرۆژە یاسای پلەبەندی لە مەجلیسی ڕێژیم و بۆ هێنانەگۆڕی داواکارییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە کەموکوڕییەکانی سیستمی پەروەردە و کەرامەت و بژێویی ژیانیان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوە برد.

لەو چالاکییە ئیعترازییەدا مامۆستایان لە بەردەم ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی شارەکانی «کرماشان، سەقز، مەریوان، هەمەدان، خوڕەماوا، ئیسفەهان، تاران و تەوریز و...» کۆ بوونەوە.

لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو سەقز و مەریوان مامۆستایان ڕایانگەیاندووە کە پەروەردەی بەخۆڕایی و ستاندارد مافی هەموو منداڵان و ئەرکێکی بێ ئەملاوئەولای حکوومەتە، هەروەها مامۆستایان لەسەر فێربوون بە زمانی دایکی وەکوو یەکێک لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ جەختیان کردووەتەوە.

بێگومان لە سەردەمی ئەمڕۆدا سیستمی پەروەردە و فێرکردنی مرۆڤتەوەرانە، بنچینەییترین پێداویستیی بەڕێوەبردن و ڕێنوێنیکردنی کۆمەڵگە بەرەو پێشکەوتن و دابینکردنی ژیانی بەختەوەرانە و تەژی لە کەرامەتی مرۆیی بۆ تاک و کۆمەڵگەیە.

لەم نێوانەدا مامۆستایان وەکوو بزوێنەری سەرەکیی ڕەوتی پەروەردە، ئەرکێکی زۆر گرینگیان لەسەر شانە کە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزە پێویستە لە پێش هەموو شتێکدا کەرامەت و ژیانی شایستەی مرۆیی بۆ خۆیان پارێزراو بێت کە ئەوە تەنیا لە سیستمێکی دێموکراتیک و مرۆڤتەوەر دەوەشێتەوە کە بناغەی پەروەردەی خۆی بۆ خزمەت بە مرۆڤ دامەزراندبێت نەک بۆ خزمەت بە ئیدئۆلۆژی و هێژمونخوازی و خۆسەپاندن و سڕینەوە.

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە مەبەست لە بنیاتنانی سیستمی پەروەردەی ئێران لە سەرەتاشەوە پێگەیاندنی مرۆڤی بەختەوەر و ئازاد و شایی بەخۆ نەبووە، بەڵکوو ئەرکی سەرەکیی ئەو سیستمە یەکچەشنکردن و تواندنەوە و سڕینەوەی شوناسە جیاوازەکان و سەپاندنی شوناسێکی فەرمی بەسەر هەمووواندا بوو و ڕێژیمی ئیسلامی وەک درێژەدەری ئەو سیستمە، تایبەتمەندیی بناژۆخوازیی ئایینیشی بە ئەرکە پێسپێردراوەکانی سیستمی پەروەردە زیاد کردووە کە تێیدا نە مامۆستا و نە قوتابی خاوەنی پێگە و مافی خۆیان نین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پاڵپشتی لە داواکارییە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی مامۆستایان، جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە سیستمی پەروەردە و فێرکردن دەبێ لەژێر ڕکێفی کولتووری شۆڤێنیستی و کۆنەپەرستی و توتالیتاریزمی دەسەڵاتدار لە ئێران دەربهێنرێت و ببێتە بناغەی گەشەی تواناکان و پەرەپێدانی کولتوور و شوناسی نەتەوەکان و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران. ئاشکرایە کە وەها پێشکەوتنێک بە بوونی ڕێژیمی ئیسلامی ڕوو نادات و تەنیا لە سێبەری سیستمێکی دێموکراتیک و گەیشتنی گەلانی ئێران بە مافە ڕەواکانیاندایە کە دەکرێت لە دابینبوونی داواکاری و مافە ڕەواکانی مامۆستایان و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی وڵات بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی ڕوون دڵنیا بین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠٠ی هەتاوی**

## بەردەوامیی چەواشەکاری و شەڕە تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم بە دژی حیزبی دێموکرات

کاناڵی هەواڵدەریی دەنگوڕەنگی ڕێژیمی ئێران لە نمایشێکی درۆیین و ساختەدا وەکوو هەمیشە هەوڵ دەدات لە پێگەی بەرزی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بدات. سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەی چلچەمەی دیواندەرە، شوێنێکی هەڵ داوەتەوە و ئیدعای ئەوە دەکات کە ٣٧ ساڵ لەمەوبەر لەو شوێنە ژنێک بە ناوی «فاتمە ئەسەدی» کە هاوسەرەکەی لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە زیندانی کراوە، دوای ئازار و ئەشکەنجە کوژراوە. ئەو هەوڵەی ڕێژیمی ئێران پڕە لە چەواشەکاری و درۆ و تەنیا بۆ زەربەلێدان لە خۆشەویستی و پێگەی بەرزی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. حیزبی دێموکرات لە ڕەوتی خەباتی دەیان ساڵەی خۆیدا سەدان جاش و پاسداری ڕێژیمی ئێرانی بە دیل گرتووە و دواتر ئازادی کردوون. ڕێژیمی ئێران بەردەوام بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و داپۆشینی جینایەتە دژە مرۆییەکانی خۆی دەست بۆ نمایشی ساختەیی لەم چەشنە دەبات.

## درێژەی پەیڤ

شینگێڕی دەچوون و ئێستە بوون بە گاڵتەجاڕی، ساڵانە چەندین نموونە بەڕێوە دەبا و گوایە ئەوە پاشماوەی کوژراوی شەڕی ئێران و عێراق یان کوژراوانی شەڕی دژی داعش یان پارێزەرانی حەرەم بوون! زۆربەی هەرە زۆری ئەو تابووتانەش بەتاڵ بوون! تەنانە بە ڤیدیۆش دەرکەوت کە تابووتەکەی قاسم سولەیمانی کە بردیانەوە بەرەو ئێران، بەتاڵ بوو و هیچی تێدا نەبوو! بۆ ڕێژیمی هەیئەتی شینگێڕی ئەوە گرنگە کە نمایشێکی نەوحەخوێنی وەڕێ بخا و گەندکارییەکانی پێ داپۆشێ.

چەند ڕۆژێکە لە کوردستانیش خەریکی نمایشی پڕ لە گاڵتەن کە گوایە لە چۆڵەوانییەکدا لە نێو دۆڵێکدا لە دیواندەرە، چەند ئێسك و پرووسکیان دۆزیوەتەوە و لە تابووتیان خستووە و وەك ئیدیعا دەکەن هی ژنێکە کە زیاتر لە سی ساڵ پێش ئێستا کوژراوە! ڕەنگە هەر ئەو ژنە بە دەستی خودی پاسدارەکانی ڕێژیم کوژرابێ و تەرمەکەی لەو شوێنە فڕێ درابێ، ئێستە دوای سی ساڵ دەڵێن ئێسکەکەیان هێناوە و لە تابووتیان خستووە و بە دیواندەرە و سنەدا نەوحەی بۆ دەگرن!

تابووتە بەتاڵەکانی ڕێژیم کە دەیانگێڕێ و کەسێکی وەکوو پاشماوەی قاسم سولەیمانیش دێ نومایشەکە گەرمتر بکا، لەڕاستیدا نومایشی بەتاڵبوونەوەیی خودی ڕێژیم و دەرکەوتنی بۆشایی مێشکی گۆپاڵ بەدەستانیانە کە بە دەوری تابووتێکی داپۆشراوی بەتاڵدا، شینی بۆش دەگێڕن و زیاتر لە هەمووکات، دارمانی هەموو ئیدە دواکەوتووانەکانیان و داتەپینی پڕوپاگەندەی بێ نێوەڕۆکیان نمایش دەکەن. شینی بۆشی شینگێڕانی هەیئەتی نەوحەخوێنیی ویلایەتی فەقیهی، بۆشایی مێشکی ئەم ڕێژیمە و دارودەستەکەیان دەسەلمێنێتەوە.

# هەیئەتێکی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی پەیوەندییەکانی حیزبی چەپی سویدی کرد

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «حەمید تەیمووری» بە مەبەستی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری پەیوەندییەکانی حیزبی چەپی سوید «هۆکان سڤێنەلینگ» و سکرتێری ناوبراو بە ناوی «نیلس ستوێبر» سەردانی پارلمانی ئەو وڵاتەیان کرد و لەو چاوپێکەوتنەدا هەلومەرجی حیزبی دێموکرات، کوردستانی ئێران و ئێران بەگشتی و ناوچەکە خرایە بەر باس و لێکدانەوە.

هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەو چاوپێکەوتنەدا داوای لە حیزبی چەپ کرد کە وەک هەمیشە هەڵوێستی جیددییان دژ بە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان هەبێت و پشتیوانی لە خەڵکی کورد بکەن، هەروەها ڕوو لەو حیزبە باسیان لەوە کرد: «چاوەڕوانیی ئێمە لە حیزبی چەپ ئەوەیە کە لەسەر کوردستانی ئێران پرۆژە بنووسن و ڕادەستی پارلمان، دەوڵەت و وەزارەتی دەرەوەی سویدی بکەن و تەنانەت داخوازیی کورد بگەیەننە پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان».

«هۆکان» نوێنەری حیزبی چەپی سوید وتی: «ئێمە هەردەم پشتیوانیمان لە کورد کردووە و ڕەخنەمان لە ڕێژیمی ئێران گرتووە، ئێمە گرووپێکمان هەیە کە لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دانیشتن دەکەن و بەبێ پەردە ڕەخنەی توندی خۆمان ئاراستەیان دەکەین، بەڵام بەداخەوە کەم گوێ دەگرن و هەلومەرجەکەش جارێک هەروایە».

ناوبراو زیادی کرد: «ڕێژیم بەنیازە چەکی ناوکی دروست بکات و ئەمەش شتێک نییە کە وڵاتانی ڕۆژاوایی و ئامریکا بتوانن قەبووڵی بکەن و بە جۆرێک جارێک ڕایانگرتووە و گەمارۆکانیش بەردەوامن. ڕێژیمی ئێران بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوە لە ناوچەدایە و بایەخ بۆ هیچ نەتەوە، ڕێکخراو و حیزبێک دانانێت و ئێمەش ئەوە بە باشی دەزانین».

«هۆکان» دۆخی هەرێمی کوردستان و دەسدرێژییەکانی ئێران و تورکیە بۆ سەر ناوچەکانی باشووری کوردستانی هێنایە بەرباس و وتی کە هەرێمی کوردستان نابێ بەنیسبەت بۆردومانەکانی ئەو وڵاتانە بێدەنگ بێت.

لەو دانیشتنەدا لەسەر سیخوڕیکردنی ڕێژیمی ئێران قسە کرا و ناوبراو وتی: «لە کۆبوونەوەی دەوڵەت پێیان وتووین کە ئێران سیخوڕی زۆری ناردووەتە سوید و دەبێ ئاگادار بین». لەوبارەوە هەیئەتی حیزب باسی لەوە کرد: «ئێمە وەک حیزب ئەزموونمان لەگەڵ تێرۆردا هەیە و هەر لە وڵاتی سوید سێ ئەندامی حیزب تێرۆر کراون. یەکەمیان عیفەت کچی قازی محەممەدە و لە شاری ڤێستروس بەهۆی تەقینەوەی بۆمبەوە کە لە پۆستەکەی بۆیان دانابووەوە شەهید کرا. دووەم، پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی کەریم کە لە شاری نینەسهامن تێرۆر کرا و سێهەمین شەهید کامران هیدایەتی کە بەهۆی تەقینەوەی نامەی بۆمبڕێژکراو لە ماڵەکەیدا نابینا بوو و پاشان شەهید بوو. سەرەڕای ئەوەیکە پۆلیس و ئاسایشی سوید لە تەواوی دۆخەکە ئاگادارە بەڵام بەوپەڕی حورمەتەوە تێرۆریستەکانیان ڕادەستی ڕێژیمی ئێران کردووەتەوە. هەر لەو پەیوەندییەدا دوو کارناسی تێرۆر لە سوید فیلمێکیان لەسەر ئەو تێرۆرانە بەرهەم هێناوە کە لە کاناڵی تی ڤی سویددا پیشان دراوە». هەروەها هەیئەتی حیزب لە دانیشتنەکەیاندا باسیان لەوە کرد کە لە مانگی ٩ و ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا دوو کەس کە یەکێکیان بەرپرسێکی باڵای ڕێژیمی ئێران بووە و لە ئاسایشی سوید کاری کردووە بە تاوانی سیخوڕی بۆ ئێران لەلایەن پۆلیسەوە دەسبەسەر کراوە.

هەروەها ئاماژەیان بە گرتن و محاکمەی «حەمید نووری» لە «ستۆکهۆڵم» کرد و وتیان: «وڵاتی سوید دەبێ لە بەرانبەر پیلانەکانی ڕێژیمی ئێران زۆر وریا بێت. سیخوڕەکان بەردەوام چاویان لەسەر دژبەرەکانی ڕێژیمە، بەتایبەتی ئەندامانی حیزبە کوردیەکان لە سوید».

## چالاکیی تەبلیغی

**شنۆ:** ئەندامانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات چوونەتە سەر گڵکۆی شەهید «محەممەد کورد نژاد» ناسراو بە «محەممەدی عەلی پیرێژن» و بە دانانی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و جامانە و چەکی بەرگری، لەسەر درێژەدانی ڕێبازی شەهیدان جەختیان کردەوە. تێکۆشەرانی دێموکرات لەو چالاکییەدا بە دانانی سێ وێنەی شەهیدان «لوقمان مێهفەر، عوسمان مستەفاپوور و ئاکام دەریایی» ڕێز و وەفای خۆیان بۆ شەهیدانی نوێی گەلەکەمان دووپات کردەوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری شنۆ سەردانی گڵکۆی شەهید «ئیسماعیل مامڵێ»یان کرد و ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو چالاکییەدا بۆ جارێکی دیکە لەگەڵ شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە کە هەتا گەیشتن بە ئامانجی گەل و نیشتمان درێژەدەری ڕێبازی شەهیدان بن.

**بۆکان:** پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان لە ناوچەی «ئەحمەدی کوڕ» بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی بۆ پشتیوانی لە شاخ و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوە چووە بریتین لە: «جادەی گەرەکی میراوای بۆکان تا ئەمیرئاباد، تاراوا، حەمامیان، شەقامی سوارەی ئیلخانیزادە لە حەمامیان و زۆربەی تابلۆکانی ڕێگای گوندەکانی بۆکان و دەوروبەری، گۆڕستانی مێژوویی حەمامیان کە گڵکۆی شاعیری شێعری نوێی کوردی سوارە ئیلخانیزادەی لێیە».

پێشمەرگەکانی شار لەو چالاکییەدا ئامادەیی خۆیان بۆ هەر بڕیارێکی حیزبی دەربڕی. هەروەها پێشمەرگەکانی شار لە ئاوایی «ڕەحیم خان» سەر بە ناوچەی «ئاڵە شینی»ی بۆکان لە سەردانێک بۆ سەر گڵکۆی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان پەیمانیان نوێ کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ هەر چەشنە ئەرکێکی حیزبی دووپات کردەوە.

پێشمەرگەکانی شار لە بۆکان لە چالاکییەکی بەربڵاوی تەبلیغیدا بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی بۆ جاریکتر پشتیوانیی شار لە شاخیان ڕاگەیاندووە و بە سەردانی گڵکۆی شەهیدان پەیمانی وەفادارایان بە ڕێبازی شەهیدان نوێ کردوە.

ئەو شوێنانەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات چالاکییان بەڕێوە بردووە بریتین لە: «تابلۆکانی سەر ڕێگای ئاواییەکانی سێڕێیانی «قەرەکەند تا ئاواییەکانی قۆڵغەتەپە، باغچەی گەورە، سەرباغچە، ئاوایی تەرەغە، کێوی میرقاز، پاشبڵاغ، نۆبار، سەیداوا، عەیزکەند و بەشێک لە ڕێگا سەرەکییەکانی ئاواییەکانی چواردیوار و قادرئاوا و کۆکە».

هەروەها پێشمەرگانی شار لە بۆکان سەردانی گڵکۆی پیرۆزی شەهیدی فەرماندە «محەممەد زەنگەنە» لە ئاوایی «قۆڵغەتەپە» و شەهیدی فەرماندە «مەحموود سولتانی» لە ئاوایی «عەزیزکەند»یان کرد و بە دانانی جامانە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەڵێنیان دا تا وەدیهاتنی ئامانجی پیرۆزی شەهیدانی حیزب وگەڵ دەست لە خەبات هەڵ ناگرن.

**تەنگیسەر:** ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی خەزەڵوەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «تەنگیسەر» سەر بە شاری سنە بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی سەرکوتی خوێناویی خەزەڵوەری ٩٨ لە شاری مەریوان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. لەو چالاکییەدا ڕۆڵەکانی دێموکرات سەردانی گلکۆی شەهیدانی خەزەڵوەری ٩٨یان لە شاری مەریوان کرد و یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز ڕاگرت.

**خوێنەرانی خۆشەویستی «ڕۆژنامەی کوردستان»، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، تەلەفزیۆنی تیشک، دیمانەیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە پرسە ناوچەییەکانی پێوەندیدار بە ئێران و هەروەها کوردستانی ئێران ڕێکخست کە بەهۆی گرینگ بوونی مژارەکە دەقی تەواوی وتووێژەکە دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**




**. لە ماوەکانی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداوی گرینگ لە ئاستی ناوچەیی، پێوەندیدار بە ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتە ئاراوە، یەکێک لەو باسانە کە مشتومڕێکی زۆریشی لێکەوتەوە لە ڕاستیدا بریتی بوو لە ململانێ و جۆرێک لە مشتومڕی نێوان دوو وڵاتی جیران، واتە ئێران و کۆماری ئازەربایجان کە لەو نێوانەدا جۆرێک لە جبهەبەندیش هاتە ئاراوە، بۆ نموونە، تورکیە و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەیی پاڵپشتیی خۆیان لە کۆماری ئازەربایجان دەربڕی، پێتان وایە داهاتووی سیاسەتی دەرەکیی ئێران بەتایبەتی بەنیسبەت وڵاتانی جیرانی خۆی و جیرانە باکوورییەکانی چۆن دەبێت و داهاتووی ئەم ڕەوشە لە چ ئاستێکدا دەبینن؟**

ئەگەر سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە لە بەرچاو بگرین کە واقیعەتەکەشی هەر ئەوەیە و جەوهەرەکەی هەناردەکردنی شۆڕشە، لە هەموو وڵاتەکانی ناوچە، هەر وەک یەک دەچێتە پێشێ بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە لە چ وڵاتێکدا ئاسانتر بۆی دەگونجێ و دەتوانێ بە قەولی خۆیان شۆڕشەکەی هەناردە بکا، لە چ وڵاتێکدا لەگەڵ گرفت و کێشە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، لە ئازەربایجانیشدا هەر عەینی ئەو سیاسەتەی هەیە، هەناردەکردنی شۆڕش بۆ ئازەربایجان، وە لە ئازەربایجان هێندێک خاڵی موسبەتیش بە نەزەری خۆیان دەبینن، یەکەم ئەوە کە تورکەکانی ئازەربایجانی باکوور لە ڕاستیدا، لە بنەڕەتدا ئێرانین، دووهەم لە باری ئاینییەوە زۆربەیان شیعەن، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو چاوە چاو لێ دەکا کە وەکوو بەشێک لە وڵاتەکەی خۆی بێ، بەڵام گرفتێک کە لێرەدا هاتووەتە پێشێ، لە ماوەی ئەو دەیان ساڵەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتووەتە سەر کار، لە نێو تورکەکانی ئێراندا نەوعێک هەستی نەتەوەیی زۆر بەهێزتر بووە لە چاو ساڵانی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا، خودی وڵاتی تورکیە و دەوڵەتی ئازەربایجان، ئەوانیش هێندێک لە پەرەپێدانی ئەو هەستی نەتەوەییە، کار و ئەرکەکانیان بێ باندۆر نەبووە، بۆیە ئێمە لە زۆر جێگا دەبینین، لە مەراسم و بۆنەکاندا کە تورکەکانی ئێران بەنیسبەتی وڵاتەکانی دەرەوە، هەم تورکیە و هەم ئازەربایجان هەست و سۆزێکی تایبەتی نیشان دەدەن، تەنانەت لە هێندێک لە کێبەرکێیەکانی فووتباڵ کە لە تەورێز هاتووەتە پێشێ، بە هەزاران کەس دروشمیان داوە بە پشتیوانی کردن لە تورکەکان، تەنانەت ئاڵای تورکیەیان بەرز کردووەتەوە، وێنەی ئاتاتورکیان بەرز کردووەتەوە، بەتایبەت لەو شەڕەی ئەم کۆتاییانەدا کە هاتە پێشێ لە نێوان ئازەربایجان و ئەرمەنستان، تورکەکانی ئێران، تورکی ئازەربایجانی ئێران، هەم خەڵکەکەی هەم بەشێک لە ئاخوندەکانیان زۆر تەبلیغیان کرد و ئامادەیی خۆیان دەربڕی کە ئیجازەیان بدەن بچن و ئەوانیش بە دیفاع لە هاوزمانەکانی خۆیان لە دژی ئەرمەنستان شەڕ بکەن، ئەوانە گرینگییەکی تایبەتی هەیە بۆ ئێران لەو ڕووەوە کە مەسەلەی هەستی نەتەوەیی بۆ ئێران زۆر زۆر جێگای نیگەرانییە، بەتایبەتی لە هەلومەرجی ئێستادا کە چاو لێ دەکەی ئێران بەنیسبەت وڵاتانی خەلیج کە بەشێک لە سنوورەکانی ئێران دەگرێتەوە، ئەوانە خەریکن لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندییەکی نوێ دادەمەزرێنن و ئەو پێوەندییە خەریکە وردە وردە دەگاتە هاوپەیمانی لە بەشێکی زۆریان، ئەوە کۆماری ئیسلامیی نیگەران کردووە، لە لایەکی دیکەوە ئازەربایجان بەو نزیکایەتییەی کە بە قەولی ئێرانییەکان دەڵێن لەگەڵ ئیسرائیل هەیەتی و ئیسرائیل دەتوانێ لە سەر سنوورەکانی ئازەربایجانی ئێران و وڵاتی ئازەربایجانی باکوور بتوانێ کاریگەریی خۆی لە سەر ئێران دابنێ، ئەوانە هەموویان کۆماری ئیسلامی ئێرانیان زۆر نیگەران کردووە، بۆیە دەبینین سەرکەوتنی ئەوجارەی ئازەربایجان بە سەر ئەرمەنستاندا نیگەرانییەکی زۆر گەورەی بۆ ئێران پێکهێنا و زۆری پێ ناڕەحەت بوون و دەستیان کرد بە هێندێک هەڕەشەکردن و هێندێک مانۆڕدان لە سەر سنوورەکانی ئازەربایجان بۆ ئەوەیکە ناڕەزایەتیی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە دەربڕن، بەو بیانووەی کە لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی هەیە، ئیسرائیل دێتە نزیک سنوورەکانی ئێران و دەستێوەردان دەکا، ئەوە دۆخێکە کە بەینی ئێران و ئازەربایجان دەچێتە پێشێ، بەڵام مەسەلەیکی دیکە هەر لەو پێوەندییەدا پێویستە باسی بکەین ئەویش ئەوەیە کە تورکیە لە واقیعدا زۆر وریاتر و خێرا هاتە نێو مەسەلەی شەڕەکە، پشتیوانییەکی ئاشکرای بە هەموو شێوەیەک لە ئازەربایجان کرد بۆ ئەوەی کە ئەوجار ئەوان شەڕەکە ببەنەوە، لە ڕاستیدا تورکیە بوو بە هۆکاری سەرکەوتنی ئازەربایجان و لێرەدا کۆماری ئیسلامی جێگای خۆی بە خاڵی دەدیت، ئەوانە هەموویان هۆکار بوون، دیارە هۆکاری دیکەش زۆرن کە کۆماری ئیسلامی نیگەرانە، بۆیە ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئازەربایجان پێم وابێ کە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئابووری و بازرگانی و ئەوانە وردە وردە بە تەفاهۆم دەگەن، بەڵام لە باری ستراتێژییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە بە چاوی نیگەرانییەوە چاو لە ئازەربایجان دەکا، دەوڵەتی ئازەربایجانیش بە نیسبەتی ئێرانەوە دڵنیا نییە بۆیە بەستێنی تێکچوونی پێوەندییەکانیان هەر بەردەوامە، بەڵام ناکرێ وای دابنێین کە ئەگەری هەیە کارەکەیان بگات بە شەڕێکی فەرمی لەگەڵ یەکتر، بەڵکوو بە جۆرێک مودارا دەکەن لەگەڵ یەکتری.

**. بەپێی ئەو وتانەی جەنابتان لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام لە چوارچێوەی سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش هەوڵی داوە لەگەڵ دەر و جیرانی خۆی، بەڵام ئەتوانین بڵێین ئاکامی پێچەوانەمان بینیوەتەوە، چونکە ئێستا هەستی نەتەوایەتی لە نێو تورکەکانی ئازەربایجانی ئێران بەهێزترە تاکوو ئەو سیاسەتەی کە ئێران بەدواداچووونی بۆ کردووە لە ماوەی چل و چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ پەرەدان بە هێژموونی و ئیدئۆلۆژی خۆی، یانی ئەم سیاسەتەی کە کۆماری ئیسلامی گرتوویەتیە بەر ئاکامی پۆزەتیڤی بۆی نەبووە بە پێچەوانەکەی، ئەتوانین ئەو ئاکامە وەرگرین؟**

بەڵێ شتێکی زۆر سروشتییە، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باری سیاسەتی دەرەکی هەر وەکوو سیاسەتی ناوخۆیی سیاسەتێکی شکستخواردووی هەبووە، تێچوویەکی زۆری لە سەر داناوە و ئاکامی ناکامییەکانی ئێستا وردە وردە دەردەکەون، ئەوەی کە باسمان کرد لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی تورکی ئازەربایجانی ئێران وە تورکی وڵاتی ئازەربایجان یا ئازەربایجانی باکوور و ئەو زەبروزەنگەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گشتی هەیەتی لە باری ئابووری، لە باری سیاسی لە نێوخۆدا خەڵکی زیاتر لە ڕابردوو نیگەران کردووە و خەڵکی تورکی ئازەربایجانیش هەر بەو شێوە، سەرنج بدەن تورکەکانی ئێران دروشمێکیان هەیە ئێستا لە زۆر بۆنەدا دەیڵێنەوە، دەڵێن : «ئازەربایجان بیر ئوسوون، مەرکەزن تەبریزن ئوسوون»، یانی ئازەربایجان ببێتەوە یەک ، ناوەندەکەشی ببێتە تەورێز، ئەو دروشمە یانی تەورێزیش بلکێ بە ئازەربایجانی باکوورییەوە و لە ئێران جودا بێتەوە، کەوابوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو سیاسەتەی کە گردوویەتیە پێش لە سەرەتاوە هیچ قازانجێکی نەکردووە بەڵکوو ئێستا وردە وردە هەر ئەو خەڵکانەی کە ئەو هەزینەی زۆری لە سەر داون لە وڵاتانی دراوسێ بۆیان دەرکەوتووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستێوەردانەکانی و بەناو یارمەتییەکانی کە بۆ ئەو وڵاتانە دەیکا بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتن، نفووز کردن و پێکهێنانی ئاژاوە و لەبەینبردنی سەقامگیری و ئارامییە لەو وڵاتانەدا، ئازەربایجانیش هەر بەو شێوە بڕوای بە نیسبەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران نەماوە و خەڵکەکەش بەتایبەتی لە شەقامدا ئیدی پشتیوانی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناکەن.

**. یەکێک لەو بابەتە هەرە گرینگانەی کە لانیکەم لە ١٥ ساڵی ڕابردوودا ئەتوانین بڵێین یەکێک لە درێژمەوداترین و پڕتێچووترین بابەتەکان بووە لە ئاستی هەم ناوچەیی و هەم جیهانی و هەزینە و تێچووەکەی ئەتوانین بڵێین بەشی زۆری وە بەر خەڵکانی ئێران کەوتووە مەسەلەی ناوکیی ئێران یا هەوڵدانی کۆماری ئیسلامی بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە وزەی ئەتۆم و لە تەنیشت ئەویشدا سازکردنی بۆمبی ناوکییە، شتێک کە کۆمەڵگای جیهانی تا ئێستا لێی قەبووڵ نەکردووە، بەپێی دوایین ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی ناوکیش کۆماری ئیسلامی لانیکەم لە دوای هاتنەسەرکاری ئیبراهیم ڕەئیسی لە چەند مانگی ڕابردوودا نەتەنیا ئامادە نەبووە هاوکاریی پێویست بکا بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لە نێوان ئێران و ئاژانسدا هەبووە جووڵاوەتەوە، شرۆڤەی ئێوە چییە، ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە ئێران لە ماوەکانی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە تا کۆتایی ئەم مانگە واتە مانگی نۆڤامبر دانیشتنەکان لە پێوەندی لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی پرسی بەرجام دەست پێدەکاتەوە، شرۆڤەی ئێوە چییە، ئایا کۆماری ئیسلامی ئەیهەوێ کات بکوژێ، وەکوو لە ١٠، ١٥ ساڵی ڕابردوودا ئەنجامی داوە یا لە کۆتاییدا ناچار ئەبێ ملکەچی ویست و بڕیارەکانی کۆمەڵگای جیهانی بێت؟**

من پێم وابێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەنیسبەت لێدوانەکانی بایدن یا حکوومەتی تازەی ئەمریکا نەوعێک هەڵەی وەرگرتووە، چونکە لێدوانەکانی بایدن بە پێچەوانەی ترامپ زۆر لە سەرەخۆ، ئارام ونەرمە و هەموو هەوڵ و تەقالاکەی ئەوەیە کە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی خۆی بەتایبەت ئورووپاییەکان مەسەلەی کێشەی ئەتۆمیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە وتووێژ چارەسەر بکەن، بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ئەو نەرمییەی ڕەنگە وا وەرگرتبێ کە ئەمریکا لە موقابلی ئێراندا بە چۆکدا هاتووە وەکوو زۆرجار باسی دەکەن کەوابوو ئەوان دەتوانن پێداگری بکەن بۆ ئەوەی کە ویست و داخوازییەکانی خۆیان لەو وتووێژەدا بە دەست بێنن، ئێمە لە شەڕی ئێران وعێراقدا هەموو لە بیرمانە کاتێک ڕەفسەنجانی ئەودەمی فەرماندەی شەڕ بوو لە ئەو ماوەی شەڕی ئێران و عێراقدا، کاتێ گەیشت بەو نوقتەیەی کە ئیدی ڕێژیم توانای بەربەرەکانێی نەماوە لەگەڵ عێراق چوو بۆ لای خومەینی و بۆی تەوزیح دا، حاڵی کرد کە درێژەدانی ئەو شەڕە زۆر بە زەرەری ئێران تەواو دەبێ ڕەنگە تووشی دۆخێک بن کە بۆیان قەرەبوو نەکرێتەوە، خومەینی حاڵی بوو و وەکوو خۆی باسی کرد ئامادە بوو جامی ژەهر بخواتەوە کە بە مانای قەبووڵکردنی ئاگربەست لەگەڵ عێراق بوو، ئێستا لە دامودەزگای ئێستای حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ڕەفسەنجانییەک نییە کە خامنەیی حاڵی بکا کە وەزعییەتەکە چۆنە، ئێران لە بەرانبەر ئامریکادا، لە بەرانبەر ئورووپا و ئیسرائیلدا چۆنە بەتایبەتی ئەو هەڕەشە و خۆهەڵکێشانانەی کە ڕۆژانە فەرماندەکانی سپای پاسداران دەیکەن بەدژی ئەمریکا و بەدژی ئەملاوئەولا من پێم وایە کە خامنەییان خراپ حاڵی کردووە لەو کێبەرکێیەی کە بەینی ئەو دوو لایەنە هەیە، بۆیە بە دووری نابینم نەتیجەی ئەو کارە بگاتە ئەو شوێنەی کە ئەوەی کە ئێستا ئەمریکاییەکان و ئورووپاییەکانیش باسی دەکەن بژاردەی «B» بەکاربێنن.

**. بژاردەی «B» چییە؟**

بژاردەی «B» ئێمە بە درووستی نازانین چییە بەڵام من وای لێکدەدەمەوە کە پرسەکە بە گەمارۆی زیاتری نێودەوڵەتی بیبەنە شۆڕای ئەمنییەت و لەوێ پەسەند بکرێ، گەمارۆی نێودەوڵەتی بگەڕێتەوە سەر ئێران، ئەو گەمارۆیانە توندتر بن لە پێشوو و ئەگەر هەر بەوانەش جێبەجێ نەبوو ئەودەم ڕەنگە هێندێک هێرشی زۆر بەهێز بکرێ بۆ سەر ئەو دامودەزگا و ناوەندە ئەتۆمییانەی ئێران کە تاکوو ئێستا شناسایی کراون، ئەو داهاتوویە لەبەرچاوە، بەتایبەتی لە بیرمان نەچێ کە ئیسرائیل هەروەکوو تاکوو ئێستاش گوتوویەتی بۆی قەبووڵ ناکرێ کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ناوکی بگات، چونکە دروشمی لەنێوبردنی ئیسرائیلیان داوە، و ئەوانیش بۆ خۆیان مەترسییەکە بە جیددی دەبینن، بۆیە ئەوانیش کاریگەریی خۆیان هەیە لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردەی «B»دا، بابەتی دیکە ئەوەیە کە ئێستا لە ڕاستیدا دەسپێکردنەوەی وتووێژەکانیان زۆر زۆر بە زەحمەت کردووە هەردووک لا، بەڵام ئەوەش بە دوور نابینم کە ئەگەر خامنەیی حاڵی بێ لە وەزعییەتەکە وردە وردە کارەکە وا لێ بکەن کە هەردووکیان هەمزەمان هێندێک تەعەهودات بە نیسبەتی یەکتری ئەنجام بدە بۆ نموونە ئەمریکا بەشێک لە گەمارۆکان هەڵگرێ، هاوکات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هێندێک لەو چالاکییە نوێیانەی کە دوای پچڕانی وتووێژەکان دەستی پێکردبوو، پێی گەیشتووە ئەوانە وردە وردە کەم بکاتەوە، بەو شێوەیە بچنە پێشێ ئەو ئەگەرەش دەبێ لەبەرچاو بگرین، یانی ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆر هەستی بە مەترسی کرد، لە ئاکامدا بۆ ڕزگارکردنی وڵاتەکەی خۆی دەبێ شتێک بکا، ئەوە یەکێک لە بژاردەکانە، بەڵام ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ وەخت بکرێ من پێم وابێ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو قۆناغەدا و لەو یەک دوو ساڵەدا کە لە سەر مەسەلەی پیتاندنی یۆرانیۆم دەستی بەکار کردووەتەوە باشتر لە ڕابردوو حاڵی بووە کە نیگەرانییەکانی ئەمریکا و ئورووپا لە دەسپێڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بەچەکی ناوکی چەندە زۆرە، بۆیە ئەگەری هەیە بگاتە ئەو ئاکامەی کە دەبێ ئیمتیازی زۆر وەرگرێ بۆ ئەوەی کە بگەڕێتەوە ئەو تەعەهوداتەی کە لە سەرەتاوە لە بەرجامدا هەبوو ئەویش بگەڕێتەوە ئەو تەعەهوداتەی، ئەوەش دەبێ لە بەرچاو بگرین، یانی ئەو ئەگەرەش هەیە.

**. باستان لە ئیسرائیل کرد و ڕۆڵی ئیسرائیل، بەشێک لە شرۆڤەکاران پێیان وایە کە ئەگەرچی ئیسرائیل ڕاستەوخۆ لە جەریانی دانیشتنەکان و دانوستانەکاندا لەگەڵ ئێراندا حوزووری نییە بەڵام لە سەر ئەنجامی دانیشتنەکان چ لە ڕابردوودا و چ لە داهاتوودا ناڕاستەوخۆ کاریگەریی هەیە، ڕەنگە ئەمەش بە هۆی پێوەندییە نزیکەکانی ئیسرائیل بێ بەتایبەت لەگەڵ ئامریکا و باقی وڵاتانی ڕۆژاوایی، پرسیاری من لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەو باسەی کە ئێوە ئاماژەتان پێ کرد، ئەو هەڕەشانەی کە کۆماری ئیسلامی لە ئیسرائیلی کردووە و هەست بە نائەمنبوونێک کە لە لایەن ئیسرائیلەوە هەیە لە ماوەکانی ڕابردوودا تاقیکارییەکانی خۆی بۆ لێدانی بنکە ناوکییەکانی ئێران دەست پێکردووەتەوە، تێچوویەکی زۆر و بوودجەیەکی زۆریشی بۆ تەرخان کرا، ئەمە وای کردووە کە بەشێک لە سیاسییەکان باس لەوە بکەن کە دواجار ئەوە ئیسرائیلە کە ئەبێتە هۆکاری لەنێوچوونی کۆماری ئیسلامی، ئێوە چەندە لەگەڵ ئەم بابەتە هاوڕان؟**

لە ئەوەی کە وتمان بژاردەی «B» وتم کە ئەگەری هەیە دامودەزگاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، دامودەزگا ئەتۆمییەکانی و هێندێک شوێنی دیکەش کە گرینگ و ستراتێژیکن بۆ ئەمریکاییەکان، بکەونە ژێر هێرش و لەو هێرشەدا بێگومان ئیسرائیل دەوری سەرەکیی دەبێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیسرائیل بە تەنیا بێ، بە بۆچوونی من ئەگەر بگەنە ئەو خاڵە ئەمریکاش چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ چ بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەو بۆمبارانەدا بەشدار دەبێ بەڵام ڕەنگە دەورە سەرەکییەکە بە ئیسرائیل بسپێرن بۆ ئەو کارە.

**. ئەفغانستان یەکێک لەو وڵاتانە بووە کە لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتامبر، ئەگەر نەڵێین بەردەوام لانیکەم یەکێک لە ڕۆژەڤە سەرەکییەکان بووە لە ئاستی میدیا جیهانییەکاندا، لە ماوەکانی ڕابردوودا دیتمان کە هێزە ئامریکاییەکان بەپێی ڕێککەوتنێکی پێشووتر کە هەیانبوو لەگەڵ دەوڵەتی ئەفغانستان ئەم وڵاتەیان بە جێهێشت، بەڵام بە شێوازێک کە وەک زۆر کەس دەڵێن زۆر ناتەندرووست بوو، هۆکاری ئەم شێوازە بە جێهێشتنەی ئامریکا بۆ چێ ئەگەڕێننەوە و هاتنە سەرکاری تاڵیبان لە وڵاتی جیرانی ئێران واتە ئەفغانستان چۆن لێکدەدەنەوە و چەندە ئەتوانێ باندۆر و کاریگەریی هەبێ لە سەر پێوەندیی نێوان دوو وڵات وە هەروەها پارسەنگێک کە لە ناوچەکەدا هەبووە پێشتر؟**

لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە ئەفغانستان کشاندەوە سیاسەتێک بوو کە لە کاتی ترامپدا ڕاگەیەندرا، من بەش بە حاڵی خۆم ، بە لێکدانەوەی خۆم کارەکەیان بە درووست دەزانم یانی کشانەوەیان لە ئەفغانستان، چونکە ئەمریکا لە ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ مانەوەی لە ئەفغانستان ژمارەیەکی زۆر لە نزیکەی ٤٠٠ تا ٥٠٠ سەربازی کوژران و نزیکەی ٥٠ هەزار نەفەر بریندازی هەبوو و ئەو ژمارە بریندارانە تێچوویەکی مەعنەوی و ماددیی زۆرە کە بۆ ئەمریکای بەرهەم هێناوە، ئەوە لەحاڵێکدایە کە پیشکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێنا لەگەڵ ئەوەی کە ئەویش زەربەی زۆری لە تاڵیبان و باقی هێزەکانی دژی ئەفغانستان وەشاند بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت و لەوە زیاتر خەڵکی ئەمریکا قەبووڵیان نەدەکرد کە ئەو هەموو تێچوویە هەروا بدا، بۆیە کشانەوەکەی مەنتیقی تێدا هەبوو بەڵام شێوەی کشانەوەکەی بوو کە کەوتە ژێر ڕەخنە و ناڕەزایەتیی خەڵکی دونیا و تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەمریکاییەکانیش، بەو شێوە کتوپڕ کشانەوە و ئەو هەموو ئیمکاناتی سەربازییە کە ئەمریکا بردبووی بکەوێتە دەستی تاڵیبان ئەوانە هەموویان ئەگەر نەڵێین سازانێکی ژێربە ژێر بەینی ئەمریکا و تاڵیبان بووبێ هەڵەیەکی یەکجار زۆر گەورە بوو کە کردیان .

**. یانی ئەو ئەگەرە دائەنێین کە ئەمە سازانێکی ژێر بە ژێر بووبێ بۆ هەندێک ئەگەری دواتر؟**

باس لەوە دەکەن کە ئەو ئەگەرە هەبێ، چونکە من پێم وابێ ئەمریکاییەکان کاتێ ماوەی ٢٠ ساڵ لەوێ بوون، ئەوان لە ڕاستیدا دەوری سەرەکییان هەبوو لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەو ئەرتەشەی کە ئەودەمی ئەفغانستان هەیبوو، تێگەیشتبوون کە ڕەنگە حکوومەتی ئەفغانستان خۆ ڕانەگرێ و ئەوانیش نەیاندەویست بۆ هەمیشە بمێننەوە، هێزێکی دیکەی بەرهەڵستکاریش نەبوو کە ئەوان ڕووی تێ کەن ئاکامەکەی ئەوە بوو کە جۆرێک سازان بکەن لەگەڵ تاڵیبان و وڵاتی بۆ بە جێ بێڵن بەڵام لە هەر حاڵدا بە جێهێشتنەکەیان لە شکڵێکی زۆر خراپدا دەست پێ کرد و لە باری بیروڕای گشتییەوە ئاکامێکی زۆر خراپی بۆ ئەمریکا بار هێناوە.

**. کەواتە ئێستا پێتان وایە هاتنە سەرکاری تاڵیبان لە ئەفغانستان چ کاریگەرییەک دادەنێت لە سەر پێوەندیی نێوان ئێران و ئەفغانستان و بۆ تێکدانی ئەو هاوسەنگییەی کە ئێران مەبەستیەتی؟**

ئێران دیارە لە مێژە لەگەڵ تاڵیبان لە پێوەندیدایە، بەرپرسانی تاڵیبان هاتوچۆیان کردووە بۆ ئێران، لەوێ ماونەتەوە، تەنانەت ئامووزشیان دیوە و لەو کۆتاییانەشدا یەک دوو مانگ لەوە پێش هەیئەتێکی تاڵیبان هاتن بۆ تاران بە ئاشکرا پێشوازییان لێ کرا و لەگەڵیان دانوستانیان کرد، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بۆچوونی من لە سەرەتادا لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بتوانێ بە دەستەمۆکردنی تاڵیبان و ئیمتیازدان و یارمەتیدانیان بتوانێ کارێکی وا بکا کە خۆی لەو زەرەرانەی کە تاڵیبان ڕەنگە بۆ ئێرانی هەبێ خۆی بدزێتەوە یا ئەو زەرەرە کەم بکاتەوە بەڵام من پێم وابێ کە لەو سیاسەتەدا سەرکەوتوو نەبووە هەرچەند ئێستاش هەر هەوڵ دەدا مەسەلەن لە ئەفغانستاندا ئێوە دەزانن گرووپ یا جەماعەتێکی زۆری هەزارە هەن کە ئەوانە شیعەن و ئێران دەیەوێ ئەوان بەهێز بکا بۆ دانانی ئاژاوە و بەربەرەکانێ کردن لەگەڵ حکوومەتی تاڵیبان بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووە تاکوو ئێستا؛ بەڵام لە داهاتوودا من پێم وابێ زەرەرەکانی تاڵیبان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر دەبێ لەوەی کە ئێستا بیری لێ دەکاتەوە چونکە

درێژە لە لاپەڕەی ٥

## درێژەی لاپەڕەی ٤

تاڵیبان لە ئەسڵدا دژی حکوومەتی شیعەیە وە هەر ئێستاش وەکوو باسم کرد لەو کاتەوە ئەوان هاتوونەتە سەرکار ئەوە دوو جار کوشتارێکی زۆر بەرچاو لە هەزارەکان کرا ولە داهاتوودا ئەو کێشە و گرفتە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش دەبێ، تەنانەت هێندێک لە فەرماندەکانیان لە سەرەتای گەڕانەوەی هێزەکانی تاڵیبان بۆ ئەفغانستان زۆر بە ئاشکرا هەڕەشەیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرد، بۆیە لەو ڕووەشەوە ئەگەر پێشتر سنووری بەینی ئەفغانستان بە حکوومەتی پێشوو ئەمنییەتێکی تێدا هەبوو ئەو ئەمنییەتەش ئێستا نەماوە یا زۆر زۆر لاواز بووە و چاوەڕوان دەکرێ کە تووشی کێشە بن، بەڵام دیارە ئێستا تاڵیبان زۆرتر دەیەوێ پێوەندییەکانی ئەگەر بتوانێ لەگەڵ وڵاتانی دنیا دابمەزرێنێ متمانەی ئەو وڵاتانە بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ و هاوسنووری خۆی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ تاکوو حکوومەتەکەی جێگیر دەبێ بەڵام من پێم وانییە کە کۆماری ئیسلامی لە دەستی ئەو کێشە و گرفتەکانەی کە ئەفغانستان بۆی پێکدێنێ بتوانێ هەروا بە ئاسانی ڕزگاری بێ.

**. یانی ئەگەری ئەوە لێ ئەدەن کە تاڵیبان بە دنەدانی سونی مەزهەبەکان لە ئێراندا بشێوێ بۆ کۆماری ئیسلامی درووست بکا؟**

بەڵێ، بەڵام گرینگتر لەوە ئیدئۆلۆژی و بۆچوونی تاڵیبانە کە ئەوان لە ڕاستیدا سونییەکی توندئاژۆن و نەک هەر شیعە بەڵکوو هێندێک لە حکوومەتە سونییەکانیشیان قەبووڵ نییە، بۆیە ئێستا وڵاتانی ناوچەی کەنداویش بەشێکی زۆریان نیگەرانن لە هاتنەسەرکاری تاڵیبان لە ئەفغانستان، ئەوانیش ئیسلامێکی ڕادیکاڵن لە بێجگە لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان کەسیان پێ ئیسلام نییە و بۆیە پێیان وایە کە مەسەلەی جیهاد و خۆکوشتن و ئەوانە لە ڕاستای بردنەپێشی ئامانجە ئیسلامییەکانیان بە قەولی خۆیان ئەرکیان هەیە دەبێ جێبەجێی بکەن.

**. لە چوارچێوەی سیاسەتی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە باسمان کرد کە لە کاروباری وڵاتانی بەتایبەت ناوچەیی دەیکات، ئێمە لە ماوەکانی ڕابردوودا شاهیدی بەڕێوەچوونی خولێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی عێراق بووین کە تێیدا ئەو جۆرەی کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەریخست دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی نەیتوانیوە بەو شێوازەی کە پلانی بۆ دانابوو سەرکەوتوو بێ تێیدا ئەم مەسەلە چەندە ئەتوانێ هاندەر بێ بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی مەرکەزی لە عێراق؟**

گومانی تێدا نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەرچی بتوانێ گوشار دەخاتە سەر دەوڵەتی عێراق، بەتایبەتی دوای ئەو هەموو هەزینە کە داویەتی ئێستا کۆماری ئیسلامی وردە وردە نفووز و دەسەڵاتەکەی بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، دیارە ئەوە هەر ئێستا نا بەڵکوو لە دوو سێ ساڵ لەوەپێشەوە کاتێک کە خەڵک و بەتایبەت خەڵکی شیعە زۆرتر لە شەقامەکانی عێراق هاتن و دەستیان کرد بە نادزایەتی و دروشم دان دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، لە بەسرە کونسوولگەری ئێرانیان سووتاند، پرۆسەی کەمڕەنگبوون یا لاوازبوونی نفووزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردبوو، بەڵام ئێستا لەو هەڵبژاردنەدا بە شێوەی دیپلۆماتیک یان بڵێین لە شکڵی دێموکراتیکەکەشیدا خەڵکەکە دەنگیان نەدا بە ئەو گرووپانەی کە سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و کۆماری ئیسلامی لەوە زۆر زۆر ترساوە و زۆر نیگەرانە بۆیە ئێستا ئەو گرووپانە کە لە ژێر ئەمر و فەرمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن ڕێپێوانیان دەست پێ کردووە، مانگرتنیان دەست پێ کردووە و خەریکی کێشە سازکردن و ئاژاوە سازکردنن لە عێراقدا، ئاکامی هەڵبژاردنەکانیان قەبووڵ نییە چونکە ئەوان بەشیان زۆر کەم بووەتەوە بۆیە ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەریکی پیلانگێڕانە بەڵکوو بە هەرشێوەیەک بۆی دەکرێ نەتیجەی هەڵبژاردنەکە بە قازانجی خۆی بگۆڕێ بەڵام وا دیارە دوای ناڕەزایەتیگەلێک کە بە نووسین بە دەستی کومیتەی هەڵبژاردن گەیشتبوو بەشێکی زۆر لەو شوێنانە کە دەنگدانی تێدا کرابوو دەنگەکانی نێو سندووقەکانیان ژماردەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە بەشێوەی ئێلێکترۆنیکی ڕایانگەیاندبوو جیاوازییەکی نەبوو و کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەوە نیگەرانە؛ بەڵام بە بۆچوونی من هەر بەوە دانامرکێتەوە بەڵکوو هەموو هەوڵی خۆی دەدا بەڵکوو بتوانێ لانیکەم ئەگەر ئاکامی هەڵبژاردنەکە بە قازانجی نەبوو بەڵکوو بە گوشار بتوانێ بەشی خۆی لە پارلمانی عێراقدا زیاتر بکا. ئەوەی کە ئایا پێی دەگا یان پێی ناگا دەبێ چاوەڕوان بین بزانینن ئاکامی چییە تەنانەت ئەوەی کە ئەو درۆنانەی کە هاتن ماڵی سەرۆکوەزیرانیان بۆمباران کرد ئێستا هێندێک لێکۆڵینەوە و هێندێک سەرچاوە باس لەوە دەکەن کە ئەوانە هی ئێرانن و ئەو بۆمبانە کە ئەوان بەکاریان هێناوە ئەو بۆمبانەن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشتر لە عێراقدا بە دژی ئەمریکاییەکان و باقی لایەنەکانی دیکە کەڵکی لێ وەرگرتوون.

**. باستان لە هێرش بۆ سەر ماڵی مستەفا ئەلکازمی کرد، هەر لەو پێوەندییەدا پێم خۆشە شرۆڤەیەک بکرێت، کاتی خۆی کە تیرۆری ڕەفیق حەریری لە لوبنان ڕووی دا، دواتر دەرکەوت کە سووریە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی هەبووە لەم بابەتەدا و تیرۆری ڕەفیق حەریری بووە هۆکارێکی سەرەکی بۆ وەدەرنانی سووریە لە وڵاتی لوبنان، چەندە پێتان وایە کە ئەو سێناریۆیە ئەمجارە لە عێراق دووپات بێتەوە بەو مانایە کە بە تەواوی ڕوون ببێتەوە ئەم هێرشەی بۆ سەر ماڵی مستەفا ئەلکازمی کراوە لە لایەن ئێران یا بە بڕیاری ئێران ئەنجام دراوە و ئەم مەسەلە ببێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی کە لە دواجاردا کۆماری ئیسلامی لە عێراق وەدەر بنرێت؛ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە ئێوەش باستان کرد لە وڵامی پرسیاری پێشوودا کە خەڵکی عێراق و بەتایبەتی خەڵکی سونە مەزهەب و بەشێک لە شیعەکانیش لە دژی تاران و زێدەخوازییەکانی تاران لە وڵاتی خۆیاندان؟**

ئەمن باسم کرد کە لە ڕاستیدا پرۆسەی کەمبوونەوەی نفووزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو سێ ساڵە دەستی پێ کردووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر خێرا دەبێتەوە، هەم لە عێراق و هەم لە وڵاتەکانی دیکە وەکوو لوبنان، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەروا بە زوویی دەست لە عێراق هەڵدەگرێ و لەوێ پاشەکشە دەکا، ئەو ڕەوتە ئەمن پێم وابێ ماوەیەکی زۆرتر دەکێشێ بەڵام کەنگێ وای لێ دێ کە کۆماری ئیسلامی نفووزەکەی لە عێراقدا نەمێنێ بەسراوەتەوە بە ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ عێراقدا هەم لە خودی عێراق، هەم لە دراوسێکان و سیاسەتیی جیهانی بە کاری دێنن چونکە ئێستا نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو هێزە چەکدارانەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران درووستی کردوون بە ژمارە لە ئەرتەشەکەی عێراق زیاترن، ئێستا ڕەنگە لە باری چۆنییەتی چەکوچۆڵەوە وەکوو ئەرتەشی عێراق نەبن بەڵام خەڵکێکی زۆرن و دەتوانن کێشەگەلێکی گەورە بۆ عێراق درووست بکەن، دەبێ چاوەڕوان بین کە بڕێک لە درێژەی زەماندا ئەو ڕەوتە بچێتە پێشێ و ئەو ئامانجە هەمووی جێبەجێ بکرێ دەنا ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو زووانە نفووزی لە عێراق ناپچڕێ، چونکە ڕاستە لە باری سیاسییەوە، لە باری فکرییەوە ئێستا خەڵکی عێراق بە سونی و شیعەوە بەگشتی ناڵێم هەموویان، بەڵام بەو ئاکامە گەیشتوون کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوەندی ئاژاوە و تیرۆر و ناسەقامگیرییە بۆیان و بەشێکی زۆری گیروگرفتەکانیان لەوێوە سەرچاوە دەگرێ بەڵام ئەو هێزە چەکدارانەی کە پێکی هێناوە ئەوانەش گوشارن، تا ئەو هێزەی هەیە دەتوانێ گوشارەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەوانەوە هەروا پەرە پێ بدا، بەڵام بێگومان لە داهاتوودا هەم سیاسەتی حکوومەتی عێراق جا بە هەر شکڵێک بێ هەم سیاسەتی حکوومەتەکانی ناوچەیی بەتایبەتی ئەوانەی کە عەرەبن لە پێوەندی لەگەڵ کەمکردنەوەی نفووزی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق و لە لوبنان بەتایبەتی کە دوو وڵاتی عەرەبن زۆرتر کاریگەر دەبێ.

**. لە وتەکانتاندا باستان لە هێرشەکانی یا هێرشە درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی کرد بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا وە هەندێک لایەنی دیکە کرد، بەشێک لەو لایەنانە لە ڕاستیدا بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون کە لە شاخەکانی کوردستاندا جێگیرن پێم خۆشە لە زاری جەنابتەوە باسێک سەبارەت بە خەسارەکانی ئەو پەلامار و هێرشانە بکرێت و پاشانیش پێتان وایە ئەمەی کە کۆماری ئیسلامی بە ڕوونی لە سەر هێزی کوردی کوردستانی ئێران کردی جۆرێک دژکردەوەی هیستریاییە بەرانبەر بە ئەو ناڕەزایەتییانەی کە لە ناوخۆ هەیە و بۆ دامرکاندنەوەی داواکاری و ویستی لایەنەکانی سەر بە خۆی یا نا هەوڵێک بوو بۆ لەنێوبردنی بزووتنەوەی کورد؟**

باسی ئەوەمان کرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە باری سنوورەکانییەوە ئێستا زۆر زوو خەساری بەر دەکەوێ و زۆر نیگەرانە، بەتایبەتی لەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە وڵاتی ئازەربایجان هاتە پێشێ و ئەفغانستان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، سنوورەکانی ئێران نائەمن بوو؛ یەکێک لەو شوێنانەش کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ترسی لێ هەیە کە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا شوێندانەر بێ مەسەلەی کوردستانە، کوردستانی ئێران. لە کوردستانی ئێرانیش هێزەکانی کورد کاریگەرییان هەیە و دەتوانن لە هەموو کاتێکدا شوێندانەریی خۆیان هەبێ لە سەر ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان لەگەڵ ئێران لە کاتێکدا کە ئاڵوگۆڕ پێک دێ لە حکوومەتدا یا لە دامودەزگای حکوومەتیدا؛ بۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر تەبلیغ زۆری کردبوو کە ئەو هێزانە نەماون، تەنانەت لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتدا دەچوون بنەماڵەی پێشمەرگەیان دەدیت کە بڕۆن منداڵەکانتان بێننەوە ئەوە هەموو لە برسان دەمرن و ئەوانە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو سیاسەتەی خۆی، خۆی بۆ نەگیرا یانی ئەو مەسەلەی زۆر گەورە کردەوە هەر ڕۆژەی لە لایەن یەکێک لە فەرماندە هەرە پایەبەرزەکانی ڕێژیمەوە هەڕەشە دەکرا؛ تۆپباران و بۆمبارانێک کە تاکوو ئێستا کەم وێنە بوو بۆ ماوەی یەک حەوتوو بۆ ئەو شوێنانەی کە پێشمەرگەکانی لێ نیشتەجێن کرا، بەڵام بە خۆشییەوە چونکە پێشمەرگە ئامادەیی هەبوو خەسارەتی وێ نەکەوت، ئەوە من لە چوارچێوەی ئەو نیگەرانی و سەرلێشێواوییەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبینم کە وردە وردە خەریکە دۆخەکەی لە دەرەوەی وڵات یانی لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییدا بە تەواوی لاواز دەبێ و بێ ئیعتبار دەبێ و نیگەرانە لە داهاتووی خۆی، کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بۆ خۆمان دەزانین کە عەقڵییەتەکەیان و ئیدئۆلۆژییەکەیان ئەوەیە کە تەنها شتێک کە دەیکەن و لە دەستیان هاتووە تاکوو ئێستا هەڕەشەکردن و هێرش کردن و کوشتن و بڕین و زیندان و ئیعدام و ئەوانەیە، بۆیە لە جیاتی ئەوەی کە بیر لەوە بکەنەوە کە ڕێگاچارەیەکی درووست بۆ کێشەکانی خۆیان لە هەموو بەشەکاندا ببیننەوە و چاوێک بە سیاسەتەکانی دەرەکیی خۆیان و نێوخۆیی خۆیاندا بخشێننەوە ئەوەی کە دەیکەن تەنیا ئەوەیە کە هێرش دەکەن، بۆیە من ئەو هێرشەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەو هەڕەشانەی کە کردی لە جۆرێک سەرگەردانی خۆیدا دەیبینم، جۆرێک ترس و نیگەرانی لە مەسەلەی کورد کە کوردیش خەریکە دەبێتە مەترسییەک لە بەشێکی دیکەی سنوورەکانی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

**. مەسەلەی ئەمنییەت لە هەموو دنیا و لە نێو هەموو سازمان و دەزگا و حیزب و ڕێکخراو و تەنانەت دەوڵەتێکدا یەکێک لە کۆڵەکە گرینگ سەرەکییەکانی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەی ئەو ناوەندیە، لە ماوەکانی ڕابردوودا کۆمەڵێک ڕووداو لە نێو ئێران ڕوویان دا بەشێکی زۆر یا بەشێکی بەرچاو لە ئەسناد و مەدارک و بەڵگە نهێنییەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ناوکیی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە لە تارانەوە ڕفێندران، موحسن فەخریزادە کە یەکێک لە ناودارترین کارناسانی بواری ناوکیی ئێران بوو لە بن گوێی جەماران لێی درا و کوژرا، قاسم سولەیمانی بە هەمان شێوە و کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە کە کۆمەڵێک تەقینەوەی مەشکووک و گوماناوی کە هیچکات کۆماری ئیسلامی دانی بە واقعییەتەکانیاندا نەنا، پێتان وایە ئەمانە تەنیا کۆمەڵێک کەلێنی ئەمنییەتین کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا درووست بوون یا نا بەڕاستی سازمانە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی خۆیان ئیتلاعات زەدە بوون؟**

من پێم وابێ کە مەسەلەکەیان لەوە تێپەڕیوە لە بواری ئەمنیەتییەوە کە بڵێین هێندێک ڕووداو ڕوو دەدەن، بەڵکوو ئەوەی کە ئاماژەتان پێ کرد ئیتلاعات زەدگی لە نێویاندا دەبینرێ، یانی گەندەڵییەکە و بێ باوەڕییەکە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئیتلاعاتییەکان، ئەوانیش وەکوو کەسانی خائین بۆ وڵاتەکەیانن، ئەمن هەر لەو کاتەیدا ئەوەی کە ئاماژەتان پێ کرد ئیسرائیل سەرکەتوو بوو کە لە نێو قەلبی تاراندا بتوانێ ئەو هەموو مەدارکە بار بکا و بیبا بۆ ئیسرائیل لەوێ مەتاڵعەی لە سەر بکەن ئەو کات ڕام وابوو کە ئەوە کارێک نییە کە مەسەلەن بە نیگابانێکی بەر دەرکی ئەو شوێنە جێبەجێ بێ بەڵکوو ئەوە دەستی خودی ئیتلاعات لە سەرسەرەوەی تێدا هەیە و شتێکی زۆر ڕوونە، ئەو ڕەوتە لە مێژە دەستی پێ کردووە تەنانەت ئەگەر پێشتر حاشایان لێ دەکرد ئێستا سەرانی خودی ڕێژیم باسی لە سەر دەکەن، بۆ نموونە ئەحمەدی نژاد یەکێک لە قسەکانی کە لەو دواییانەدا کردی قسەیەکی زۆر گرینگ بوو، وتی ئەوەی کە لە ئیتلاعاتدا کراوەتە بەرپرسی ئەوەی کە لە نفووز و دەسەڵاتی ئیسرائیل بەرگری بکا بۆ خۆی جاسووسی ئیسرائیلە، یەکێک لە ئاخوندەکان لە ماوەی یەک دوو مانگ لەوەپێش لە مەجلیسی شۆرای ئیسلامی باسی ئەوەی کرد کە بەرپرسەکان دەبێ هەموو ئاگایان لە خۆیان بێ بۆ ئەوەی کە بە دەستی ئیسرائیل یا بە دەسیسەی ئیسرائیل تیرۆر نەکرێن، ئەوانە یانی یەکجار زۆر پەرەی سەندووە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ چونکە ئەوەی کە ئێستا لە سەر کارە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا وەزعی ڕێژیمەکە لە نزیکەوە دەبینن، سەرەڕای ئەو هەڕەشانەی کە دەیکەن بەڵام بۆ خۆیان دەیناسن دەزانن حکوومەتێکە کە نابێ پشتی پێ ببەستی، بۆیە خەریکن بە جۆرێک داهاتووی خۆیان دابین دەکەن، جا ئەو داهاتوویە بە یارمەتیدان بە ئیسرائیل یا بە دوژمنانی دیکەی بە قەولی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەڵێ بە دوژمنانی جمهووری ئیسلامیی ئێران ئەو کارە دەکەن و ئەو خەڵکەش کە دامەزراون و کار و بەرپرسایەتییان پێ سپێردراوە کەسانێک نین کە نە لە ڕووی لێهاتوویی و کارزانییەوە دیاری کرابێتن، نە لە ڕووی ئەوەی کە بتوانن لە داهاتوودا لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی مەنتەقە و دنیا خۆیان ساز بدەن بەڵکوو کەسانێکن کە فەقەت گوێ لە مستی ڕێژیم بوونە ئێستاش بە هەڵبژاردنی یا بە هاتنەسەرکاری ڕەئیسی وەکوو سەرکۆمار لە ڕاستیدا ڕێژیمەکە زیاتر لە ڕابردوو یەکدەست بووەتەوە، دەترسێن بۆیەش ئەو کابرایەیان هێنا بۆ سەرکۆماری، چاو لێ بکە لە کوردستاندا چوار ئوستاندار کە دیاری کراون هەموویان پاسدارن، دەترسێن بۆیە دەیانەوێ ئەوانەی کە دایاندەنێن، کاریان پێ دەسپێرن کەسانێک بن کە دیفاع بکەن لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێ تا ئەو کاتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر کار بێ هەروا دەبێ.

**لە ئێستادا وەزعیەتی بژێویی ژیان لە ئێران و لە کوردستان لە دۆخێکی زۆر زۆر ناخۆش و ئاڵۆزدا تێئەپەڕێ، خەڵکانێک هەن کە ڕۆژانە هاوشێوەی وڵاتە هەرە هەژارەکانی دنیا ڕۆژانە بە هۆی برسێتییەوە گیان لە دەست ئەدەن، خەڵکانێک هەن بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان دۆش داماون، بێکاری، هەژاری، هەڵاوسان هەموو ئەمانە ئەگەر لە ئێران و لە نێوان ئێرانیشدا لە کوردستان سەیری بکەین بە چەند قات زیاتر بووەتەوە و پێشبینییەکانیش ئەوە دەڵێن کە لە داهاتوودا ئەم ڕەوشە نە تەنیا بەردەوام دەبێ بەڵکوو قووڵتریش ئەبێتەوە، چەندە لەگەڵ ئەو باوەڕە هەن کە ئەگەر ناڕەزایەتی یا ڕاپەڕینێک لە داهاتووی ئێراندا ڕوو بدات، ناڕەزایەتیی خەڵکی هەژار ئەبێ، پێشتر ئەو پرسیارەم بە جۆرێکی دیکە ئاراستەی ئێوە کرد، ئێوە باستان لەوە کرد کە ئینقلاب و شۆڕش کاتێک ڕوو ئەدات خەڵک لانیکەم پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی تەئمین بێت جا ئەو کاتە ئەتوانێ بیر لە ئازادی بکاتەوە، بیر لە مەسائلی دیکە بکاتەوە ئێستاش هەر لە سەر ئەو باوەڕەن یا نا پێتان وایە کە شۆڕشی هەژاران بەڕێوەیە لە ئێراندا؟**

شۆڕشی هەژاران لەمێژە دەستی پێکردووە لە ئێراندا، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین ئەگەر زۆر نەگەڕێینەوە دواوە هەر لە ماوەی دوو سێ ساڵی ڕابردوودا ڕۆژ نییە لە ئێراندا ئەو خەبەرانە نەبیسین کە لە گۆشە و کەناری ئێراندا گرووپێکی جیاواز خەریکی دەربڕینی ناڕەزایەتین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کەوابوو ئەو شۆڕشە دەستی پێ کردووە بەڵام ئایا بە ئاکام دەگا یا ناگا لێرەدا دوو حاڵەت هەیە کە دەبێ حیسابی بۆ بکەین، ئێمە هەم نموونەی ئەو وڵاتانەمان هەیە کە شۆڕشی هەژاران حکوومەتی ڕووخاند، دەسەڵاتدارەکانی لە تەختی دەسەڵات هێنا خوارێ و حکوومەتی دیکەیان درووس کرد کە ئێستا ناچمە سەر باسی ئەو حکوومەتانەی درووستیان کردووە چۆن بووە، ئەوانەمان دیوە بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەوەشمان دیوە کە خەڵکی هەژار هاتوونەتە سەر شەقامەکان قوربانیان داوە، فیداکاریی زۆریان کردووە بەڵام چونکە دیکتاتۆرەکان چەکیان بە دەستەوە بووە سەرکوت دەکەن، زەبروزەنگ دەنوێنن و دەتوانن بۆ ماوەیەکی درێژخایەنتر بمێننەوە مەسەلەن تۆ حیسابی کە لە ڤێنێزۆئێلا لەگەڵ ئەوەی کە گوایدۆ وەکوو ڕێبەری ئۆپۆزسیۆن زۆر خۆشەویستە، خەڵکی زۆری بە دەورەوەیە ناڕەزایەتییەکی بەربەرین لە وڵاتەکەدا کرا تەنانەت وڵاتانی دەرەوە بە فەرمییان ناسی، بەڵام هێشتا حکوومەتی دیکتاتۆریی ڤێنێزۆئێلا هەر لە سەر کارە؛ لە شوێنی دیکەش ئەوانەمان دیوە، ئەوەی کە لە ئێراندا چ شتێک دەبێ و چ شتێک ڕوو دەدا ڕەنگە پێشبینی کردنەکەی زۆر بە زەحمەت بێ بەڵام زەحمەتەکەی بەشێکی لەوەدایە کە لە ئێراندا ئێستا ئۆپۆزسیۆنێکی واش نییە کە خەڵکەکە هیوای پێ ببەستێ و ئەگەر لایەنێکی دەرەکیش بیەوێ یارمەتیی بدا بچێتە ژێر باری یارمەتی کردنەکەی، چونکە ئۆپۆزسیۆنێکی پرشوبڵاوە و ئەوە بەداخەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەرچەند کە خەڵکەکە لە شەقامدا دەکوژرێن، دەخرێنە زیندان، ئیعدام دەکرێن، سەرکوت دەکرێن و لە هەموو شتێکی ژیان تەنانەت بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژانە موحتاجن، بەڵام هیچ پاڵپشتێکیان نییە، ئومێدێک نییە کە کەسێک بێت پشتیوانییان لێ بکا، ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە سەرنجام ڕۆژێک هەروای لێ دێ کە خەڵکەکە ئیدی هیچی بۆ نەمێنێتەوە، هەمووی وەک دەڵێن ملی خۆی لە چەقۆ بخا و بێتە سەرشەقام و حکوومەتیش بڕووخێنێ بەڵام ئەوەی کە باست کرد ئەوە کە لە قەولی خۆم پێشتر باسم کردووە، ئەوەش گرینگە کە ئەو خەڵکە کە ئەگەر حکوومەتیش بڕووخێنێ ئۆپۆزسیۆنێکی دێموکرات کە بتوانێ حکوومەتێک لە سەر داخوازیی خەڵکەکە بینا بنێ ئەوە تاکوو ئێستا لە ئارادا نییە، ئایا لە پرۆسەی ئەو ناڕەزایەتییانەدا پێک دێ یا پێک نایە، چونکە ئەوەی کە باسم کرد لە هێندێک وڵات، بۆ نموونە لە بەهاری عەرەبی زۆر حکوومەتیان ڕووخاند خەڵکی فەقیر و هەژار، بەڵام ئەوەی کە درووست کراوە لە ڕاستیدا دووبارە لەوان نەبوو، خەڵک لە گرووپی دیکە هاتنەوە سەر کار و حکوومەتیان پێک هێناوە، بۆیە ئەوان دەسکەوتێکی ئەوتۆیان نەبوو کە چاوەڕوانی بوون.

**زۆر سپاس بۆ بەشداریتان**

سپاس بۆ ئێوەش، ماندوو نەبن.




# دوکتور شەرەفکەندی: ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ


ئیبراهیم لاجانی

بەشی پێنجەم و کۆتایی

بەڵێ دوکتور شەرەفکەندی و کاک فەتاح و کاک هومایوون شەهیدبوون، دەیان و سەدان تێکۆشەری دیکەی میللەتەکەمان لەو ڕێگایەدا شەهیدبوون و بە خوێنی خۆیان ئەو بزووتنەوە، ئەو جوڵانەوەیان بیمە و تەسبیت کردووە.
مێژووی پێوەندیەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی مەرکەزی لە ئێراندا یەک دەرسی گەورەی بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتوومان تێدایە. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ جارێکی دیکە ڕێگا نەدرێ دەوڵەتی مەرکەزی لە نیەتپاکیی کورد کەڵکی خراپ وەرگرێ و ڕێبەرانمان ئاوا بە ئاسانی شەهید بکا. تازە دەبێ لە مەوزعی قودرەتەوە دەگەڵ تاران قسە بکەین. یانی دەبێ بینە فاکتۆرێکی هێندە گەورە لە سەر سیاسەتی ئێران و ناوچە کە دەوڵەتی مەرکەزی بۆ دەربازبوون لە کێشەکانی ناچار بێت بدە و بستانمان دەگەڵ بکات. ئەوە کارێکی مومکینە. دەبێ گەلی کورد و گەلانی دیکەی بندەستی ئێران وا ڕێکخەین کە ئێمە کلیلی دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسی ئێرانمان بەدەستەوە بێت. ئێمە دەتوانین ئەوکاربکەین.
لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکێکی نیشتیمانیی گەورەش دەخاتە سەرشانی ئێمە کە بریتییە لە پاراستنی ڕێبەرانمان لە بەرانبەر دوژمندا. لە سەرمانە وەک گلێنەی چاومان دیفاع لە ڕێبەرایەتیی خۆمان و بزووتنەوە بکەین. یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی پارێزگاری لە ڕێبەران و ڕێبەرایەتیمان ئەوەیە کە تێکۆشین لە خەباتدا موئەسیر بین و هەموو ئەرکێک بەوان نەسپێرین و لەو شوێنەش کە پێویستە بەرانبەریان ڕاوەستین. ڕێبەری حیزبی ئێمە و بزووتنەیەکی گەورەی وەک بزووتنەوەی کورد دەبێ کاری ستراتێژیک و سیاسەتگوزاری بکات و سەمبولی خەبات و ئیرادەی گەل و بزووتنەوە بێت و نابێ بیهێنینە خوارەوە تا ئاستی مەئمورێکی ئیجرایی.
لەسەرمانە لە خەسڵەت و تایبەتمەندیە ئینسانی و شۆڕشگێڕییەکانی کاک سەعید و ڕێبەرانی دیکەمان فێر بین. سروشتە بەرز و ئینسانییەکانیان بکەینە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی تێکۆشانی حیزبی و تەشکیلاتی و سیاسیمان لەسەرمانە حیزبیەکەمان، بزووتنەوەکەمان، بەرهەمی کار و تێکۆشانی ئەوان، بناخە فکری و سیاسی و تیئورییەکانی ئەندێشە و ڕێبازی سیاسیی ئەوان دەوڵەمەندترو بەهێزتر کەین . تێکۆشین وەک ئەوان ببینە کچ و کوڕی سەردەمی خۆمان. واتە لە هەلومەرجی تازەی خەباتدا چاک بازی بکەین، بۆ خۆمان سەرمایەی مادی و مەعنەوی و سیاسی و ئیعتیباری خەباتگێڕانە بە خەزێنەی لەبن نەهاتووی حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمانەوە زیاد کەین. نەک بێین شەهیدەکانمان دە کفنی کەربەلاوە وەرپێچین، تاسوعا و عاشوورای حیزبی و تەشکیلاتیان بۆ وەرێ خەین و ئەوان و بەرهەمی کار و ڕەنج و خەباتی نەسڵەکانی پێشووی حیزب و میللەتەکان بکەینە مایەی کێشە.
ڕێی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕوون و ئاشکرایە. هیچ تەمومژێکی سیاسیی تێدا نیە. دەبێ بەو ڕێیەدا بڕۆینە پێش و لانەدەین. دەبێ سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی و فکری حیزبەکەمان وەک گلێنەی چاو بپارێزین. ئەگەر کەسێک بە ئەنقەست لەخۆی نەگۆڕێ، ئەو ڕێیەی لێ ون نابێ. ئەودەم شایستەین کە ئەو دەسکەوتانەمان پاراستبن و پێمانەوە زیادکردبن و بەشانازیشەوە بە کار و خەباتی نەسڵەکانی پێشووی حیزب و گەلەکەمانەوە، ئیفتیخار بکەین و ئەو حیزب و خەباتە بە قودرەتەوە بەرینەپێش.
لە کاتی شەهیدبوونی کاک دوکتۆر قاسملوودا، کاتێک لەسەر گۆڕی شەهیدانی دیکە قسەدەکات، لەو لەحزە سەخت و دژوارەدا، لە قسەکانیدا، بانگەواز لە خەڵکی کوردستان دەکات کوڕ و کچەکانیان بنێرنە ریزەکانی خەبات و تێکۆشان و بەربەرەکانێ و ناوی قاسملوو و شەهیدانی دیکەی گەل دە گوێی منداڵانی کوردستاندا بخوێنن تا بۆیان ببنە سەرمەشقی خەبات و بەناوی ئەوان بێنە گروگاڵ. ئێمەش دەبێ ئەوە بکەین، ناوی کاک سەعید و دوکتور قاسملوو و کاک فەتاح و هومایوون و شەهیدانی دیکەی نەتەوەکەمان، دەبێ بکەینە ڕەمزی خەبات و قوربانیدان و گیانبازی لە پێناوی گەل و نیشتیماندا و بەو ئامانج و ئیدە و ڕێبازە وەفاداربین کە ئەوان گیانیان لە پێناویدا دانا. کاک سەعید لەو بانگەوازەیدا دەڵێ لاوانی کوردستان بێنە ریزی خەبات و ببنە جێگای ئومێدی میللەتەکەیان. دەبا تێکۆشین ببینە جێگای ئومیدی گەلەکەمان.
خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە و خەبات بۆ ئازادی میللەتێکە. ئەو خەباتە بە هەمووان دەچێتە پێش. با تێکۆشین ریزەکانی خەبات بەرین کەینەوە، ڕێز لە کاروزەحمەتی هەموو ئەوکەسانە بگرین کە لەو بزووتنەوەدا باشداربوون و بەشدارن. کەس حەقی نیە حیزب و خەبات و سەروەرییەکانی گەل و بزووتنەوە لە سەرخۆی تاپۆبکا و خەڵکی تر و کار و خەباتی تێکۆشەرانی حیزب و گەل بە هیچ بگرێ و وەلایان بنێ. خەباتی ئێمە گەلی و جەماوەرییە و نابێ بێڵین حیزبەکەمان ببێتە فیرقەیەکی جیا لە کۆمەڵانی خەڵک.
لەسەرمانە خۆمان و گەلەکەمان و تێکۆشەرانی حیزب بەرینە پێش و پەروەردەیان بکەین. بۆ بردنەپێش و درێژەدانی خەبات دەبێ حیزبی دێموکرات بەهێز و مۆدێرن و هاوچەرخ دەربێنین.
پێویستە نەوەی تازەی کوردستان بکێشینە نێو جەرگەی خەبات و تێکۆشان و کاریان پێ بسپێرین و بەرپرسایەتیی کاروخەباتیان بدەینێ. دەبێ سنگمان فراوان کەین و دیدگای حیزب بۆ دیتنی دونیای دەوروبەر گەورە کەینەوە. با تێکۆشین مەیدان بۆ هەموو ئەوکەسانە بکەینەوە کە دەیانەوێ لەو خەباتەدا بەشدار بن و لەگەڵماندا بن و هاوکار و هاوڕێمان بن. حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد و کوردایەتی و خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لە پاوان و قۆرخی کەسدا نین و هەموو ڕۆڵەکانی میللەتی کورد حەقیانە لەو خەباتە بەشدار بن و کەس مافی ئەوەی نییە خەڵکانی تر وەلانێ و کوردایەتی و حیزبایەتی لە خۆیدا ببینێ.
با تێکۆشین حیزبی دێموکرات بەهێزکەین، پەرەی پێ بدەین، تەشکیلاتەکەی مونسەجم کەین و لە دابڕدابڕ دەری بێنین. با ئەو حیزبە و سەروەری و پرنسیپ و نرخ و ئەرزشەکانی بپارێزین. با حیزب مۆدێرنیزە بکەین. با ئیمکانات و پووڵ و سەروەت و هێز و شارەزایی تەکنیکی و ئینسانیی زیاتر بخەینە خزمەتی حیزب و خەبات.
با دۆست و ئەلیانس، لە ئێران و کوردستان و ناوچە و دونیادا بۆ حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان پەیداکەین. تاقانە بوون و خۆدیتن و کەس نەدیتن نەک هەر گەورە و بەهێزمان ناکات بەڵکو لە نێومان دەبات. کورد و کوردستانمان خۆشبوێ، هەستی نیشتمانپەرستی، نیشتمانپەروەری لەخۆمان و ڕۆڵەکانی میللەتەکەماندا بەهێزبکەین. شوناسی کوردایەتی و کوردستانی بوون جێگیر کەین. وڵات و خاک و ئاو و ئەدەبیات و شیعر و فەرهەنگ و مۆسیقا و گۆرانی میللەتی خۆمانمان خۆشبوێ.
کاک سەعید کوردستانی بە هەموو وجوودەوە خۆشدەویست. ئەو ڕۆژەی کەرکووک ئازاد کرا تەقەی خۆشی کرد، لە بیرمە وتی لە سێسەد ساڵی رابردوودا ئەوە یەکەمجارە کەرکوک، بەدەستی کورد خۆیەوە بێ. بۆیە حەقە ئەو ئێوارەیە بەو بۆنەوە شادی بکەین. کاک سەعید بەڕاستی کوردپەروەر و کوردستانی بوو. ناسیۆنالیستێکی کوردی ڕووناکبیر و خەباتگێڕ بوو.
لەسەرمانە بەرپرسایەتی قبووڵ کەین. واتە بەرپرسایەتیی ئەوە کە بەشێکی زۆری ئەو وەزعەی خۆمان و خەباتەکەمان و حیزبەکەمان و میللەتەکەمان تێدایە، ئاکامی کار و ڕەفتار و چۆنیەتیی کار و هەڵسوڕانی ئێمەیە. نابێ هیچی تر هەر دوژمنانی کورد و ناحەزانی گەل و میللەتەکەمان لەو پێوەندیەدا بە گوناهبار بزانین، دەبێ سەهمی خۆشمان لەو بارەوە ببینین و وەخۆ بێینەوە. مەسئوولیەتی ئەوە قبوول کەین کە نابی لەو پێوەندیەدا هەر دوژمن بە گوناهبار بزانین، دەبێ سەهمی خۆشمان ببینین. دەبێ خۆمان تێکۆشین لەو هەلومەرجە بێینە دەر. تا خۆمان نەمانەوێ کەس ناتوانی هیچمان بۆ بکات. خۆمان فاکتۆری ئەسلی پێکهاتنی ئەو وەزعەین، بۆ هاتنەدەر لەوهەلومەرجە دژوارەش دەبێ خۆمان هەر فاکتۆری ئەسڵی بین. دەبێ خۆمان کۆمەک بەخۆمان بکەین، دەنا کەس ئامادە نیە کۆمەکمان بکات.
ـ ئەو خەباتە پێویستی بە هەموومانە، لەوەزیاتریش ئێمە هێشتاش کەمین، کار بۆ ئازادی میللەتێکی ژێرچەپۆکە، کارێکی قورس و مەئموورییەتێکی گرانە و دەبێ خەڵکانی دیکە لەگەڵ خۆمان بخەین. پێویستە ڕێگا و مێتۆدی سەردەمیانە و تازە بۆ خەبات و بەربەرەکانێ بدۆزینەوە. با ڕێگا و مێتۆدی دیکە بۆ کاری سیاسی و حیزبی و هاوئاهەنگی پێکهێنان لە نێو ڕیزەکانی میللەتەکەماندا بدۆزینەوە.
بۆ بردنەپێشی ڕێبازی حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانی کاک سەعید دەبێ خۆمان لە داوی تەعەسوب و دەمارگرژیی حیزبی و سیاسی و تەشکیلاتی ڕزگارکەین. دەبێ خۆمان لە دەستی خۆمان رزگار کەین. دەبێ خۆمان بگۆڕین. ئەگەر دەمانەوێ وەزعەکە بگۆڕین و بەرەو باشی بەرین، تەنیا یەک ڕێگامان هەیە، ئەویش ئەوەیە دەبێ خۆمان بگۆڕین، شێوەی بیرکردنەوە و گۆشەنیگای ڕوانینمان بگۆڕین. ئەودەم ئاڵوگۆڕ درووست دەبێت.
دەبێ دەگەڵ کەموکوڕییەکانی خۆمان خەبات و بەربەرەکانێ بکەین و بەسەریاندا زاڵ بین.
دەبێ تێکۆشین لە خۆمان و چوارچێوە و سنووری ئێستامان تێپەڕین.
با لە هەموو زەرفیەتی خۆمان و میللەتەکەمان بۆ بردنەپێشی خەبات کەڵک وەرگرین.
ـ دەبێ دونیا بکەینە مەیدانی خەبات. ئەگەر جاران خەباتمان لە سابڵاخ و سنە و بانە و ورمێ و ڕەوانسەر و کامیاران و قەندیل بەڕێوە دەبرد، بەو تەشکیلاتە کە هەمانە، بەو هەموو ئینێرژییە کە لە تەشکیلات و میللەتەکەماندایە دەتوانین سەرتاسەری دونیا بکەینە مەیدانی خەبات بۆ ئازادی میللەتەکەمان. بەڵام دەبێ فێربین لە ئیمکانات و هەلومەرجی سەردەم کەڵک وەرگرین و خۆشمان لە گەڵ دونیای نوێ هاوئاهەنگ کەین.
سەردەمی گلۆباڵیزاسیۆنە.
هەموو بازار و فەرهەنگ و وڵات و گەل و دین و مەزهەب و شێوەژیانەکان، نەتەوەکان، قاڕڕەکان، دەشت و کێو وبیابانەکان، دەریا و چۆم و ئۆقیانوسەکان، لەیەک کاتدا بەرەو لای یەکتر دەڕۆن و تێکەڵ دەبن و پتریش خۆیان دەناسن و شوناس وناسنامەی خۆیان لەلا تۆختر دەبێتەوە. واتە لایەنێکی زۆرگرنگی گلۆباڵیزم، دەرکەوتن و بەهێزبوونی شوناس و سیاسەتە شوناسخوازانەکانە کە پێی دەوترێ گلۆکالیزم. تەرکیبێکە لە گلۆباڵیزم و لۆکالیزم. ئەوە دەری دەخا کە دەرفەتێکی زۆر باش بۆ خەبات و تێکۆشانی ئێمە و بردنەپێشی ئەو خەباتە پێک هاتووە کە حیزبی ئێمە وەک ریسالەتی خۆی دیاری کردووە.
بەڵام دەبێ توانای کەڵکوەرگرتن لەو ئیمکاناتەمان بە قازانجی گەل و میللەتەکەمان هەبێت کە دونیای هاوچەرخ پێکی هێناون. وەک فرۆکە، کەشتی، قەتار، ئینتێرنێت، یووتیووب، تویتر، فەیسبووک، کۆمیونیکاشۆنی سەردەم، کۆمەڵگای مەدەنیی جیهانی، کۆنڤانسیۆن و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، بیروڕای گشتیی جیهانی، کۆڕیدۆرەکانی ناوەندەکانی بڕیاردانی سیاسی لە ژنێف، ستۆکهۆڵم، ئۆسلۆ، لەندەن، پاریس، نیۆیۆرک و پەکین و قەتەر و ئەستانبول و ... . مەبەستم ئەوەیە قەت هەلومەرجی نێونەتەوەیی بۆ بردنەپێشی خەبات بۆ ڕزگاری کورد وەک ئێستا ئامادەنەبووە. ئێستا دەورانی گلۆباڵیزمە و لایەنێکی زۆر زەقی گلۆباڵیزمیش گەشەسەندنی شوناسخوازی، خودموختاری خوازی، دیسانترالیزەخوازی، فیدراڵیزم خوازی و پێداگرتن لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنوسی گەلان بەدەستی خۆیانە.
واتە لۆکاڵیزم خوازی. کە واتە ئاسۆی خەباتمان ڕوونە، قەزیەی ئێمە و میللەتەکەمان ڕەوایە، لەگەل شەپۆلی سیاسەتی شوناسخوازی لە دونیادا دێتەوە و وەردەگیرێ و پشتیوانی لێدەکرێ. ئەوە ماوە خۆمان لە مەیداندا بین و خۆمان بۆ سواری شەپۆلە گەورەکان ئامادەکەین بە هیوا و هومێدەوە خەبات بکەین و دڵی یەکتر بدەینەوە، پشتی ڕێبەری بگرین و لەو شوێنەش کە پێویستە ڕەخنەیان لێبگرین.
ـ دونیا جۆرێکی لێهاتووە و هەر لەحزە ئیمکانی هەیە مەسەلەیەکی تەواو لۆکاڵ و مەحەلی، ببێتە مەسەلەیەکی گەورەی نێونەتەوەیی. ئیدی مەسافەت بەمانای فاسیلە نییە.
درەنگ خەریکە لە فەرهەنگی زماندا واتاکەی جارانی نامێنێ. من دوێنێ لە ئوستانی ئۆستفۆلد کارم کردووە تا سەعاتی چوار، شەو لە ماڵێ لە ئۆسلۆ خەوتووم، بەیانی هاتوومە ستۆکهۆڵم و ئەوەتا لە خزمەت ئێوەدا لەو کۆڕەدام و قسەو باسەکانمان لە ڕێگای سەتەلایتەوە لەو ساڵۆنەدا پاش چەند سەعاتی تر ڕاستەوخۆ بۆ هەموو دونیا و خەڵکی کوردستان دەنێرین. بەڵام یەک شت موسەلەمە، ئەویش ئەوەیە دەبێ خۆمان لە خەباتدا بین. لە مەیدانەکەدا بین.
واتە ئیمکانی خەبات و بەربەرەکانێ زۆرە بەڵام دەبێت بتوانین کەڵکی لێوەرگرین.
فەرهەنگی خەباتگێڕانە، ڕۆمانتیزمی ئینقلابی، پێداگۆگی ئازادیخوازیانەمان پێویستن، پێویستە مەسەلەی میللەتەکەمان لە چوارچێوەی ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ و یاسا نێونەتەوەییەکاندا بەرینە پێش. بۆیە دەبێ مافی مرۆڤ و فەرهەنگی مافی مرۆڤ ببێتە بەشێکی هەرەگەورەی سیمانی کاری سیاسی و جەوهەری داخوازەکانمان.
ـ ڕاستە فەعالیەتی نیزامیی ئێمە وەستاوە، بەڵام خەباتی سیاسیی میللەتی ئێمە زۆر چووەتە سەرتر. بە گشتی خەڵکەکەمان وشیارترە، خوێندەوارتر ، وشیارتر و سیاسیتر و چاوکراوەترە. ئاشناترە لە ڕابردوو زیاتر ئاشناترە بە مافەکانی، بە داخوازەکانی، چاونەترسترە، ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە.
بە هەزاران تێکۆشەری مەدەنی و فەرهەنگی و ئەدەبی و سیاسی و مافی مرۆیی لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانێدان، بە هەزاران مامۆستای زانکۆ و موعەلیم و خوێندکار لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، لەسەرتاسەری شارەکانی کوردستاندا، تەنانەت لە تاران و زانکۆکانی دیکەی ئێرانیشدا، پەیامی بزووتنەوەی کورد و پەیامی حیزبی ئێمە دەبەنە پێش.
ئەوانە سەرمایەی گەورەی حیزب و بزووتنەوەن و لێرەوە دەستی هەموویان دەگوشین و سڵاویان لێ دەکەین و توند دە ئامێزیان دەگرین. ئەوانە هەموویان بەشێکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەکەمانن و حیزبی ئێمە هەموویان بە کوڕ و کچی خۆی دەزانێ و چاویان ماچ دەکات.
لەلایەکی دیکەوە کێشەی کورد لە ئاستی ناوچەکەدا دەڕواتە پێش و بۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی، ئەوە بە نۆرەی خۆی شوێنەواری موسبەت لە سەر خەباتی حیزب و بزووتنەوی ئێمەش دادەنێ و گەشبینی و ئۆپتیمیزمان دەداتێ.
پشتگەرمیمان دەداتێ. بەهاری ناوچەکە جارێ هێشتا لە سەرەتادایە و دەگاتە وڵاتی ئێمەش. هیچ دەلیلێک نییە ئێران ببێتە جەزیرەیەکی دوورەپەرێز و سەرەنجام نەکەوێتە نێو ئەو گێژەڵووکەوە. بەڵام دەبێ خۆمان پارامیتر بین و بەهێز بین و لە مەیداندا بین حازر بین بۆ گێڕانی ئەو ڕۆڵە مێژووییەی کەوتۆتە سەرشانی حیزبەکەمان و خۆمانە.
ئێمە حیزبێکی ئێرانی و کوردستانین و دەتوانین لە هەر دوو مەیداندا چالاک بین. هەم مەسەلەی ئێران و هەم مەسەلەی کوردستانیش ئاکتوێل و چالاکن و بۆیە خەباتی ئێمە بێ ڕەبت نییە. مەوزووعیەتی لەدەست نەداوە. حیزبی ئێمە چ لە خەبات بۆ دێموکراسی و چ لە خەبات بۆ مافەکانی کورد دەتوانێ نەخشی گەورەی هەبێت. دەبێ خۆمان بۆ گێڕانی وەها نەخشێک ئامادەبکەین.
ئەگەر ساڵانێکی زۆر حیزبی ئێمە بەتەنیا لەمەیداندا بوو، ئێستا بە خۆشیەوە، بە گەشەکردنی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستان گەلێک هێز و لایەنی دیکەش لە گۆڕەپانەکەدان کە حیزبی ئێمە لە نێو هەموویاندا خاوەنی ڕێز و پرستیژێکی بەرزە و جێگای متمانەی ئەوان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بۆیە ئەگەر وەزعێکی لەبار بێتە پێش، حیزبی ئێمە دەتوانی ببێتە هەوێن و چەتری ئیئتلافێکی بەرینی سیاسی، کە بکرێ بەقازانجی میللەتەکەمان کار بکات. ئەوە نوختە قوەتێکی گەورەی حیزبی ئێمەیە و دەبێ بیپارێزین. واتە دەبێ تێکۆشین هەروا حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بمێنینەوە.
دونیا و مێژوو شاهیدە کە ئێمە لە خەبات و بەربەرەکانێ دەگەڵ دوژمنانی میللەتەکەمان و خەبات لە ڕێی ئازادیدا چەندە ئازا و جەسوورین، دەبێ لە بەرخورد دەگەڵ خۆمان و کەموکوڕییەکانی خۆشماندا، شەهامەتی سیاسی و ئەخلاقی لەخۆمان نیشان دەین. بەڕاستی دەبێ بزانین لەو بارەوە جارێ ماومانە لە خۆمان رازی بین.
لەو خەباتەدا، لەو ململانێیەدا، قەت وەک دوژمن پووڵ و چەک و ئەسلەحە و هێزی مادی و نیزامیمان نابێ، بەڵام بایەخە بەرزە ئینسانییەکان، ئەخلاقی بەرزی سیاسی و شەرافەتمەندانە، بایەخە بەرزە دیموکراتیەکان، ئەخلاقی بەرزی خەباتگێڕانە و داخوازیی عادڵانە، هی ئێمەن و دوژمن ئەوانەی نییە، واتە هیچ مەشروەعیەتێکی نییە. بەو بایەخە بەرزانە و پاراستن و بەهێزکردنیان دەتوانین حیزبەکەمان بە بەرزایی ئاسمانی مەیدانی خەباتدا وەباڵ لێدان بخەین.
ئەو خەباتە سەردەکەوێ. لەو شەڕ و بەربەرەکانێیەدا ئێمە دەیبەینەوە. گرنگ ئەوەیە ئەرکی خۆمان بەڕێوەبەرین و هەرکاممان بە ئەندازەی توانا و زەرفیەتی خۆمان وزە و ئینێرژی بخەینە خزمەت خەبات و بزووتنەوە و حیزبەکەمان.
بۆخەباتیش وەک کاک سەعید دەڵێ چ زۆرن ڕێگا.



# دیپلۆماسیی تێرۆر و دیپلۆماتی تێرۆریست



**شاهۆ حوسێنی**

**بەهۆی شوناسی تایبەتیی کۆماری ئیسلامی و ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکی ئەم دەسەڵاتە، تێرۆر بەشیکی دانەبڕاو لە دیپۆلۆماسیی ئەو ڕێژیمە بووە لە دەرەوە و دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هێزی جێگای متمانە و باوەڕی کۆماری ئیسلامی بوون بۆ ئەم ئەرکە**

ڕێژیمە ئایدولۆژیکەکان فۆرم و تایبەمەندی جیاوازیان هەیە، تاقمێک لەوان ڕێژیمگەلێکی تۆتالیتێری حیزبین بۆ وێنە سۆڤییەتی پێشوو و چینی ئێستا، تاقمێک لەوان ڕێژیمگەلێکی دەرووست بە تاکن، واتە ئەگەر حیزبیش هەبێت، ئەوا لەژێر نسێی قورسی هێژمۆنیی کەسایەتی و شێوە کاریزمایی تاکدا تەنیا فۆرمێکی ڕواڵەتییە، عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن، سووریەی ئەسەدەکان، کۆریای باکوور و.... لەو دەستەیەن، تاقمێک لە ڕێژیمە ئایدولۆژیکەکان بە ئامانج و مەبەستی دیمۆکراتیزاسیۆن و تاقمێک بەمەبەستی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەردەکەون. ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هیچ شێوەیەک وەک فۆرمێک دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی تۆتالیتێر لە هیچکام لەو چوارچێوە و فۆرمە نەزەری و ڕواڵەتیانەدا جێگا ناگرێت. کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی ئادیۆلۆژیک سەرەتا بەرهەمی بازێکی ژێنێتیکی لە خوێندنەوەی ئایینی لەناو قوتابخانەی ئایینی ئێراندایە کە تێکەڵ بە دوو دیاردەی تەواو لە ڕواڵەتدا دژ بە یەک و لە ئامانجدا تەواوکەری یەکتر بووە، یەکەمیان شۆڕشگێڕی لێنینیستی و دووهەمیان فۆندامێنتالیزمی سوونە کە لە لایەن سەید قوتبەوە ئایدۆلۆژیزە کراوە، ئەو بازە ژێنێتیکیە تایبەتمەندی زۆر جیاوازی بە کۆماری ئیسلامی بەخشیوە، گرینگترینیان بێ‌سنووری جینایەتکاربوونی ئەو سیستەمە و تایبەمەندی دووهەم ئەختەبوونی ئەو سیستەمیە لە دەرکەوتنی تێرمیدۆریک و گنخانێتی. کۆماری ئیسلامی نەهاتووە تا مرۆڤ بە ئازادی بگەیەنێت، نەهاتووە تا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەستەبەر بکات، ئەو هاتووە تا مرۆڤی عەبد، یەخسیر و گوێڕایەڵ بۆ بەرەی ئیسلام و شیعە پەروەردە بکات، ئەو باوەڕی بە هیچ سنوورێکی ژێئۆپۆلتیکی ڕواڵەتی نییە و هەموو جیهان بە مەکۆی پەرەی هێژمۆنیی خۆی دەزانێت و شەرعییەت بەخۆی دەدات لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە لەگەڵ دژبەرانی بە شەڕ بێت، لەمەڕ دژبەریش ئەو ڕوانگەیەکی زۆر سادە و ئاشکرای هەیە، هەر کەس لە خزمەت بەرژەوەندی و پەرەی هێژمۆنیی ئەودا بێت بە هەر ئایین و مەسلەکێک ئەوا لە بەرەی ئەودایە و هەر کەس جیاواز بێت لەگەڵ بەرژەوەندی و خوێندنەوەکانی ئەو ئەوا بە هەر مەرام و مەسلەکێک دژبەر و دوژمنی ئەوە و دەبێت لەناو بچێت. ئەم لەناو چوونەش بە دوو شێوەیە هەم لەناوچوونی زەینی و هەم لەناوچوونی ڕواڵەتی، گرینگترین شێوازی لەناوچوونی زەینی و ڕواڵەتیی تێرۆری دژبەرە، ئەم تێرۆرە سەرەتا بە تێرۆری کەسایەتی دەست پێ‌دەکات و دوایی دەگاتە تێرۆری فیزیکی، بۆ وێنە سەرەتا تانەی کوفر، مورتەد، بێ ئیمان، بێ ئەخلاق و بێ بەندوباری لە دژبەر دەدەن و دواییش ئەمە دەبێتە شەرعییەت و حوکم بۆ لەناوبردن و تێرۆری فیزیکی، بۆ وێنە کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی تێرۆری سەعیدی سیرجانی سەرەتا ئەوی وەک کەسیکی مۆرتەد، بێ‌بەندوبار، بە ئەخلاق و موعتاد لە پڕوپاگەندەکانیدا پێناسە کرد و دواییش بە کەپسوولی پێتاسیوم تێرۆریان کرد، یان لەمەڕ تێرۆری سەرکردەی شەهید دکتۆر قاسملوو، دەشێ ئاماژە بە لێدوانی خومەینی بکرێت لە ١٧ ئووتی ساڵی ١٩٧٩ کە کوردەکان بە کافر ناو دەبات و ئەمەش ڕێگر دەبێت لە بەشداریی شەهید دکتۆر قاسملوو لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی مەجلسی خوبرەگان و هەر ئەمەش فتوایەک بوو بۆ هێرشی جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و دواییش تێرۆر کردنی دکتۆر قاسملوو و دکتۆر شەرەفکەندی لە ڤییەن و بێرلین.

بێگومان بەربڵاوترین پێکهاتە لەناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا پیکهاتەی نیزامی و ئەمنین کە سپای پاسداران و وزارەتی ئیتلاعات و حیفازەت ئیتلاعاتی سپای پاسدارن گرینگترین دەور دەگێڕن بۆ هێژمۆنیی ئایدۆلۆژی حکوومەت لە دەرەوە و ناوخۆ.

کۆماری ئیسلامی هەموو پێکهاتەکانیتری بەجۆرێک کردووەتە ژێرمەجموعەیەکی پێکهاتەی نیزامی و ئەمنی. یەکێک لەو پێکهاتانە وزارەتی دەرەوە و دەزگای دیپلۆماسی و دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامین. لەڕاستیدا ئەم وەزارەتخانەیە دەشێ وەک باڵی دیپلۆماتیکی سپای پاسداران پێناسە بکرێت کە ئەرکی تێرۆری دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی لە دەرەوە لە ئەستۆ بووە و بۆ ئەم مەبەستەش کەڵکی لە دیپلۆماتەکانی وەرگرتووە.

بەپێی ئامارێک کە وزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوی کردووەتەوە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەم ڕێژیمە لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتی جیهاندا کردوەی تێرۆریستیی بەڕێوە بردووە و زیاتر لە ٣٦٠ کەسی تێرۆر کردووە. هەڵبەتە ئەمە ئەوانەن کا تا ئێستا ئاشکرا بووە و ڕوون بووەتەوە کە دەستی ئێرانی ڕاستەوخۆ تێدایە، دەنا ئەم ئامارە دەبێت زۆر لەوە زیاتر بێت، بەهۆی ئەوە کە بەشێک لە وڵاتان دۆستایەتی ستراتێژیکیان لەگەڵ ئێران هەیە، بەرژەوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە و ساتوسەودای بەربڵاویان لەگەڵ ئێران هەیە ڕەنگە زۆرجار لەمەڕ کردەوە تێرۆریستییەکانی ئێران بێدەنگیان کردبێت.

بێگومان ئێستاش ڕۆژانە لە هەواڵەکادا دەبیسرێت کە ئێران بە تەمای کردەوەی تێرۆریستی بووە، بەشێک لەم کردەوانە ڕاستەوخۆ بە سەرپەرەشتیی دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامین بۆ وینە هەوڵی ئێران بۆ تەقاندنەوەی کۆبوونەوەی موجاهیدنی خەلق لە پاریس لە ساڵی ٢٠١٨ کە ڕاستەوخۆ بە سەرپەرەشتی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی دەبیری سێهەمی باڵوێزخانەی ئێران لە ئوتریش گەڵاڵە کرابوو و بەشێک لەوان کە دەستی باڵوێز و باڵوێزخانەی تێدایە بەڵام تیمی عەمەلیات ڕاستەوخۆ لە ئێرانەوە دێن، بۆ وێنە تێرۆری شەهید دکتۆر قاسملوو و دکتۆر شەرەفکەندی. یان ئەوەیکە ئێران کەڵک لە تێرۆریزمی نێودەوڵەتی وەردەگرێت کە سەرەداوی هەموو ئەو کردوە تێرۆریستیانەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ باڵوێزخانەی ئێران و ئەوان هاوکاریان دەکەن، ئەم هاوکاریە دەکرێ بە شێوەی پێدانی پاسپۆرتی دیپلۆماتیک لەلایەن وزارەتی دەرەوە بێت، یان هاوکاریی دارایی و دابینکردنی زانیاری لە شوێن و مەبەستی تێرۆر بێت.

دیارە لەپاش هاتنی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و ڕووخانی سەدام، سیاسەتی دەرەوەی ئیران لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لەلایەن سوپای قودسەوە ڕاستەوخۆ بەڕێوە دەبرێت و بۆ وێنە باڵوێزی ئێران لە عێراق و بەشێکی زۆری وڵاتانی ناوچەکە ئەندامانی فەرمیی سپای قودسن و دیارە جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێرانیش بە فەرمی ئاماژەی بە هەواهەنگیی ئەو وزارەتخانەیە لەگەڵ سپای قودس کردبوو.

بە کورتی دەشێ بگوترێ کە بەهۆی شوناسی تایبەتیی کۆماری ئیسلامی و ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکی ئەم دەسەڵاتە، تێرۆر بەشیکی دانەبڕاو لە دیپۆلۆماسیی ئەو ڕێژیمە بووە لە دەرەوە و دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی هێزی جێگای متمانە و باوەڕی کۆماری ئیسلامی بوون بۆ ئەم ئەرکە.

## وێستگە

## پۆششی ئیسلامی یا لەمپەرێک بۆ ئازادی؟



**نووسین: هێمۆ**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە یەکێک لە بەرنامەکانی کاناڵی ٥ی ئێران، بەناو کارناسێکی بواری ژنان باسی لە بابەتێکی گرینگ و هەستیار کرد. ئەم بەناو کارناسە لە قسەکانیدا کە سەبارەت بە پەرەپێدانی «امر به معروف» بوو، ئاماژەی بەوە کرد کە دەبێ ئەم «امر به معروف»ە، بە میهرەبانییەوە ئەنجام بدرێت تاکوو خەڵک گوێگر و گوێڕایەڵی بن، بۆیە لە قسەکانیدا پەرژایە سەر بابەتی پۆشش و وتی پۆششێک کە باش نەبێت، خۆی پەیامێکە بۆ کەسانی نەخۆش کە بتوانن دەست بدەنە ئازاری خەڵکەوە!

لە قسەکانیدا نموونەیەک دێنێتەوە کە گوایە کچێک بە پۆششێکی بە دوور لە عورفی کۆمەڵگای ئیسلامییەوە کە ئەوان پێناسەی بۆ دەکەن، لە سەر شەقام ڕاوەستاوە و چەند پیاوێکیش ئەمەیان کردووە بە دەرفەتێک بۆ ئازاردانی ئەو کچە. هەر بۆیە ئەم بەناو کارناسە وێڕای دوورخستنەوەی ئازاردەران، ڕێنوێنی کچەکەی کردووە کە ئەگەر تۆ لەم کاتە لە شەودا و بەم جلوبەرگەوە لێرە نەبای، ئەوان نەیاندەتوانی ئازارت بدەن و لە ڕاستیدا کچەکەی بە تاوانبار زانیوە و پێی وتووە کە تۆ بە لەبەرکردنی ئەم جلوبەرگە ئەو پەیامەت بەم کەسانە داوە کە دەتوانن ئازارت بدەن!

هەمووومان باش دەزانین کە ئەو جۆرە ئازارانە کە دەچنە چوارجێوەی ئازارەکانی سەرشەقامەوە، جۆرێکی دیار و باو لە توندوتیژییەکانی بەرانبەر بە ژنان بە ئەژمار دێن، لە ڕاستیدا جۆرێک لە توندوتیژییەکانە کە زۆریش لە سەری باس کراوە و دەبێ گرینگییەکی تایبەتی پێ بدرێت، بەڵام ئەوەی کە ژنێک وەکوو کارناسێکی بواری ژنان سەرەڕای زانینی ئەم بابەتە هەستیارە و دەرک کردن بە واقعییەتی کۆمەڵگاکەش دێت و لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا بەم شێوازە تاک لایەنە و بێڕەحمانە ژنان و پۆششی ژنان بە هۆکار بۆ قوربانی بوونیان ناو دەبات بەڕاستی جێگای داخە.

هەمووومان باش ئاگادارین کە لە هەموو جیهاندا و بەتایبەتیش لە ولاتانی دواکەوتووی بە چەشنی ئێراندا، ڕێژەی هەموو جۆرە تاوان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان زۆرە، هەر لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە هەزاران ژن بوونەتە قوربانیی سیستەمی پیاوسالاریی ئایینی و لە دەیان ڕێگای جیاوازەوە غەدریان لێ ئەکرێت و ئازار دەدرێن.

بەڵام لە ڕاستیدا کێشەکە لە کوێیە؟ تاوانبار کێیە و دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە چی بکەین؟

ئەگەر هەر کام لە بەناو پسپۆڕان، کارناسان و شارەزایانی بواری ژنان لە کۆمەڵگای ئێراندا، بە چاوێکی واقعبینانەوە چاویان لە کێشەکان کردبایە و لە جیاتی نوقم بوون لە دنیای بەرژەوەندی خوازی و چاو نوقاندن، ڕاستییەکانیان باس بکردایە؛ بە دڵنیاییەوە زۆربەی کێشەکان چارەسەر دەبوون. لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە خودی ئەم تاکانە کە بەناوی شارەزا و کارناسەوە دێنە سەر شاشەکان و بەم شێوازە سووک باس لە کێشە گرینگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگا دەکەن، تەنیا کەسانێکی بەرژەوەندیخوازی سەر بە دەسەڵاتن کە بە باشیش لە کێشەکان تێگەیشتوون، بەڵام بۆ پڕ کردنی گیرفانی خۆیان، بە باشتری دەزانن کە بە چەواشەی ڕاستییەکان خۆش خزمەتییەکی زیاتر بە کۆماری ئیسلامی بکەن.

ئەگینا هەر ئەم بەناو کارناسەی ڕێژیمی ئێران زۆر باشتر لە هەموو ژنانی نیشتەجێ لەو جوگرافیایەی کە پێی دەوترێ ئێران دەزانێ کە کێشەکە لە شوێنێکی دیکەوە سەرچاوە دەگرێت. کاتێک لە کۆمەڵگای ئێراندا منداڵەکان هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانەوە لەگەڵ هەڵاواردن و جیاکاریی ڕەگەزی بەرەوڕوو دەبنەوە، کاتێک وەکوو دوژمنی یەکتر پێناسە دەکرێن، کاتێک هیچ فێرکارییەک بوونی نییە تاکوو پێیان بڵێت کە جیاوازیی ئێوە تەنیا لە فیزیکی جەستەتاندایە و دەتوانن وەکوو یەک ئازا بن و گەشە بکەن، کاتێک باس کردن لە بابەتگەلی خۆناسین قەدەغە و بڤە ئەکەن، کاتێک لە تەلەفزیۆندا جۆرەکانی توندوتیژی و هەڵاواردن دژی ژنان پەرەیان پێ دەدرێت و لە کۆتاییشدا نەبوونی حیجاب وەکەن بیانوویەک بۆ ئەم دیاردانە، کاتێک گرینگی بە باری گوزەران و ئابووریی خەڵک نادرێت و ڕێژەی هاوسەرگیری کەم دەبێتەوە تەمەنی هاوسەرگیری دەچێتە سەر، کاتێک تاکەکان ناتوانن بە ئازادانە باس لە خواستەکانیان بکەن و ناچار ئەبن لە هەر دەرەتێک بۆ درکاندنی حەز و خولیاکان و هەستەکانیان کەڵک وەربگرن بە دڵنیاییەوە دۆزەکە لەمە باشتر نەبێ.

هەر بۆیە تاوانباری سەرەکی لە بەربڵاوبوونەوە ئەم جۆرە دیاردانەدا نەک نەبوونی پۆششی ئیسلامی بەڵکوو نەبوونی پەروەردەیەکی درووستە کە دەسەڵات ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگی لەم بارەوە هەیە، کەوابوو ئەگەر هەر بەماڵەیەکیش لە پێگەی خۆیا هەوڵ بۆ چارەسەکردن و پەروەردەیەکی باش بدات، دیسان سیاسەتەکانی دەسەڵات ئەتوانێ ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەری هەبێت. بۆیە بە ئاگاداربوون لەوەی کە دەزانین تاوانباری سەرەکی خودی کۆماری ئیسلامی و ئەو پێناسە ناشیرینەیە کە لە ژن و لە ئازادیی ژنانی دەکات، تێدەگەین کە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئاسان نییە، بەڵام ئەمە بە مانای نەلوا بوونیشی نییە، بە دڵنیاییەوە پەروەردەیەکی خێزانیی باش و تەندرووست دەتوانێ کاریگەریی باشی هەبێت و ئەتوانێ ببێتە گەرەنتیەک بۆ دەستەبەربوونی ئازادی و مافەکانی ژنان.

# دەستبەسەر کردنی بە کۆمەڵی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**دیلان هەردی**

دەستبەسەرکردنی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو چەند ساڵەی دواییدا پەرەی سەندووە و لە هەموو شارەکانی کوردستان بە شێوەی بەربڵاو ناوە ناوە خەڵکانێک بە کۆمەڵ دەستگیر دەکرێن یان بانگهێشت دەکرێن بۆ لێکۆڵینەوە.

دیارە لە ڕێژیمێکی تۆتالیتەردا ئەو شێوە ڕەفتارەی حکوومەت بابەتێکی سەیر نیە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە بۆچی کوردستان زیاتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بووەتە ئامانجی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی؟ هەروەها بۆچی لەو ساڵانەی دواییدا ڕێژەی دەستبەسەرکراوان لە کوردستان پەرەی سەندووە و دۆخی کوردستان زیاتر بە ئەمنی کراوە؟

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی حکوومەتێکی تۆتالیتەر ئەوەیە کە هیچ جیاوازییەک و هیچ چالاکییەکی ڕێکخراوەیی تەحەمول ناکا کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیدا نەبێ.

ئەو جۆرە حکوومەتانە هەوڵی یەکڕەنگکردنی کۆمەڵگا دەدەن، بە شێوەیەک کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا لە نێو ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیدا بتوێنەوە. هەر بۆیەش ئەو ڕێژیمانە زۆر هەستیارن بە کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی سیاسی و هەوڵ دەدەن تاک لە هەموو جۆرە بەستراوەییەکی ڕێکخراوەیی و حیزبی تەریک بخەنەوە. تەریکخستنەوەی تاک لە ڕێکخراو و حیزب لە لایەن حکوومەتی تۆتالیتەرەوە پێویستی بە لێک گرێدانی سێ فاکتەر هەیە کە هانا ئارێنت فەیلەسووفی ئاڵمانی چەمکی «دێزۆلاسیۆن» یان «وێرانی»ی بۆ بەکار دێنێ: فاکتەری ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو کۆمەڵگادا بە مەبەستی لەناوبردنی ئازادیی دەرەکی، فاکتەری ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی مێشک شوشتنەوە و لەناوبردنی ئازادیی دەروونی، فاکتەری تەیار کردنی جەماوەر کە بە هۆی لەناوچوونی ئازادیی دەرەکی و دەروونی دێتە ئاراوە.

واتە مرۆڤێک کە لە ژێر دڵەڕاوکێ و ترسدا دەژی و مێشک و بیرکردنەوەشی لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیادا بێ، کەسێکە کە تەنیا بە جەستە بوونی هەیە.

ئەوەش هەمان مرۆڤە کە حکوومەتی تۆتالیتەر دروستی دەکا و لەگەڵ ملیۆنان کۆپی هاوشێوە وەکوو لەشکرێکی بێ گیان بۆ مەبەستەکانی خۆی کەڵکیان لێ وەردەگرێ.

بەڵام ڕێکخستن و چالاکیی ڕێکخراوەیی خاڵی لاوازی ئەو جۆرە ڕێژیمانەن و دەبنە بەربەست لە بەرامبەر جێبەجێ کردنی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە.

هەر بۆیەش ڕێژیمی تۆتالیتەر بەردەوام و خێرا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی هەر جۆرە ڕێکخستنێک دەدا کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە بیروباوەڕی جیاواز لێک گرێ بدا. گرینگ نییە چالاکیی سیاسی بێ یان کاری مەدەنی بێ.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە بۆ چی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەوڵی دروست کردنی فەزایەکی ئەمنی پڕ لە دڵەڕاوکێ و ترس دەدا و تا چەند لێشاوی دەستبەسەر کردنەکان لە کوردستان پەیوەندیی بە کار و چالاکیی ڕێکخراوەییەوە هەیە؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە سەرەتا باسی فاکتەری ترس و دڵەڕاوکێ بکەین کە فاکتەرێکی نوێ نییە و لە سەرەتای شۆڕشەوە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە لە کوردستان خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و هەروەها پێویستە ئەوەش بخەینە ڕوو کە چالاکیی جۆراوجۆری ڕێکخراوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو شوێنێکی ئێران زیاتر بەربەستی لە بەرامبەر جێبەجێکردنی ئامانجەکەی کۆماری ئیسلامی کە تواندنەوەی کوردە لە شوناسی ئێرانی ـ شیعیدا، دروست کردووە.

ئەوەش بووەتە هۆی گوشار هێنان و ترساندن و دەستبەسەر کردنی زیاتری چالاکانی کورد.

> **بە پێی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەی بەرگری لە دێموکراسییەکان کە بنکەکەی لە ئەمریکایە و مانگی ئەپڕیلی ٢٠٢١ بڵاوی کردۆتەوە، ٧٦ لە سەدی کورد لە ئێران شوناسی نەتەوەیی کورد لە سەرووی شوناسی ئێرانی دادەنێن.**
> **ئەوەش دەکرێ وەکوو دەرەنجامی چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیر بکرێ. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوە، حکوومەت هەوڵ دەدا تا ئەو جێگەی بکرێ کورد لە ژێر فەزایەکی دڵەڕاوکێدا ڕابگرێ و جگە لە لەسێدارەدانی چالاکە سیاسییەکانی لایەنگری حیزبە کوردییەکان، چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیش بە جۆرێک بکرێن بە بابەتێکی ئەمنی**

## سەرکوت و دروستکردنی کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ وەکوو ئامرازێک بۆ پاسیڤ کردنی کۆمەڵگا

یەکێک لە فاکتەرەکانی پێناسەی دەوڵەتی مۆدێڕن، بەکارهێنانی هێزە کە دەوڵەت بە تەنیا لەدەست خۆی ناوە. بەڵام دەوڵەتێکی تۆتالیتەر، ئەو هێزە ڕەوایە بە شێوەیەکی نادروست بەکار دێنێ و بۆ سەرکوتی خەڵک کەڵکی لێ وەردەگرێ.

شێوەکانی سەرکوت جیاوازن، وەکوو شێوازی توندو تیژی وەک ئەشکەنجە، لە نێوبردنی فیزیکی و بەکارهێنانی هێزی چەکدار لە دژی خۆپێشاندانەکان و هەروەها شێوازی سزادانی یاسایی، وەکوو چاودێریی پۆلیسی، هەڕەشەی دارایی، دور خستنەوە لە پۆستە حکوومییەکان، ئازاردان و گوشار بۆ سەر خزم و کەسان. کاتێک ئاستی بەکار هێنانی هێز بەرز دەبێتەوە، فۆڕمی پێشگرتن بە کار و چالاکی خۆی دەگوازێتەوە بۆ دروست کردنی کەشی دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن. ئەو ڕێژیمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە دەزانن لە دژی ئیرادەی خەڵک دەجووڵێنەوە، بەو حاڵەش هەوڵ دەدەن ئیرادەی خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا وەکوو هەر ڕێژیمێکی تۆتالیتەر، هیچ چەشنە کۆنترۆڵێک بۆ سنووردار کردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بوونی نیە و بۆ دانپێدانان و وەدەستهێنانی زانیاری لە گیراوان، کەڵک لە ئەشکەنجە وەردەگیرێ. تاکەکان بە بێ ئەوەی تاوانبار بوونیان سەلمێندرابێ، دەستگیر دەکرێن. ئەوەش بە مەبەستی دروستکردنی دۆخێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ لە کوردستان ئەنجام دەدرێ.

دڵەڕاوکێ جیاوازە لە ترساندن، چونکە ترساندن شتێکی کاتییە و زوو تەواو دەبێ، بەڵام دروستکردنی دڵەڕاوکێ و تۆقاندن بە ترساندنێکی بەردەوام دەگوترێ کە کۆتاییەکەی دیار نییە و مرۆڤ لە بازنەیەکی ترسدا زیندانی دەکا و بەردەوام لەگەڵیدایە. ئەو دڵەڕاوکێیە کە بە ناوەندێتی ئایدۆلۆژی ویلایەتی فەقیهـ ئەنجام دەدرێ، بەردەوام لە لایەن حکوومەت و لایەنگرەکانییەوە پاساوی بۆ دەهێندرێتەوە. دەزگای دادوەریی کۆماری ئیسلامی لە جیاتی کردەوەی تاکەکان، مەبەستی تاکەکان سزا دەدا، واتا چالاکان بۆ کردەوەیەک دەستگیر دەکرێن و سزا دەدرێن کە هێشتا ئەنجامیان نەداوە یان بەڵگەیەک بۆ ئەنجامدانی لەبەر دەست نییە، چونکە حکوومەتێکی تۆتالیتەر، لە جیاتی ئەوەی سەرنج بداتە کار و کردەوەی تاکەکان، سەرنج دەداتە بنەچەی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان نەتەوەیی تاکەکان. لە کۆماری ئیسلامیدا، دادگا ئاساییەکان سەربەخۆ نین و لە لایەن ڕێژیمەوە بە سیاسی کراون. ژوان لەنز پێی وایە، ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتداران، ویستی خۆسەپاندن و پاوانخوازی دەسەڵاتداران و ترسی دەسەڵاتداران لە لەدەستدانی دەسەڵات، سێ فاکتەری سەرەکین کە حکوومەتێکی تۆتالیتەر هان دەدەن سەرکوت بکا و کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگادا دروست بکا. لە نەبوونی جێگرەوەیەک لە ناوخۆ بۆ دەسەڵات، ڕێژیمی تۆتالیتەر ناچار دەبێ بە بێ گوێدان بە هیچ ناوەندێکی پارێزەری مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکا و خەڵک لە ئازادییەکان بێبەش بکا. بۆ ئەو جۆرە ڕێژیمانە، ئامانج پاساودەری ئامرازە و هیچ بەربەستێکی یاساییش لە بەرامبەر کار و کردەوەکانیاندا بوونی نییە. کەشی دڵەڕاوکێ لە سەرەتای شۆڕشەوە بە ئیعدامە سەحراییەکان لە کوردستان دەستی پێ کرد و لەو ساڵانەی دواییش بە هۆی زۆربوون و کاریگەر بوونی چالاکیی ڕێکخراوەیی لە کوردستان و بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسیی و وشیاریی خەڵکی کوردستان، هەوڵ دەدرێ ئەو کەشە پڕ لە دڵەڕاوکێیە بە دەستبەسەر کردنی چالاکانی مەدەنی و کولتووری ، زمانی و هەروەها لایەنگرانی بیری نەتەوەیی دووبار ە چڕتر بکرێتەوە.

## چالاکیی ڕێکخراوەیی لە کوردستان وەکوو پاژنەی ئاشیلی دەسەڵات

میشێل فوکۆ پێی وایە، «هیچ دەسەڵاتێک بێ بەرگری نییە». ئەگەر بەرگری هەیە، نیشانەی ئەوەیە کە سووژەکانی دەسەڵات، گوێڕایەڵی لە دەسەڵات ڕەت دەکەنەوە.

سیاسەت و ئامرازە زۆرەملێیەکانی دەوڵەت، هەمیشە لە لایەن تەواوی کۆمەڵگاوە پەسند ناکرێن.

بە پێی ئامارە فەرمییەکان، ئێران دوای وڵاتی چین زۆرترین لە سێدارەدانی تێدا ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەگەر بە پێی ڕێژەی دانیشتوان بێ، لەوانەیە ئێران لە پلەی یەکەمدا بێ. هەروەها بە پێی ئاماری ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، زۆرترین ڕێژەی لەسێدارەدراوەکانی ئێران لە کورد پێکهاتوون. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئاستی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی لە کوردستان بەرزترە.

بە دەیان و سەدان ڕێکخراوی مەدەنی و ژینگەپارێز لە تەنیشت چالاکیی ڕۆژانەیان هەوڵی پەرەپێدانی بیری نەتەوەیی دەدەن. بۆ نموونە لەو ساڵانەی دواییدا چالاکانی ژینگەپارێز، هونەری، سینەمایی، شاعیر و مامۆستاکانی فێرکردنی زمان بوونەتە ئامانجی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و حوکمی قورسیان بەسەردا سەپێندراوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەی دامەزراوەی بەرگری لە دێموکراسییەکان کە بنکەکەی لە ئەمریکایە و مانگی ئەپڕیلی ٢٠٢١ بڵاوی کردۆتەوە، ٧٦ لە سەدی کورد لە ئێران شوناسی نەتەوەیی کورد لە سەرووی شوناسی ئێرانی دادەنێن .

ئەوەش دەکرێ وەکوو دەرەنجامی چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیری لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیر بکرێ. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوە، حکوومەت هەوڵ دەدا تا ئەو جێگەی بکرێ کورد لە ژێر فەزایەکی دڵەڕاوکێدا ڕابگرێ و جگە لە لەسێدارەدانی چالاکە سیاسییەکانی لایەنگری حیزبە کوردییەکان، چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانیش بە جۆرێک بکرێن بە بابەتێکی ئەمنی.

چونکە هەر وەک پێشتریش باسمان کرد، کاری ڕێکخراوەیی خاڵی لاوازی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکانە، هەر بۆیەش کۆماری ئیسلامی تا ئەو ڕادەیە بە چالاکانی کوردستان هەستیارە و هەوڵ دەدا بە جۆرێک ڕێکخستنەکان بخاتە ژێر چاودێرییەوە و دواتر بە پیلانی جۆراوجۆر لە چالاکی بیانوەستێنێ، چونکە لەوانەیە بە پێی یاساکانی خۆی نەتوانێ بە ئاسانی ڕێکخراوێکی سینفی بە شێوەی یاسایی قەدەغە بکا، بۆیە هەوڵ دەدا چالاکەکان دەستبەسەر بکا، یان بیانخاتە ژێر گوشار یان بۆ ماوەیەکی درێژ لە چالاکی بیانوەستێنێ. هەروەها ئەو کەشە پڕ لە دڵەڕاوکێیە لە کوردستان دروست بکا تا کەسانی دیکە هەوڵی چالاکیی سیاسی، کولتووری و ڕۆشنبیری نەدەن و بیری نەتەوەیی لە کۆمەڵگادا بەهێز نەکەن.

## ئــــەنجام

دەستبەسەرکرانەکانی کوردستان لەبەر ئەوە بە شێوەی بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێ، چونکە مەبەست لێی بڵاو کردنەوەی دڵەڕاوکێیە کە ئەوەش بە مەبەستی سنووردار کردن و پێش گرتنە بە چالاکییە سیاسی و کولتووری و ژینگەیی و ڕۆشنبیرییەکان کە بە شێوەی ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی بوونەتە هۆی بەرز بوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان .

بەرز بوونەوەی هەستی نەتەوایەتیش ڕێگرە لە بەردەم پڕۆژەی یەکڕەنگکردنی ئێران و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ناو شوناسی ئێرانی ـــ شیعیدا.

# شێوەی بەدەست هێنانی مافی چارەنووس

خەبات ساڵحپوور



مافی چارەنووس وەکوو یەکێک لە چەمکە سیاسیەکان زاراوەیەکی کۆنی هەیە و ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و سەرەتا وەک زاراوەیەکی سیاسی دەرکەوت بەڵام دواتر شەقڵ و مۆرکێکی یاسایی وەرگرت.
ئێستا چەمکێکی یاساییە و لەیاسای نێودەوڵەتی هاوچەرخدا شوێنێکی دیاریکراوی هەیە و پرەنسیپێکی پابەند و گشتییە. و تەنیا ئەو نەتەوانە دەتوانن داوای مافی چارەنووس بکەن کە مەرج و پێوەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیان هەیە.
ئەو پێوەرانەی کە بۆ نەتەوە دیاری کراوە بریتیە لە: ١:خاکی هاوبەش ٢:زمانی هاوبەش ٣:مێژووی هاوبەش ٤:کلتووری هاوبەش.
هەروەها کۆمەڵە کەسانێک کە دەرد و خۆشی وەک یەکیان هەبووە و ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە وێکچوونیان هەیە لە جیاوازیەکاندا.
مافی چارەنووس یەکێکە لەو چەمکە سیاسیانەیە کە بە درێژایی مێژوو نەتەوە زوڵم لێ کراوەکان و کۆلۆنی کراوەکان هەوڵی بۆ دەدەن بۆ ئەوەی بتوانن سەروەری خۆیان بە دەست بهێنن.
مافی دیاریکردنی چارەنووس بە مانای ئەوەیە کە ئێمەی کورد لە وڵاتێکی ئازاد و سەربەستدا بژین و خۆمان بڕیار بۆ چارەنووسی خۆمان و وڵاتەکەمان بدەین نەک ئەوەی کە نەتەوەیەکی دیکە بێتە وڵاتی کوردستان و بڕیار بۆ کوردستان دەربکات خۆی بە نەتەوەی باڵادەست بزانێت کە لەوەها کاتێکدا نیشان دەدات ئێمەی کورد مافی ئازاد بوونمان لێ زەوت کراوە و ئێمەی کورد بە درێژایی مێژوو هەوڵمان داوە کە داگیرکەر لە خاکی خۆمان وەدەر بنێین و بەردەوام بەرگری چەکدارانەمان کردووە بۆ مافی ئازاد ژیان کردن لە وڵاتی خۆماندا نەک ئەوەی کە هێرش بکەین بۆ وڵاتێکی دیکە.
هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین کە مافی چارەنووس بە سێ شێوە بۆ نەتەوە بندەستەکان دەستەبەر دەبێت کە بریتییە لە : ١:لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا(سەربەخۆیی) ٢:لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵ ٣:لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری).
بەڵام بەداخەوە داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو دانیان بەو داوا ڕەوایەی کورد بۆ مافی چارەنووسی خۆی نەناوە و بەردەوام ئەو مافە گرینگەی نەتەوەی کوردیان ژێر پێ ناوە یان ئەو شۆڕشانەی کە بۆ وەرگرتنی مافەکانی نەتەنەی کورد کە هەر ئەو مافە ڕەوا و ئینسانیانەن کە لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتوون. لە بەندی ٢ی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە کە: هەموو مرۆڤێک مافی ژیان و ئازادی و ئاسایشی شەخسی هەیە.
لە سەردەمی ئەمرۆکەدا دنیا و گۆڕانکاریەکان بەرەو پێش دەچێت ،بەڵام کورد هێشتا لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێ بەرییە و وێڕای ئەوەی کە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە بۆ خەباتی ڕزگاری و سەربەستی و لە دنیای ئەمرۆکەدا دۆخی کورد لە وەزعێکی پڕ مەترسیدایە و شۆڤێنیزمی پان ئێرانیست گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی. شەهید سەلام عەزیزی سەبارەت بەمافی چارەنووس بەڕێزیان ئاوا دەیفەرموو: خەباتی گەلی کورد نەتیجە و دژکردەوەی سرووشتی و لۆژیکی ئەو زوڵم و زۆرەیە کە بە درێژایی مێژوو لێی کراوە. لە دنیادا کەم گەلی مەزلووم هەیە کەبە ئەندازەی گەلی کورد زوڵمی لێ کرابێت و بەش خوراو بێت، هاوکاتیش کەم گەلی مەزلووم هەیە کە بە ئەندازەی نەتەوەی کورد لە دنیادا هەوڵی بۆ ڕزگاری و خەباتی دژی داگیرکەری خۆی دابێت و گەلی کورد دەزانێ کە لە دنیادا هیچ نەتەوەیەک بێ خەبات فیداکردنی ڕۆڵە بە نرخەکانی خۆی ناگات بە ڕزگاری و نابێت مل ڕاکێشن بۆ زوڵم و تەسلیمی ئەمری واقع بن، چوونکە قەبووڵکردنی زوڵم داگیرکەر زۆرتر هان دەدات کە لەسەر کاری خۆی سوور بێت.
بەڵام ئەگەرچی تا ماوەیەک ئەو بۆچوونە زاڵ بوو کە مافی چارەنووس تەنیا وڵاتانی کۆلۆنی ئیستعماری ڕاسپاردە دەگرێتەوە و وڵاتانی ژێر سایەی ڕاسپاردەی نێودەوڵەتی و هەرێمە نائۆتۆنۆمیەکان دەگرێتەوە.
بەڵام گۆڕانکاریەکانی دوای جەنگی سارد و بایەخدان بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی نەتەوەکان دید و تێڕوانینی نوێیان گەڵاڵە کرد و ئیدی تا ڕادەیەک ڕێگە بەو گەل و نەتەوانەش درا کە بڕیاری دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان بدەن .
ئەوە وەک دەروازەیەکی گەورە بوو بۆ ئەوەی ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەژین و لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بێبەشن.
کورد لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست گەورەترین نەتەوەیە کە بە مافی نەتەوایەتی خۆی نەگەیشتووە تەنیا لە باشووری کوردستان، لە چوار پارچەی کوردستاندا ئەویش داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان ئەوەیە کە کوردستان تەنیا لە پارچەی باشووری کوردستاندا زەق بکەنەوە.
نەتەوە زوڵم لێ کراوەکان یەک لە دوای یەک ئازادی بە دەست دەهێنن، بێگومان داگیرکەران ناتوانن پێش بە خەڵکی کوردستان بگرن کە داوای مافی ڕەوای خۆیان نەکەن؛ بەڵام دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کردستان هیچ گوێ نادەن بە خواستەکانی نەتەوەی کورد و هەرکات نەتەوەی کورد داوای مافەکانی خۆی کردووە بە ناردنی سپا و زۆری سەربازی و سەرکوت جوابی داواکارییەکانی گەلی کوردی داوەتەوە.
**پێناسەی مافی چارەنووس** : تاکوئێستا زانایان و شارەزایانی بواری یاسا و سیاسەت لە سەر پێناسەیەک ڕێک نەکەوتوون و هەرکامەیان لە گۆشەنیگای خۆیەوە پێناسەی مافی چارەنووس دەکات. کە لەو بوارەدا ڕێبەری گەورە و ناوداری کورد د.قاسملوو دەفەرمێت: چارەسەری دێموکڕاتیک مەسەلەی نەتەوەیی پێویستی بە ئیحترام دانان بۆ ئەفکاری ئینترناسیۆنالیستە.
نەتەوەی کوردیش مافی هەیە کە وەک زۆر دەوڵەت . نەتەوە لە مافی بەدەستهێنانی چارەنووس کەڵک وەرگرێ تا گەیشتن بە وڵاتێکی سەربەخۆ.
مافی چارەنووس وەکوو یەکێک لە بنەماکانی دێموکڕاسی ئەژمار دەکرێت و هەروەها دیاریکردنی ئەوەی کە نەتەوەکان بە ئازادی چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن و هەروەها لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی چاوەدێری بکەن لە عەرسەی سیاسەتدا.

**مافی چارەنووس بۆ نەتەوەکان چەندین بواری جیاواز دەگرێتەوە کە بۆ نەتەوەی کورد ئەو خەڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە:**

١:خوێندن و نووسین بە زمانی زگماگی
٢:دامەزراندنی دەزگای چاپەمەنیو ئینتشارات بە زمانی نەتەوەیی
٣:هەڵکردنی ئاڵای کوردستان
٤:دامەزراندنی سوپای نەتەوەیی
٥:بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە نێو جوغرافیای سیاسی وڵاتدا.

**مێژووی سەرهەڵدانی مافی چارەنووس :**

زۆرکەس لە شارەزایانی ئەم بوارە پێیان وایە کە سەرهەڵدانی مافی چارەنووس دەگەڕێتەوەب ۆ شەڕی نێوان ئیسپانیا و نیوزلەند لە ساڵی (١٥٦٦تا١٦٠٩زایینی) کە نیوزلەند لە ئیسپانیا جیا بوویەوە و دەوڵەتی نیشتمانی خۆی دامەزراند.
بەڵام زۆر کەس لە شارەزایانی دیکە پێیان وایە کە چەکی مافی چارەنووس لە هەر دوو شۆڕشی ئامرکا(١٧٧٦زایینی) و شۆڕشی فەڕانسی(١٧٨٩زایینی) سەرچاوەی گرتووە.
مافی چارەنووس دوای جەنگی جیهانی یەکەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی.
زۆر کەس بیروڕای وایە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی بەلشویکیی بە ڕێبەری لێنین لە ئۆکتۆبری (١٩٧١زایینی)ڕۆڵی زۆری هەبووە لە زەقکردنەوەی ئەم پرەنسیپە. بەڵام لێنین زۆر پێشتر بیروڕای خۆی لەساڵی(١٩١٤ز)لە نووسینێکدا بە ناوی(مافی نەتەوەکان لە دیاری کردنی چارەنووسیاندا) نووسیوە، هەروەها لە نووسینێکی تر بە ناوی(کورتەی گفت و گۆ سەبارەت بە مافی چارەنووس) نووسیوە. لێنین ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو مافە دەرفەت دەدات کە گەلان لە ژێر سایەی نەتەوەییدا یەک بگرن.
نەتەوەی کوردیش وەک زۆر نەتەوەی تر بەردەوام هەوڵی داوە کە بگات بە ئازادی و ڕزگاری نەتەوەیی، هەر لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بگرە تاکوو دەگات بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بە تیرۆر جوابی داخوازییەکانی کوردیان داوەتەوە؛ بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە باوکی ناسیۆنالیستی کورد واتا سمایل ئاغای سمکۆی شکاک کە بە دژی ڕێژیمی زاڵم و کۆنەپەرستی پەهلەوی هەستایەوە و دەستی دایە شۆڕش و لە کۆتاییدا بە فێڵی وتوویژ بانگیان کردە شاری شنۆ و لەساڵی ١٣٠٩هەتاوی شەهیدیان کرد و شۆڕشەکەیان سەرکوت کرد.
بەڵام کورد بەردەوام بوو لە خەباتی ئازادی خوازانەی خۆی.

**شێوەکانی داوا کردنی مافی چارەنووس:**

**یەکەم:شێوازی ئاشتیانەیە** کە وەک شێوازی شارستانی و سەردەمیانە هەژمار دەکرێت ئەم شێوازە پێوەندی بە ئاستی هۆشیاری و پێشکەوتوویی سیاسی نەتەوەوە هەیە و هەروەها پەیوەندی بە عەقڵیەتی ئەو وڵاتەوە هەیە کە تا چەند پێشکەوتوو سەردەمیانەیە. بۆ نموونە شێوازی داواکردنی مافی چارەنووس لە وڵاتێکی دێموکڕاتیک تەواو جیاوازی هەیە هەتا وڵاتێکی کۆنەپەرەست و شۆڤێنیزم وەکوو ئێران کە بە شەڕ و ئەشکەنجە و کوشتنی کەسانی مافخواز ،وەڵامی داخوازیە ڕەواکانیان دەداتەوە.
ئەو نەتەوەی کە بە شێوەی ئاشتیانە داوای مافی چارەنووس دەکات ، دەبێ لە ئاستێکی گونجاوی هۆشیاری فکری و سیاسی و پێشکەوتندا بێت و خاوەنی دامەزراوە شارەستانیەکانی وەک (حیزبی سیاسی،سەندیکا،ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ومیدیای ئازاد) بێت.
لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش کە ئەو دامەزراوانە چۆن دەتوانن داخوازیەکانی خەڵک بخەنە ڕوو؟
دەبێت ئەو دامەزراوانە لە ڕێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و میدیا و خۆپیشاندانی مەدەنی(نەک بە توند و تیژی)و وتار خوێندنەوە و گفتوگۆ و دانوستاندن و لێدوانی سەرکردە سیاسیەکان خواست و داخوازییەکانی ئەو نەتەوانە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووس بخەنە ڕوو.
دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد چەندین گەل و نەتەوە بە شێوەیەکی ئاشتیانە گەیشتن بە مافی چارەنووسی خۆیان؛ گەلانێک وەکوو:
یوگۆسلاوی(مەکدۆنیا، کرواتیا،بۆسنە ، هەرسک وهتد.)
یەکیەتی سۆڤیەتیش کاتێک هەڵوەشایەوە وڵاتانێک وەکوو:(تورکەمەنستان، ئازەربایجان، گورجستان، قرقیزستان و هتد لێ کەوتەوە.

**شێوازی دووهەمی داوا کردنی مافی چارەنووس شێوەی خەباتی چەکداریە:**

خەباتی چەکداری شێوەیەکی دیکە لە بەدەستهێنانی مافی چارەنووسە بەڵام بە شێوەیەکی توندوتیژ، کە لە وێدا داگیرکەر نایهەوێت دان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کۆلۆنیکراودا بهێنێت، هەر لەبەر ئەوەیە نەتەوەی کۆلۆنیکراو بە بێ ویست و ئیرادەی سیاسیی خۆی دەست دەداتە بەرگری چەکداری بە دژی داگیرکەری خۆی بۆ ڕزگاری لە ژێر دەستی و بە دەست هێنانی مافی چارەنووس .
نموونەیەکی هەرە بەرچاوی ئەم شێوەیە لە بەدەست هێنانی مافی چارەنووس دەتوانی ئاماژە بکەین بە نەتەوەی کورد کە داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی مێژوو ، واتا لەو کاتەوە کە کوردستانیان داگیر کردووە، کوردیان وەکوو ئەوی تر (دیگری ) پێناسە کردووە لە کاتێکدا کە لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئاماژەی ناڕاست بەو مژارە دەکەن کە کوردستان بەشێکی جیانەکراوی ئەوانە(داگیرکەران).
ئێستاکەشی لەگەڵ بێت دوژمنانی کورد نایانهەوێ بڵێن کە کورد بوونی هەیە، لە ڕێگەی زۆرەوە کەڵک وەردەگرن بۆ لە ناو بردنی نەتەوەی کورد کە یەکێک لەو ڕێگایانە سیاسەتی ئاسمیلاسیۆن یان توانەوەیە.
بەڵام تاکوو ئێستا کورد نیشانی داوە کە هەرگیز نەچۆتە ژێر ڕکێفی ئەو نەزمە سەمبۆلیکەوە و هەروەها کورد لە مافی خۆی پاشگەز نەبووەتەوەو نابێتەوە .
دەتوانین ئاماژە بە خەباتی نەتەوەیی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و فتوای خومەینی بە دژی نەتەوەی کورد بکەین کە دوای ئەوەی کە خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشتیانە داوای مافە ڕەواکانی خۆی کردووە سەربازانی کۆنەپەرستی ڕێژیم پۆتین لە بەر بە لوولەی ترسناکی تۆپەکان کاتێک کە لێشاوی ئاگریان لێ دەهاتە خوار ، تەقینەوەی خۆمپارە و بە هەموو چەک و هێزی خۆیان و شەهیدکردنی سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد ویستی جوابی ئەو داخوازیانەی کورد بداتەوە. هەر بۆیە نەتەوەی کورد بۆ وەرگرتنی مافی خۆی دەستی دایە بەرگری چەکداری و هەروەها یاسایی، ابووری، ئەخلاقی وبەتەنیا سیاسی نییە، بەڵکوو پریارێک لە بوون یان نەبوونە و ئەو پرسیارە پەیوەندیدارە بە تەواوی مێژوو.
هەروەها ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی بە پێی بڕیاری (٢٣٢لە١٦ی کانوونی ١٩٩٦)و(٢٣٥لە شوباتی١٩٧٨)دانی ڕەوایەتی خەباتی چەکداری دا هێناوەکە بە پێی ئەو یاسایە دەڵێت: ئەو نەتەوەی کە لە ڕێگەی ئاشتیانەوە نەتوانێ بە مافی چارەنووس بگات و ڕێگەی ئاشتیانەی لێ گیرابێت، خەباتی چەکداری بۆ ڕەوایە وەکوو: شۆڕشی کشمیر، شۆڕشی نەتەوەیی ئەندۆنێزی .
بۆ ئەوەی کە بمانهەوێ لە وڵاتێک مافی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک لەو وڵاتەدا دەستەبەر بێت دەبێ لە چەند شێوە کەڵک وەر بگرین کە یەکێک لەو شێوانە ڕاپرسی گشتییە وەک شێوازێکی ئاشتیخوازانە و دێموکڕاسی خوازانە کە لەم شێوازەدا وڵاتی سەربەخۆ دێت ڕای گشتی وەر دەگرێت. بۆ ئەوەی نەتەوەیەک لەو وڵاتە مافی سەربەخۆیی وەرگرێت یان نەخێر، زۆرینەی دەنگی ڕاپرسییەکە بڕیاردەرە بۆ مافی چارەنووسی ئەو نەتەوەیە.
ڕێگای دووهەم بریتییە لە بڕیاری پەرڵەمانی وڵات(نوێنەرانی هەڵبژێر دراوی کۆمەڵانی خەڵک):
پەرڵەمان ئەو دامەزراوە گرینگەی یاسادانانە کە لە لایەن نەتەوەکان لە ڕێگەی سندووقی دەنگدانەوە ئعتماد بە ئەندامانی پەرڵەمان دەبەخشێت.
ئەو دامەزراوەیە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خەڵک دەکات و نوێنەر داوا داوا ڕەواکانی نەتەوە دەداتە پەرڵەمان و بڕیاراتی گرینگ وەک مافی چارەنووس لە وێدا دەردەکرێت.
لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەپەرڵەمانی هەرێمی کوردستانی باشوور بکەین کە لە ساڵی (١٩٩٢ز)بە ڕاگەیاندنی فیدڕاڵی چارەنووسی خەڵکی هەرێمی کوردستانی دیاری کرد.
هەروەها لە دنیادا زۆر نەتەوە هەن کە هاوشێوەی نەتەوەی کورد لە مێژە خەبات دەکەن بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و سەرکەوتوو بوون بۆ نموونە یەکێک لەو وڵاتانە وڵاتی هێندوستانە کە چارەنووسێکی هاوشێوەی کوردی هەبووە بەڵام بە خەباتی ڕزگاری خوازانەی خۆی توانی بە سەربەستی بگات و پەرڵەمانی ئەو وڵاتە لە ساڵی (١٩٥٦ز) بڕیاری سەربەخۆیی ئەو وڵاتەی دا .
بەڵام کێشەی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان،کیشەی ژئۆپۆلۆتیکی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و داگیرکەری کوردستانەو هەروەها بوونی بەرژەوەندییەکی ئابووری و سیاسەتی زل هێزەکانە لە کوردستان، چوونکە خاکی کوردستان خاکێکی پڕ پیت و دەوڵەمەندە لە بواری سەرچاوە نەتەوەییەکان و کانگاکانی زێڕ و مس وهتد.

سەرچاوە:
شێوازەکانی بە دەست هێنانی مافی چارەنووس
کوردستان و کۆماری ئیسلامی سەلام عەزیزی

# ناسر ساڵحی ئەسڵ:
## لە ئێرانی ئێستادا یەک شت کە بۆ خەڵک زۆر گرینگ نییە و بۆ دەسەڵات زۆر گرینگە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ و جێگرەوە و سیستەمێکی سیاسی بۆ داهاتووی ئێرانە



وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی

دوو ساڵ بەسەر خۆپیشاندانەکانی خەزڵوەری ٩٨دا تێدەپەڕێت، سەدان کەس لە کوردستان و ئێران لەم خۆپیشاندانەدا کوژران و بە هەزاران کەسیش دەسبەرسەر و ئەشکەنجە کران. جینایەتێک خولقا کە ڕێژیمی ئێران هەوڵێکی زۆر دەدات سەرپۆشی بکات.
ئەم بابەتەمان لە وتوویژێکدا لەگەڵ «ناسر ساڵحی ئەسڵ» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە خستووەتە بەرباس کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین:

**-دوو ساڵ بە سەر خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨دا تێپەڕی، خەڵک چون یادی دەکاتەوە؟ ئایا ئەو جینایەتانەی ڕێژیم لە بیری خەڵک دەچیتەوە؟**

دیارە بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە دەبێ ئاوڕێکی کورت لە ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بدەینەوە. نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨، لە باری نێوەڕۆکی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانەوە زۆر گشتگیرترە لەو بەهانەیەی کە بووە هۆی شکڵ گرتنیان. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە نارەزایەتییە لە سەر بنەمای بەهانەکەی کە گرانبوونی بێنزین بوو دەخرێتە چوارچێوەی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانەوە. ئەم جۆرە شۆڕشانە بە بەهانەیەک ساز دەبن، لە سەرەتادا بێ شکڵ و قەوارە و بێ ڕێبەرن بەڵام بە زووترین کات ڕوو لە توندوتیژی دەکەن و بەپێی قەیران و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگا و لە ئەگەری وەڵامنەدانەوەی گونجاوی دەسەڵات دەبن بە بزووتنەوەیەکی بەرینی سەراسەری و شکڵ و فۆرم پەیدا دەکەن. ئەگەرچی نارەزاییەتییەکانی ساڵی ٩٨ی هەتاوی، بە بەهانەی گرانی بێنزین ساز بوون، بەڵام چونکە گەلانی ئێران لەو سیستەمە سیاسییە نارازین و خوازیاریی ڕووخانی ئەو شێوە دەسەڵاتدارییەن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوە بە باشی ئاگادارە کە گەلانی ئێران دژی ئەو سیستەمە دیکتاتۆرەن، هەر بۆیە ئاراستەی نارەزایەتییەکانی بە خێرایی ڕووی لە توندوتیژی کرد. هەروەها چونکە سیستەمی سیاسیی زاڵ و نارەوا بە سەر گەلانی ئێراندا لە لایەک دەستەویەخەی زۆر قەیرانی بنەڕەتیی دەرەکی و نێوخۆییە و لەلایەکی دیکەوە وەڵامێکی گونجاوی بۆ نارەزایەتی و ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلانی ئێرانی پێ نییە، هەر جۆرە نارەزایەتییەک بە سەرکوت و کوشتن و گرتن وڵام دەداتەوە. کەوابوو چونکە گەلانی ئێران لەو سیستەمە بیزارن و خوازیاری ڕووخانی ئەو ڕێژیمەن وهیچ کات جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە بیر ناکەن، خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران بە شکڵێکی دیکە لە کات و شوێنی دیکەدا سەرهەڵدەداتەوە تا گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانی گەلانی ئێران وەدی بێن.

**-سەرکوتی خوێناویی خەزەڵوەری ٩٨چ کاریگەرییەکی لە سەر بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران دانا؟**

بۆ وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ ئاماژە بە دوو خاڵی گرینگی کاریگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی لە گەڵ نارەزایەتییەکانی پێشتری گەلانی ئێران بکەم.
یەکەم ئەوەیکە نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی، تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خستە ژێر پرسیارەوە و دروشمەکانی خەڵکی ڕاپەڕیو دژی باندەکانی ڕێفورمخوازانی حکوومەتی و ئوسولگەراکان بوو. هەر بۆیە لە نارەزایەتییەکان ٩٨ دا ڕیفۆرمخوازەکانی حکوومەتی هاودەنگ بوون لەگەڵ باڵی سەختی دەسەڵات، واتا لەگەڵ ئوسوولگەراکاندا بوون بۆ سەکوتی خوێناوی گەلانی ڕاپەریوی ئێران. هەروەها لە نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران لە ساڵی ٩٨دا ماهیەتی فکر و ڕێوی‌سفەتیی ڕێفورمخوازانی حکوومەتی بۆ گەلانی ئێران زیاتر ئاشکرا بوو.
کە بینیمان دەوڵەتی ڕووحانی نزیک بە ١٥٠٠ کەسی لە خۆپیشاندەران کوشت و بە هەزاران کەسی بریندار کرد و بە هەزاران کەسی تووشی گرتن و زیندان و ئیعدام کرد، یان پەڕیوەی هەندەرانی کردن.
دووهەم خاڵی کاریگەری بەستێنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی تەمەنی بەشداران و خۆپیشاندەرانی ساڵی بوو٩٨ کە لە نارەزایەتییەکاندا بەشدار بوون. بە شێوەیەکی ڕێژەیی زۆرتری بەشداربووانی نارەزایەتییەکانی ٩٨ پێک‌هاتبوون لە تەمەنی ژێر بیست ساڵ و زیاتر تەمەنیان لە نێوان ٢٠ تا ٢٥ ساڵدا بوو. ئەو چینە لاوە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا کە بە شێوەیەکی جەوهەری دوورن لە بەها و نۆرمە دواکەوتووەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و زیاتر لە ژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی جیهانی ئازاد و کلتووری پێشکەوتوو و سەردەمیانەدان. تەبیعەتەن دەبێ چاوەڕوانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسییان بین کە لە دژی نۆرم و هەنجارەکان و سیاسەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕادەپەڕن. کەوابوو کۆمەڵگای ئێران ئیستا، کۆمەڵگایەکی وریا و مافویستە کە لە هەر دەرفەت و هەلکەوت و بەهانەیەک بۆ دەسپێکردنەوەی نارەزایەتییەکان کەڵک وەردەگری بۆ ڕووخانی ئەو سیستمە دیکتاتۆرییە.

**-لە ڕۆژانی ڕابردوودا لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی خۆپیشاندانەکانی٩٨ شەپۆلێکی نوێی دەسبەسەری لە شارەکانی کوردستان رووی دا، ئەم دەسبەسەرییانە لە ڕاستای چ ئامانجێکدان؟**

لە وڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێ بڵێم بە نیسبەت کوردستان بابەتەکە جیاوازە. چونکە لە لایەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دیل هەیە و خەڵکی کورد خاوەن حیزب و ڕێکخراوی خۆیەتی کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە چالاکە و ئەزموون و خەباتی لەمێژینەی هەیە و ئەزموونیشی پەیدا کردووە و پشتیوانییەکی گشتگیری جەماوەریشی لەگەڵە. هەروەها ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێی سەرنجە شێوە خەباتی شار و شاخە، کە لانیکەم لە دەسپێکی ڕاسانەوە توانیویەتی بە شێوەیەکی باش فەزای کوردستان و تەنانەت ئێرانیش بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و هەستی نەتەوایەتی کورد بە زیندوویی رابگرێ و خەباتی جەماوەری شار و شاخ پێکەوە گرێ بدات. وێنەی باشی ئەم یەکگرتووییەی خەڵکی کورد هەر لە ماکۆوە تا ئیلام، لە ساڵانی ڕابردوودا لە بۆنەکاندا بە شێوەی مانگرتنی گشتی و نەورۆزی جامانەکان و ٢٢ی پوشپەڕەکان خۆی نیشان داوە.
خاڵێکی گرینگی دیکە حزووری چینێکی نوێ لە چالاکانی مەدەنی و سیاسییە کە هەم خوێندەوارن هەمیش هۆشیار و هەستیار و ڕۆژانە خەریکن بە شێوەیەکی نەرم پاشەکشێ بە هێڵە سوورەکانی دەسەڵات دەکەن و بابەتە پێوەندیدارەکان بە کورد و مەسەلەی کورد دەوروژێنن و جار جار وەک داواکاری ئاراستەی دەسەڵاتیشی دەکەن.
ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر سەردەمێک سەنگەری ئازادی و ئازادیخوازانی گەلانی ئێران بوو، ئێستا ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسکێکی بەهێزی بزووتنەوەی سەراسەری گەلانی ئێرانە. هەر بۆیە ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی بێڕەحمانە بە ڕاودوونان و گرتن و زیندانیکردنی لاوانی کورد دیهەوێت دوو ئامانج بپێکێ کە لە لایەک خەڵکی کورد لە شارەکان واتە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپاریز بە گرتن و زیندان چاوترسێن بکا و لە لایەکی دیکەوە بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بە بیانووی جیابوونەوەی گەلانی غەیرە فارس، بە لاڕێدا ببا و خەڵکی ناوەندی ئێرانی پێ چاوترسێن بکات. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەوە بە باشی ئاگادارە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەنگەری ئازادی دژی زۆرداریی ڕێژیمە لە ئێراندا و هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک لە هەوڵدایە دەنگی ئەو سەنگەرە و باسکی بەهێزی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بە گرتن و زیندان و ئێعدام کپ بکات.


**-سەرکوت و کوشتار هەتا کوێ مانەوەی ئەو ڕێژیمە گەرەنتی دەکات؟**



بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەتوانین بڵێین، ئەگەر چی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ جێگە و پێگەیەکی ڕەوای لەنێو گەلانی ئێراندا نییە و سیستەمێک و دەوڵەتێکی نارەوا و داسەپاوە و تەنیا دەتوانێ بە زەبر و زەنگ و کوشتار پاریزگاری لە دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بکات. بەڵام بەداخەوە لە ئێرانی ئێستادا یەک شت کە بۆ خەڵک زۆر گرینگە نییە و بۆ دەسەڵات زۆر گرینگە نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ و جێگرەوە و سیستەمێکی سیاسییە بۆ داهاتووی ئێران. لە پەنا نەبوونی ئاڵتێرناتیڤ ئەو شتەی مانەوەی ڕێژیمی گەرەنتی کردووە، هێزی سەرکوت و دەسەڵاتی سەختی ڕێژیم و سەروەت و سامانی نەتەوەیی ئێرانە کە کەڵکی لێ وەردەگرێ بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران. بەڵام لە هەمانکاتدا خاڵی گرینگ ئەوەیە کە کاتێک بەدیل و ئاڵتێرناتیڤی بەهێز ساز بوو و توانی دوورەدیمەنێکی ڕوون لە داهاتوو بە گەلانی ئێران نیشان بدات وردە وردە جەغز و بازنەی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان گەورە دەبنەوە و چینە نوستووەکانی وەک مامناوەندی بە هەموو جۆرەکانیەوە تێوەدەگلێت و ئەم نارەزایەتییانە هەم شکڵ دەگرێ و هەم سەر پەیدا دەکات کە ئەو بەدیلیە و وردە وردە ئەم سازمانی سەرکوتەش لە ئاکامی ئەم گۆڕانکاریانەدا هەرەس دێنێ و ئیدی هیچ گارەنتییەک بۆ مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نامێنێت.

**دنیای دەرەوە چەندە گرینگی بە پێشیلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دەدات و ئەمە چ کاریگەرییەک لە سەر پێوەندییەکانی ئێران لە گەل وڵاتانی ڕۆژئاوایی دادەنێت؟**

دیارە وڵاتانی دێموکراتیک کە باوەڕیان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە، لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکردنی مافە مرۆییەکانی گەلانی ئێران لە ئێراندا بەپێی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی سیاسەتی دەرەوەیان و هەروەها لە ژێر کاریگەریی پێکهاتە و پرۆسەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی هەڵویستیان هەبووە و دەبێت. هەروا کە دەبێنین و دەبیستین کە ساڵانە ڕاپورتی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆمیسیونی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تاوتوێ دەکرێت و ڕێژیمی ئێران بە زۆرینەی دەنگی وڵاتانی دێموکراتیک مەحکووم دەکرێت. لە وەها هەلومەرجێکدا یەکێ لە گەورەترین کێشە و گرفتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سیاسەتی دەرەوە و پێوەندییەکانیدا ئەوەبووە کە ڕێژیمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دێموکراتیک و هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا هاوپەیمانی ستراتێژیکی نەبووە و نییە. بەڵکوو لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و گرووپە تێرۆریستییەکان پێوەندیی و هاوپەیمانی هەیە و ئەو گرووپە تێرۆریستییانە بە دۆستی ستراتێژیی خۆی دەزانێت. ئەو شێوە هەڵسوکەوتە نابەرپرسانەی ڕێژیمی ئێران، چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی ناوچەیی کاریگەریی نەرێنیی لە سەر ئاستی پێوەندییەکانی دەرەوە هەبووە. هەر بۆیە کەمترین بەشداریی لە کۆڕ و کۆبوونەوە چارەنووسسازەکان لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی هەبوو و ڕێژیمی ئێران کاریگەرییەکی لە سەر هەڵویست و سیاسەتگوزاریی جیهانی و ناوچەیی نییە. کەوابوو ڕێژیمی ئێران لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا دۆست و هاوپەیمانی ستراتێژیکی نییە و تەریک ماوەتەوە و ئەوەش لە قازانج و بەرژەوەندی نەتەوەکانی ئێران دایە.
لە وەها بارودۆخێکدا وڵاتێکی وەک ئێران کە لە ئاستی جوگرافیایی و ژێئۆپۆلیتیکدا، یەکیک لە وڵاتە سەرەکی و گرینگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینە، بۆ زیاترکردنی نفووز و بەرزکردنەوەی پێگە و جێگەی ئێرانی داهاتوو لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا، پێویستە سیستەمێکی سیاسی و هەڵبژێردراوی گەلانی ئێران کە باوەڕی بە بنەماکانی دێموکراسی و مافی ڕەوای نەتەوەکانی ئێران هەبێ، دەوڵەتداریی وڵاتیکی گرینگی وەکوو ئێران بکات
هەر بۆیە، دەکرێ لەکۆتاییدا بڵێم، ئازادی و دێموکراسی و دەوڵەتی وڵامدەر، شتێکی ئینسانی و جیهان شمولە و هەموو وڵاتانی دێموکراتیک پشتیوانی بە کردەیی و نێونەتەوەیی لێ دەکەن. کەوابوو سیستەمێکی دێموکراتیک و گەلی شایانی نەتەوەکانی ئێرانە تا ئێرانی داهاتوو چیدیکە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی تەریک نەکرێتەوە.



**عەبدوڵڵا سلێمان ناسراو بە گۆران (١٩٠٤-١٩٦٢) شاعیر و ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسیی کورد بوو.**
**لە هەڵەبجە لەدایکبووە و تا ١٩٣٧ لە خوێندنگە سەرەتاییەکانی ئەو ناوچەیەدا مامۆستا بووە. پاشان چالاکیی سیاسی و ڕۆژنامەوانی دەستپێدەکات و چەند جار دەخرێتە بەندیخانە. لە ١٩٥٢ەوە تا کۆتایی ژیانی لە زۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا وتار و بابەتی دەنووسی و چەند کتێبی هۆنراوەشی نووسیوە. گرینگیی گۆران لەوەدایە کە یەکەم شاعیری نوێی کوردە کە شێوازی عەرووزیی عەرەبی لە شیعری کوردیدا لابردووە و بە شێوازی فولکلۆری کوردی هۆنراوەی نووسیوە.**

هەوری پاییز

لە دەریاوە قەتاری هەوری بارشت کەوتە دووی پێشەنگ
بە سەر سینگی چیادا چۆکی داداوە،کش و بێ دەنگ
بە سەر پایزی زەردا با بە خوڕ بگری، بە کوڵ بگری،
لە سەر ئاخر گەڵا،ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری،
بە خوڕ بگری،بە کوڵ بگری،بە سەر دەشت و دەری وشکا
بە سەر داری گەڵا زەردا، بە سەر پووشا،بە سەر دڕکا،
بە سەر سەرچاوەیی کزرا،بە سەر زیخی چەمی دێما،
بە سەر هەر وشکی پێکا وا لە هاوینی گەرم جێ ما
بەڵی بگری،بە کوڵ بگری،هەتا ئاخر دڵۆپ بگری،
بە گریەی هەوری پایز با نوقم بێ سینەی کزری!
بەفر ئاسۆی بڵند بگرێتە چوارچێوەی بلوورینی،
لە چەم هەڵسێ خوڕەو هاژەی شەپۆلی ئاوی خوێنینی!
دڵۆپی ساردو فێنک با لە سەر دارو دەوەن بڕژێ،
پەپوولەی زەردی ئاڵتوونی لە سەر لق هەڵوەرێ، بپژێ
بەڵێ! بگری هەور،بارانی پایز بێ وچان بگری،
لە سەر باغچەی گوڵێ وا سیس ئەبێ ئاخر چڵی عومری!
بگرمێنێ،تەپ و نم دابکا،بیکاتە شەست،هەرگیز،
نەوەستێ قوڵپی گریانی،نەوەستێ هەورەکەی پایز،
تەبیعەت زەردو ژاکاوە، لە حاڵی گیان کەنشتایە،
نیشانەی ماتەمی پایز لە فرمێسکی درشتایە

پاییز! پاییز

بووکی پرچ زەرد
من مات تۆ زیز
هەردوو هاودەرد
من فرمێسکم، تۆ بارانت
من هەناسەم، تۆ بای ساردت
من خەم، تۆ هەوری گریانت
دوایی نایە دادم دادت
پایز پایز
گەڵا ڕیزانت
هەوری ماتی ئاسمانت
لەبر کزەی بای سەر تەزێن
لە گەڵ گەڵای درەختا ئەژین
بەڵام قورسە زۆر بە جۆشە
دۆزەخێکم کوا لە جۆشە
پاییز! پاییز!
شان و مل ڕووت
من مات، تۆ زیز
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین
ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین
ڤپۆلی باڵدار ئەفرێ بگرین
بگرین... بگرین... چاومان نەسڕین
هەرگیز، هەرگیز

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No :811 • 21 November 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

**دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:**

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، عومەر شەریفی بۆکانی زیندانیی سیاسیی پێشووی خەڵکی شاری بۆکان و دانیشتووی شاری تاران، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، ١٥ هاووڵاتیی کورد بەبێ بەڵگەی یاسایی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شاری بانە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

هەواڵنێری کوردپا لە شاری بانە شوناسی ئەو ١٥ هاووڵاتییە کوردە دەسبەسەرکراوەی بە ناوەکانی: «ڕەفیق، سەلاح، وەفا، کەریم، لوقمان، بێهزاد، ئەبووبەکر، فەرهاد، فەرزاد، ئەحمەد، ئەرسەلان و کامران پزیشکی، سەعید ڕەشیدی، عوسمان محەممەدپوور و جەماڵ مروەتی» ڕاگەیاند.

هەواڵنێری کوردپا لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕایگەیاند: «هێزە ئەمنییەتییەکان بەبێ بەڵگەی یاسایی هێرشیان بردووەتە سەر ماڵی ئەو هاووڵاتییانە لە گوندەکانی نجنێ، چۆمان، کەوپێچ و نەمشێر سەر بە شاری بانە. هێزە ئەمنییەتییەکان لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو هاووڵاتییانە سووکایەتی و توندوتیژییان بەکار هێناوە».

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «مەهدی پارسەنگ» کوڕی «حەیدەر»، تەمەن ٣٠ ساڵ و خەڵکی شاری سەرپێڵی زەهاو سەر بە پرۆژی چوارشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «زاگرۆس ڕەشیدی» کوڕی «سەعید» و خەڵکی گوندی «چۆمان» سەر بە شاری بانە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ارێزگای کرماشان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر، چالاکێکی ژینگەیی بە ناوی «جەهانگیر ساغەرنیا»، تەمەن ٣٣ ساڵ و ئەندامی ڕێکخراوەی ژینگەپارێزانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر، وێنەگرێکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم عەلیپوور» خەڵکی شاری بانە، لەلایەن هێزەکانی تاڵیبان لە وڵاتی ئەفغانستان دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئارمان زاهیدی»، تەمەن ٢٣ ساڵ، کوڕی کەریم و خەڵکی گوندی «پیرعومەران» سەر بە سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و پاش چەند کاتژمێر ئازاد کرا. سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، چوارهاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئارش منبەری» کوڕی حەسەن، «زانیاری منبەری» کوڕی ئەمانوڵڵا، «سەیوان منبەری» کوڕی حیشمەت، و «میلاد منبەری» کوڕی محەممەد، خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە شاری سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، «ئارام مورادیان» خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» سەر بە سنە، پاش ئامادەبوون لە دادگای ئینقلابی سنە دەسبەسەر کرا.

لە درێژەی دەسبەسەرکرانەکان لە شارەدێی «نێ»ـی مەریوان، هاووڵاتییەکی تر بە ناوی «عەبدولڕەحمان ئەشتەک» لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتەوە دەسبەسەر کرا.

سەرلەبەیانیی ئەمرۆ شەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەر، هێزەکانی حکوومەتی ئێران پێنج هاووڵاتیی کوردیان لە شارەدێی «نێ»ی مەریوان دەسبەسەر کرد.

سەرچاوەی ئاگاداری کوردپا شوناسی دەسبەسەرکراوەکانی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: «محەممەد ئەحمەدی کوڕی عومەر، فەرید درەخشانی کوڕی حامد، کەیوان مینوویی کوڕی لەتیف، ئیدریس بەهرامیان کوڕی سەعید و عەبدولڕەحمان ئەفشار کوڕی ڕەزا».

لە درێژەی دەسبەسەرکرانی هاووڵاتییان لە شاری بانە، ڕۆژی هەینی ٢١ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد بە ناوی «عەلی» خەڵکی گوندی «چۆمان» لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

**بانگهێشتکردنی هاووڵاتییان:**

ئیدارەی ئیتلاعاتی بانە، بەرپرسانی کاناڵی تێلێگرامیی ئەو شارەی پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوژرانی «محەممەد خودایی کانیسێف»، کۆڵبەری خەڵکی گوندی «کانیسێف» لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی، بانگهێشت و هەڕەشەیانی لێ کردووە

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، چەند بنەماڵەی چالاکانی سیاسیی کوردی بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کرد و لێپرسینەوەی لەگەڵ کردن.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی خەزەڵوەر، سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەیووب مینایی، جەماڵ عەزیزی و سامان خوسرەوی» خەڵکی گوندی «پیرەومەران»ـی سەقز، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سەقز کران.

ئەفشین حوسێنپەناهی چالاکی مەدەنی، بانگهێشتی لقی دووی لێپرسی دادسەرای گشتی و ئینقلابی شاری سنە کرا.

ئەو چالاکە مەدەنییە بەپێی بانگهێشتنامەکەی کە ڕۆژی سێشەممە ١٨ی خەزەڵوەر وەریگرتووە، دەبێ پێنج ڕۆژ دوای ئەو ڕێکەوتە بۆ دادکۆکی لە تۆمەتی وەپاڵدراوی لە لقی دووی لێپرسی دادسەرای گشتی و ئینقلابی سنە ئامادە بێت.

**ڕاگواستن بۆ زیندان:**

سینا مینایی بۆ یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکان لە ورمێ ڕاگوێزرا

ڕۆژی هەینی ١٤ی خەزەڵوەر، سەلاح شەریفزادە زیندانی سیاسیی کورد خەڵکی شاری بۆکان، پاش تەواوبوونی ماوەی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە بۆ زیندانی خەڵخاڵ

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی خەڵکی پیرانشار بە ناوی «سۆعدا خەدیرزادە» کچی «ڕەحیم»، لە گرتنگەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا

ڕۆژی شەممە ٢٩ی خەزەڵوەر، «ئەرەستوو (ڕەسووڵ) مەلاڕەحیمی»، چالاکی مەدەنیی خەڵکی مەهاباد، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی، دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

. ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، سمکۆ مەعرووفی، چالاکی ژینگەیی و ئەندامی ئەنجومەنی ژینگەیی «وڵات»، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی بۆکان کرا.

**مانگرتن لە خواردنی زیندانی:**

«هوشمەند عەلیپوور» زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی سەردەشت، لە ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی خەزەڵوەرەوە لە نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ دژایەتیکردن لەگەڵ داواکاریی مەرەخەسییەکەی و هەروەها دەستێوەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە لە دۆسیەکەی، مانی گرتووە.

**داسەپاندنی زیندانی بە سەر هاووڵاتییان:**

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فاتمە کەریمی» کچی «یەدوڵڵا» خەڵکی شاری ئیلام، لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سەقز بە سەرۆکایەتی دادوەر «جەواد مستەفایی» بە شێوەی «غیابی» بە ساڵێک زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «چیا ئاغابەیگ پوور»، کوڕی «ئەحمەد» و خەڵکی گوندی «ڕەحیمخان» سەر بە بۆکان، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە ١ ساڵ و ٢ مانگ زیندان، ٧٠ زەربە قامچی و دانی بڕی ٣٠ ملیۆن تمەن سزای نەختی، مەحکووم کرا.

**بێڕێزی بە زیندانییانی سیاسیی کورد:**

بەرپرسانی زیندانی «قەرچەک»ـی وەرامین لەگەڵ زیندانییانی سیاسیی کورد لەو زیندانەدا بە شێوەیەکی نەشیاو هەڵسوکەوت دەکەن و زیندانییانی سیاسیی کورد بە «تێرۆریست» ناو لێ دەبەن.

دادگاییکردنی هاووڵاتییان: ڕۆژی شەممە ١٥ی خەزەڵوەر، کۆبوونەوەی دادگای پێراگەیشتن بە تۆمەتەکانی «مەرزیە غوڵامەیسی، سیروان عەبدوڵلاهی، عەتائوڵڵا ڕەزا ڕەبابی، مەهدی سەیفی، فەردین ڕەحیمی، قانع خاتری و عەلی ئەڵڵاوەیسی»، لە ئەندامانی کەمپینی «ژیانەوەی کوردستان» لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە سەرۆکایەتی دادوەر «سەعیدی» بەڕێوە چوو.

**کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییان بە مین:**

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق لە شاری مێهران سەر بە پارێزگای ئیلام، دوو هاووڵاتی بوون قوربانی.

ئەو دوو هاووڵاتییە ژن و مێردن و هەتا ئێستا شوناسیان ناڕوونە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئاروین شەوکەتی» کوڕی «کەریم»، تەمەن ١٨ ساڵ و دانیشتووی شاری ساحێب سەر بە شاری سەقز، بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری «هەنگەژاڵ»ـی بانە بریندار بوو.


**خۆکوژی هاووڵاتییان:**


ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەریدوون باشتەک»، تەمەن ٢٤ ساڵ، کوڕی یەحیا و خەڵکی گوندی «جەلیلە»ی شاری مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا


لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، دوو ژنی لاوی کرماشانی، بەهۆی ڕەتکردنەوەی داخوازیی هاوسەرگیریی خوازبێنەکانیان، کوژران.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەر، لە دەوروبەری شارەکی «ئاناهیتا»ی کرماشان، ژنێکی لاوی کرماشانی بە ناوی «ئارەزوو ئۆلفەتی» بە تەقەی خوازبێنەکەی کوژرا.

«نیگار ئەحمەدی» تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی کرماشان و دانیشتووی ساری کە خوێندکاری کارناسیی باڵا بووە، دوای چەندجار ڕەتکردنەوەی داخوازیی هاوسەرگیریی خوازبێنەکەی، تەقەی لێ کرا و کوژرا.







لە ڕۆژانی ڕابردوودا ژنێکی خەڵکی پیرانشار بە ناوی «نیشتمان شوجاعی» لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی خەزەڵوەر، لاوێکی تەمەن ١٨ ساڵ، بە ناوی «سرووش ڕەحمانی»، کوڕی فاروق و خەڵکی گوندی «هانەگەرمەڵە» سەر بە بەخشی نەوسوودی شاری پاوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ بە ناوی «ئەلینا سادقی» کچی «ئەمیر» و خەڵکی شاری کامیاران، هەوڵی خۆکوژیی دا.

**کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:**

ڕۆژی دووشەممە ١٧ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کەریم خەندەدار» خەڵکی گوندی «میر شێخ حەیدەر»ی شاری سەردەشت، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا.

**کوژرانی هاووڵاتییان:**

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرهاد زەندی» کوڕی «عێزتوڵڵا» و خەڵکی شاری سنە، بەهۆی تەقەی مەئموورانی هێزە ئینتزامییەکان، گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، ئیتلاعاتی سپای پاسداران، بنەماڵەی دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەسعەد ڕامین» و «داود ڕەحیمی»، خەڵکی گوندەکانی «قاڕنێ» و «چەقەڵ مستەفا»، سەر بە نەغەدەی بانگهێشت کردووە و پێیانی ڕاگەیاندووە کە ئەو دوو هاووڵاتییە لە کاتی دەسبەسەرکرانیان بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیانیان لەدەست داوە.

یەکێک لە نزیکانی ئەو دوو هاووڵاتییە بە کوردپای ڕاگەیاندووە: «هێزە ئەمنییەتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپا بە نیشاندانی وێنەی تەرمی ئەو دوو هاووڵاتییە بە بنەماڵەکانیان وتووە کە ئەسعەد ڕامین و داود ڕەحیمی لە کاتی دەسبەسەرکرانیان، بەهۆی تەقەی هێزە ئەمنییەتییەکانەوە گیانیان لەدەست داوە».

KURDPA